میۆ

جگەرگۆشەکەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئیسترید لیندگرێن

# میۆ

# جگەرگۆشەکەم

**ڕۆمان بۆ منداڵ و مێردمنداڵ**

وەرگێڕانی:

لە سویدییەوە بۆ عەرەبی: فازیل جاف

لە عەرەبی بۆ کوردی: مەحموود زامدار

ناوی کتێب: مێو جگەرگۆشەکەم – ڕۆمان بۆ منداڵ و مێردمنداڵ
نووسینی: ئیسترید لیندگرێن
وەرگێڕانی لە سویدییەوە بۆ عەرەبی: فازیل جاف
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: مەحموود زامدار
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٩٠
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل+ بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٨٨٥ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


بەشەو و ڕۆژ... دەگەڕێ ........ ٧
میرامیس ........ ٢٧
ئەو ئەستێرانەی گوێ بۆ ئاوازەکانت ڕادەدێرن ........ ٣٧
ئەو بیرەی بەشەو قسان دەکا ........ ٤٥
لەنێو جەنگەڵە تاریکەکەدا ........ ٥٩
باڵندەی فرۆسمێنراو ........ ٧٧
لەنێو قووڵترین ئەشکەوتی ڕەشترین چیادا ........ ٩٩
چنگرۆکی ئاسنین ........ ١١٣
شمشێرێکی سامناک ........ ١٢٥
کورم ... میۆ ........ ١٤٣
لەباتی پێشەکی ........ ١٥٩

# بەشەو و ڕۆژ... دەگەڕێ

ئایا کەسێ لە ١٥ی ئۆکتۆبەری پارەوە، گوێی لە ڕادیۆ بووە؟ ئەی کەسێ گوێبیستی قسە و باسی خەڵك بووە کە: لەبارەی منداڵێکی گوم بووەوە دەدوان؟ پۆلیسی ستۆکهۆڵم لە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵەی ناو «بوفیلهێڵم» دەگەڕێ. لە uppland sgatatan-13 وە و لە سەعات شەشی دوای نیوەڕۆی پێرێ لە ماڵ دەرچووە. ئەم منداڵە قژەکەی سوورفەلە و دوو چاوی شینە، پانتۆڕێکی کورتی ڕەنگ بەڕوویی و کراسێکی ژیلەیی لەبەرە و شەفقەیەکی بچووك و سووری لەسەرە. تکایە هەر کەسێ شتێکی لەبارەیەوە دەزانێ، با پۆلیس ئاگەدار بکاتەوە.

بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەك لەبارەی «بوفیلهێڵم ئۆڵسن»ەوە نەگەیشتووە... ئەمەیان دووبارە دەکردەوە... ئەم رازەی «بوفیلهێڵم» هەر لە ئەگەر و مەگەر دایە، چونکە بەیەکجارەکی لە بەرچاو نەما و بزربوو، کەسیش نازانێ لە کوێیە، کەسیش جێگەی نازانێ تەنیا من نەبێ، چونکە من بوفیلهێڵمم.

بەدەسکی مییەوە، دەبوایە «بینکە» ئاگەدار بکەمەوە، چونکە من رموودی بووم و یاریم لەگەڵ دەکرد، ئەمیش هەر لە شەقامەکەی ئێمەدا نیشتەجێیە و ناوی ڕاستەقینەشی «پێنجامین»ە. بەڵام خەڵك هەر بە «بینکە» بانگی

دەکەن، هەروا منیش کەس بە «بوفیلهێلم» ناوم نابەن، بەڵکو بە «بۆسیێ» و بەس. ئێستا من گومم و کەسیش نامناسێتەوە، تەنیا پوورە ئیدلا و مامە سیکستین نەبێ، چونکە تەنیا ئەوان و بەس بە بوفیلهێلم بانگیان دەکردم. مامە سیکستینیشم ببڕ هەی ببڕ بانگی نەکردووم، چونکە بەڕاستی هەر قەت لەگەڵم نەدواوە.

پوورە ئیدلاو مامە سیکستین، لە تەمەنی یەك ساڵیمەوە لە پەسارگای منداڵان دەریان هێناوم و منیان گرتووەتە باوەش. جاران لە پەرسارگەی منداڵان دەژیام. لە بنجدا پوورم دەیویست کچێ بەخاوەن بکا، بەڵام پەرساگ کە کچی تێدا نەبوو. ئەوەبوو منی بەخاوەن کرد، هەرچەند هەردووکیشیان ئەوەندە حەز لە منداڵ ناکەن، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان هەشت نۆ ساڵان دایە، چونکە هەردووکیان لەو باوەڕەدابوون کە من هەرا و قاژوواژ لە ناوماڵدا دەسازێنم و کە بۆ یارییش بچمە دەرەوە، شتی پیس و بۆگەن لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە و جلوبەرگەکانیشم لێرە و لەوێ پەرش و بڵاو دەکەم، قسەم بەدەنگێکی بەرزە و پێکەنینیشم قاقا. ناوە ناوە پوورە ئیدلا دەیگوتەوە: «ئەو ڕۆژەی کە من هاتمە لایان، ڕۆژێکی شووم بوو بۆیان» مامە سیکستینیش بێدەنگ بوو، لە پاشا گوتی: «یاڵڵا دەرچۆ، نامەوێ ئەم دەموچاوەت ببینمەوە».

زۆربەی کاتم لە ماڵی «بینکە» بەسەر دەبرد.. جار ناجاریش باوکی لەگەڵی دەئاخفت و لە دروستکردنی کۆلارەیش یارمەتی دەدا و چەند نیشانەیەکیشی لەسەر دەرگەی موبەق دادەنا، تا درێژایی «بینکە» و نەشونمای لەشی دەسنیشان بکا... ئا گەلێ شتی لەم بابەتە...! زۆر جار بینکە لە تریقەی پێکەنینی دەدا و دەمەوەڕی دەکرد و نەیدەبڕییەوە و جلیشی پەرش و هەر پارچەی لە شوێنێ، کەچی باوکی زۆری خۆش دەویست، هاوڕێیانی بینکەیش بەوپەڕی نوازشتەوە پێشوازییان لێ دەکرا، بەڵام کەس

نەیدەتوانی لەگەڵ من بێتە ماڵمان، چونکە پوورە ئیدلا نەیدەهێشت، مامە سیکستینیش پشتگیری لێ دەکرد و دەیگوت: «ئێمە زۆر ئازارمان بەدەست ئەم منداڵە چەتوونە چەشتووە»

هەندێ جار کە خۆم بۆ نووستن تەیار دەکرد، حەزم لێ بوو باوکی بینکە، باوکی منیش بوایە، بۆیە گەلێ جار دۆش دادەمام کە ئایا کێ باوکی راستەقینەمە، لەبری ئەوەی لەگەڵ پوورە ئیدلا و مامە سیکستیندا بژیم، بۆ لەگەڵ باوکم و دایکم ناژیم.

جارێکیان پوورە ئیدلا پێی گوتم: «گوایە دایکم بەسەر مندا مردووە...» بەردەوامیش دەیگوت: «کەس هیچ شتێ لەبارەی باوکتەوە نازانێ، بەڵام دەتوانی خۆت بزانی کە: ئەو باوکەت چەند نابووت و بێ نموود بووە»،

بەڵام من لە ناخەوە دەمزانی کە: باوکم بێ نموود نەبووە... زۆر ڕقم لە پوورە ئیدلا بوو کە ئەم قسانەم لەبارەی باوکمەوە لێی بیست. لەوانەیە مەسەلەی دایکم ڕاست بێ، بەڵام زۆر لەو قسەیەی پەست بووم کە: گوایە باوکم کابرایەکی نابووت و بێ نموود بووە.

دەم نا دەم لەسەر چارپایەکەم بۆ باوکم دەگریام، تەنیا یەك کەس، ئەویش خاتوو «لۆندین»ی میوەژاتفرۆش بوو، کە دڵنەوازی لێ دەکردم، هەر جارەیش کە بەلای دووکانەکەی ڕەتبوومایە میوەژاتی دەدامێ.

سەرگوزشتەی بزربوونیشم لەو ڕۆژەی مانگی ئۆکتۆبەری پارەوە، هەر لە دوکانەکەی ئەو دەستی پێ کرد.

ئەو ڕۆژە پوورە ئیدلا بۆ چەندین جار پێی گوتم: «چ گێژەبایەکی شووم بوو، تۆی بۆ ئێمە هێنا...» بەر لە سەعات شەشیش بەچەندانێ، داوای لێ کردم بچمە لای نانەواکە و جۆرە کێکێکی بۆ بکڕم کە زۆر حەزی لێ دەکرد. شەفقە سوورەکەم لەسەرناو بۆی دابەزیم.

کە بەلای میوەژاتگاکەی خاتوو لۆندین تێپەڕیم، لەبەردەرگە وەستابوو،

دەستی لە ژێر چەناگەم دا و بەسەراسیمەیی سەیرێکی کردم و گوتی:

– سێوێکت دەوێ؟

گوتم:

– ئەرێ بەخوا، ئەگەر بەزەحمەت نازانی.

سێوە لاسوورەیەکی جوانی دامێ و گوتی:

– تکایە ئەم کارتەم بۆ بەرە سنووقی پۆست.

گوتم:

– بەسەرچاو

چەند وشەیەکی لەسەر کارتەکە نووسی و دایە دەستم و گوتی:

– بای بای بۆ فیلهێلم ئۆڵسن گیان.

پێم سەیربوو ناوی ڕاستەقینەی خۆمی لێ ببیستم، چونکە ئەمیش وەك خەڵکانی تری شەقامەکەمان هەر بە «بۆسێ» ناوی دەبردم.

بەرەو سنووقی پۆستی کۆڵانەکەی تەنیشت، پێم هەڵێنا، ئەو ساتەی کە ویستم کارتەکە بخەمە نێو سنووقەکە، سەرنجم دا: ئەو وشانەی کە خاتوو لۆندین لەسەری نووسیبووی، وەك گڕە ئاگرێ دەدرەوشایەوە، هەر ئەمەیش وای لێ کردم نامەکە بخوێنمەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

«بۆ پادشا!

ناوونیشان: وڵاتی دوور

ئەو کەسەی سەردەمانێ بوو بەدوایدا وێڵ بووی، ئێستا وا بەڕێوەیە و دێ بۆ لات. شەو و ڕۆژ دەگەڕێ و سێوێکی زێڕینیشی بەدەستەوەیە».

لە نامەکە نەگەیشتم، بەڵام جەستەم بەشێوەیەکی سەیر کەوتە لەرزە و دانە چۆقە گرتمی. پتر هەنگاوم هەڵێنا تا نامەکە بخەمە نێو سنووقی

پۆستەکە.

«کێیە ئەو کەسەی بە شەو و ڕۆژ دەگەڕێ؟ ئەی کێ سێوە زێڕینەی هەڵگرتووە؟»

کە سەیری سێوەکەی دەستمم کرد، زێڕ دەرچوو. بەڵێ: سێوێکی زێڕینم لە نێو دەستا بوو. خەریك بوو لە پرمەی گریان بدەم، چونکە هەستم بەتەنیایی و ڤالی دەکرد. بە هەڵەداوان ڕۆیشتم و لەسەر کورسییەکی باخچە گشتییەکە دانیشتم. ئەوێ کەسی تێدا نەبوو، هەموویان بۆ نانی شێوان چووبوونە ماڵەوە. باران نمەی دەکرد و نێوان دار و درەختەکانیش زۆر تاریك و نووتەك. بەڵام توانیم ئەو ڕووناکییەی کە لە پەنجەرەی ماڵی «بینکە»وە دەترووسکا. «بینکە» ببینم کە دانیشتبوو کێك و کولیچەی لەگەڵ دایك و باوکی دەخوارد.

وام هاتە بەرچاو کە: لە پشت هەر پەنجەرەیەکی ترووسکەداردا، منداڵان لەگەڵ دایك و باوکیان دانیشتوون، تەنیا من نەبێ، کە تاکوتەرا لەم چۆڵەوانییە، بە کزی دانیشتووم و سێوێکی زێڕینم لە دەستایە و نەشمدەزانی چی لێ بکەم. بەشێنەیی سێوەکەم لە تەنیشت خۆم دانا و خۆمیش نوقمەساری لێکدانەوە بووم... لە نزیك گڵۆپی شەقامەکە دانیشتبووم و ڕووناکییەکەی بەسەر من و سێوەکەدا پەخش دەکرد، بەڵام هەر ئەو ڕووناکییە، دەرژایە سەر شتێکی تریش کە: لەولا لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، شووشەیەکی بۆشی ئاسایی «بیرە» بوو. لەوانەیە یەکێ لەو منداڵانەی کە دوای نیوەڕۆ لەم باخچەیەدا وازیی کردبێ، چوکڵەدارێکی خستبێتە گەرووی شووشەکەوە. لەوانەیشە فەراژییەکی تر، دوای نیوەڕۆ یاریی لەگەڵ شووشەکە کردبێ.

شووشەکەم هەڵگرت و لە نزیکەوە لێی ڕامام، دیاربوو دروستکراوی فابریقەی ناوداری «ئاوشیلە»ی... شارەکەمان بوو. هەر کە لە خوێندنەوەی

ناوونیشانی فابریقەکە بوومەوە، دیتم شتێ لە نێو شووشەکە دەجوولێ... جارێکیان لە کتێبخانەدا، کتێبی «هەزار و یەك شەوە»م خواست و سەرگوزشتەی ئەو جنۆکەیەم خوێندەوە، کە لە نێو شووشەیەکدا بەند کراوە. بەڵام ئەوبەر لە هەزاران ساڵ لە عەرەبستان ڕووی دابوو، کەچی ئەو شووشەیە، شووشەی ئاسایی ئاوشیلەیە و هیچی تر. بڕوایش ناکەم هیچ جنۆکەیەك لە نێو ئەو شووشانە کە لە شارەکەمان بۆ ئاوشیلە دروست کراوە، بەندکرا بێ... سەرباری ئەوەیش، وا دیاربوو بەڕاستی جنۆکەیەك لە نێو ئەو شووشەیەدایە.

بەڵێ: لە نێو شووشەکە دانیشتبوو، وای بۆ چووم، ئەو دەیەوێ بێتە دەر و ڕەهابێ، ئاماژەیەکی بۆ چوکڵەدارەکەی ناو گەرووی شووشەکە کردو زۆر بە لانەوازییەوەیش تەماشای دەکردم. بەڕاستی من هیچ جۆرە سەربردەیەکم لەگەڵ جنۆکەدا نەبوو، بۆیە زۆر دەترسام چوکڵەکە هەڵپچڕم. کەچی کە هەڵم پچڕی، جنۆکەکە ڕەهابوو، دەستی کردە قریشکە و هەرا و ناڵەیەکی سەیر. پەیتا پەیتا هەڵکشا و داکشا و گەورە بوو، گەورەتر و گەورەتر بوو، تا درێژاییەکەی هەر هەموو خانووبەرەکەی دەورەی باخچەکەی گرتەوە. ئەو ساتە بیرم کردەوە کە: جنۆکە بۆیان دەلوێ بچووك بچووك بن و نێو شووشە بکەنە ژووری خۆیان، لە پاشان وەربچەرخێن و ببن بە فلامەرز و بالایان لە بنمیچەی مالان بەرزتر بێ. کەس نازانێ من چەند دەترسام و هەڵدەلەرزیم... ترس و بیم هەموو دەمارەکانی لەشی داگرتم.

لە پاشان جنۆکەکە لە تەکما کەوتە پەیڤین. دەنگەکەی وەك قریشکەیەك بەهاڕژن بوو، ساتەوەختێ بیرم کردەوە کە دەبوایە: پوورە ئیدلا و مامە سیکستینم ئەم قریشکەیەیان ببیستایە، چونکە هەمیشە پێیان دەگوتم: «تۆ بە دەنگێکی بەرز قسان دەکەی».

جنۆکەکە پێی گوتم:

– مادامەکی تۆ منت لەم زیندانە ڕزگار کرد، بۆیە هەرچیت بوێ بۆتی جێبەجێ دەکەم.

کاتێ کە من سەری شووشەکەم هەڵپچڕی، هیچ ئاوات و ئومێدێکم نەبوو. جنۆکەکە لەوە حاڵیی کردمەوە کە: «دوێنێ هاتووەتە شارەکەمان و چووەتە نێو شووشەکە، تا سەرخەوێ بشکێنێ».

وا دیارە جنۆکە هیچ شوێنێکی خەوتنی بەقەد نێو شووشە پێی خۆش و باش نییە. کاتێ کە ئەم لە نێو جەنگەی خەودا دەبێ، مرۆڤێك دێ و دەمی شووشەکە دادەخا. جا ئەگەر من ئازادم نەکردایە، ئەوا هەزار ساڵ و تا دەمی شووشەکە دادەڕزا، لە نێویدا دەمایەوە. وام بۆ هات جنۆکەکە بەدەنگێکی نزم دەڵێ:

«لەوانەیە شای شکۆدارم لەم کارەم دڵپەست بێ.»

بۆیە بە زات و زاوەرێکەوە لێم پرسی:

– تۆ لە کوێ هاتووی... جنۆکە گیان؟

ساتێ بێدەنگ بوو، ئینجا گوتی:

– من لە وڵاتێکی زۆر دووری هەندەرانەوە هاتووم.

ئەم ڕستەیەی بە دەنگێکی ڕوون و ئاشکرا درکاند. من وای بۆ چووم کە هەورەتریشقە لە نێو گوێچکەما دەهاڕژێ... لە دەنگەکەیدا شتێ خۆی حەشار دابوو، وای لێ کردم حەز بکەم بچمە ئەو وڵاتە دوورە دەستە... هەستم کرد ئەگەر خۆم نەگەیەنمە ئەو وڵاتە، ناتوانم بژیم... قسەی جنۆکەکە بۆ من زۆر توێکڵدار و واتای هەبوو.

دەستم درێژ کرد و گوتم:

– لە تەك خۆت بمبە... تکایە بمگەیەنە ئەو وڵاتە دوورەدەستە، یەکێ لەوێ چاوە چاومە.

جنۆکەکە سەری لەقاند... ئا لێرە کە سێوە زێڕینەکەم پێ نیشان دا، ئاهێکی کرد و گوتی:

– تۆ نیشانەت لە دەستە، تۆ ئەو منداڵەی کە من بەدوایدا دەگەڕام، تۆ ئەو کەسەی کە سەردەمانێکە بەدوایدا دەگەڕێین.

چەمایەوە و منی خستە نێوان دوو دەستییەوە، دەنگی ستران و گرمە و ناڵەی هەورەتریشقەیش ئەو ناوەی تژی کردبوو. باخچە گشتییەکەمان جێ هێشت، باخچە تاریك و مۆنەکە. هەروا ئەو ماڵانەی کە پەنجەرەیان دەترووسکێ و مناڵەکانیش لەگەڵ باوك و دایکیان دانیشتوون و نانی شێوان دەخۆن، کەچی منی بو فیلهێڵم، لە نێو بۆشایی ئاسمان و لە ژێر هەسارەکان بەرزتر دەبوومەوە و زۆر بەرزەفڕ بووین، تا بەسەرکەشە هەورەکانیش کەوتین، لە برووسکە بە لەزتر بووین و لە نێو ژارو ژەنگێکی وادا، کە دەنگەکەی لە گۆڵەی هەورەتریشقە بەشریخەتر بوو... ئەستێرە و هەیڤ و هەتاوەکان لە دەورەماندا دەدرەوشانەوە. سات ناساتێ سەرلەبەری شتەکان، وەك شەوی ئەنگوستەچاوی لێ دەهات، هەندێ جاریش درەخشانێکی زۆر تیژ دەدرەخشا، بەچەشنێ ناچار دەبووم پێڵووم لەسەریەك بنێم.

هەر ئەو ساتە، ئەو قسە تەمومژاوییەی کە خاتوو لۆندین لەسەر کارتەکەی نووسی، هاتەوە یادم: «بەشەو و ڕۆژ دەگەڕێ».

لەناکاوێکا جنۆکەکە دەستی هەڵخست و ئاماژەی بۆ شتێکی دوور و سەوزی سەر ئاوێکی شینی، بەرهەتاوێکی پرشنگدار کرد و گوتی:

– ئێستا دەتوانی وڵاتە دوورەکە ببینی.

هەڵنیشتە سەر شوێنە ژنگارەکە... دورگەیەك بوو لە نێو زەریایەکدا، شنەباکەی بۆزەنی هەزاران گوڵاڵە و گوڵەزەمەقەی دەپەخشاند، لە تەك مۆسیقایەکی فرۆسمێنراوی وادا کە: چریکە و ئاوازەکەی، لە ئاوازی

سەرلەبەری جیهان بەرزتر بوو. لە پاشان لەسەر کۆشکێکی سپی و داخراوی سەر کەناری دوورگەکە هەڵنیشتین. کابرایەك بە هەناسەبڕکێوە لەسەر زێواری ئاوەکەوە بەرەو پیرمان هات. ئەوە پادشای باوکم بوو، هەر کە دیم ناسیم و زانیم ئەمە باوکمە... باڵەکانی بۆ واز کردم و بۆی چووم و تا ماوەیەکی زۆر، توند گرتمییە هەمێز... هیچ کامێکمان متەقمان لە دەم دەرنەچوو.

بەهەموو هێز و پەرتکمەوە باوەشم پێدا کرد و گەردنیم ئاڵاندە نێوان دوو باڵم. پەککو! چەند حەزم دەکرد پوورە ئیدلا، پادشای باوکم ببینێ! ئای کە چەند ڕێکپۆش و جوان لە نێو پۆشاکی ئەڵماس و زێڕ کەفتا خۆی دەنوێنێ. ڕوخساری وەك ڕوخساری باوکی «بینکە» وابوو، بەڵام ئەم لە ئەو جوانتر بوو. زۆر بەزەییم بە پوورە ئیدلا هات کە چۆن باوکمی نەبینیوە، خۆ ئەگەر بیدیایە ئەوا دەیزانی باوکم ئەو پیاوە بێ کەڵکە نییە. پوورە ئیدلام ڕاستی کرد، کاتێ کە پێی گوتم: «دایکم لەسەر من مردووە» ئەو خەڵکە گەلۆرانەی کە لە پەسارگەی منداڵان کار دەکەن، حەزیان نەکردبوو، باوکم لە شوێنەکەم ئاگەدار بکەنەوە.

ماوەیەکی درێژ لێرەدا دەمێنمەوە، ڕۆژانیش بە ئاسوودەیی تێدەپەڕن، هەموو سەر لە ئێوارانێك باوکم دێتە ژوورەکەم و لە تەك مندا خەریکی دروستکردنی کۆلارە کاغزینە دەبێ و لەگەڵم دەدوێ.

لێرە ژیانم زۆر ئاسوودەیە، لەم وڵاتە دوورەدا، بەخێرایی نەشونما و باڵا دەردەکەم. پادشای باوکیشم لەسەر دەرگەی مۆبەقەکە، بەژنم دەپێوێ و هەر مانگەی نیشانەیەك دادەنێ، تا بزانێ باڵام چەندێ هەڵچووە، کە باڵایشی دەپێویم دەیگوت:

– ڕۆڵە میۆ، سوپاس بۆ یەزدان، تۆزێ باڵات دەرکردووە.

هەروا بە دەنگێکی گەرم و ناسك دەیگوت:

– ڕۆڵەم میۆ...!

ئێستا ببڕای ببڕ ناوم بۆسێ یا بوفیلهێڵم نییە.

هەروا باوکی پادشام گوتی:

– نۆ ساڵ بەدوات گەڕام، شەوان خەوم دەزڕا و لە بەردەم خۆمەوە دەمگوت: کوڕم میۆ گیان، من بەتەواوی ناوت دەزانم، ئەی وا نییە؟ ناوزەدکردنم بە بۆسێ و بوفیلهێڵم، هەڵەیەك بوو، لەو هەڵە و ڕووداوانەی بەسەرم هات، کاتێ کە لە شار دەژیام. کەچی ئێستا من ناوی ڕاستەقینەی خۆمم هەڵگرتووە. من باوکی پادشام خۆش دەوێ ئەویش من. حەزیش دەکەم هەموو باس و خواسم بگەیەنمە بینکە، لایشم وایە نامەیەکی بۆ دەنووسم و دەیخەمە ناو شووشەیەك و دەمەکەی بە تەپەدۆر دادەخەم و تووڕی دەدەمە نێو ئەو زەریا شینەی کە وڵاتە دوورەکەی لە هەمێز ناوە، کاتێکیش کە بینکە لەگەڵ دایك و باوکی لە کابینە هاوینییەکەی سەر کەنار زەریا دەبن، لەوانەیە لەو شوێنەی کە بینکە مەلەی تێدا دەکا، شووشەکە لە بەردەمیدا قوت بێتەوە. بەڕاستی ئەمە شتێکی دڵخۆشکەرەیە، چونکە من حەز دەکەم ئەو ڕووداوە سەیرانە کە منی تێدا ژیام بزانێت، کە زانیشی ئاگەداری پۆلیس دەکا و پێیان دەڵێ:

– ناوی ڕاستەقینەی بوفیلهێڵم ئۆڵسن «میۆ»یەو ئێستا بە ساغ و سەلامەتی لەگەڵ باوکی لە کیشوەرە دوورەکە دەژی و هەموو شتێکیش بەدڵی ئەوە.

نازانم چۆن هەموو سەرنویشتەکەم بۆ «بینکە» بنووسم، ئەوەی بەسەر من هات، شتێکی یەجگار ناوێزە و سەیر و سەرپەڕە و بەسەر کەسی دیکەدا نەهاتووە. نەمزانی بە چ شێوازێ، شی بکەم، تا «بینکە» بە باشیی لێی حاڵی بێ. گەلێ هەوڵم دا بیر لە وتەیەك بکەمەوە، تا بەتەواوی سەربردەکانم سەراوەڵە بکاتەوە، بەڵام نەکرا.

حەزم دەکرد بڵێم: شتێکی سامدارم بەسەر هاتووە، کەچی «بینکە» هێشتا هیچ شتێ لەبارەی ئەو وڵاتە دوورە، نازانێ، دەبوایە دەستەیەك بوتڵە شووشەم بۆ بناردایەو تێیدا لەبارەی پادشای باوکم و گوڵستانە خەملێوەکەی و گۆگۆم و کۆشك و میرامیسی سپی و دلارا و هەروا کاتۆی دڵسەختی دەرەوەی شار بدوابام... نەء، بە هیچ کلۆجێ لە سەربردەکانی خۆمی ئاگەدار ناکەمەوە.

سەر لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژمدا، باوکم بردمییە گوڵستانەکەی، سروەیەکی فێنك لە نێو درەختەکاندا باڵەشنەی بوو، ئەو مۆسیقا بەکسپوکۆیەم ژنەفت کە یەکپارچە چرپە بوو، بەڵام لێوڕێژ و ڕوون بوو، دڵی دەگەشاندەوە. باوکم لێی پرسیم:

– دەتوانی گوێ لە ئاوازەی سپی چناری زیوینی من بگری؟

باوکم دەستی لە ناو دەستما بوو، هەرگیز پوورە ئیدلا و مامە سیکستینم دەستیان لە دەستم نەکێشابوو، کەسیش دەستی نەکێشابووە باڵم. هەرئەمەیش وای لێ کردم ئەم گەشتەم زۆر بەدڵ بێ و دەستیشم لە ناو دەستی باوکما بێت، هەرچەندەیش گەورە بووبووم نەشدەلوا یەکێ بێ دەساندەسۆکەم بکا. گوڵستانەکە بە شوورەیەکی جوان هەڵچنرابوو، پادشای باوکم دەرگایەکی لە شوورەکە کردەوە و چووینە ژوورەوە. جارێکیان وا ڕێککەوت لەگەڵ «بینکە» و خانەوادەکەی بچم و لە کابینەکەی سەرکەنار زەریا لەگەڵیان بم. کە زەردەپەڕ ئاوابوو، ماسییەکمان ڕاونا، ئاسمان سوور هەڵگەڕابوو، زەریاش بەتەواوی خامۆش بووبوو، ئەمە لە پاژێکی ئەو ساڵەدا ڕووی دا، کە گوڵە کێویلەکان شکۆفەیان دەردابوو، بەشێکیان لە پاڵ ئەو تاوێرە بەردەی سەر ڕۆخی زەریا و دوور لە کەنداو، تۆقەڵەیان دەرکردبوو. باڵندەی واقواقیش بە چریکەیەکی بەرز دەیچریکاند. لەبەر خۆما گوتم: «هیچ شتێ لە دنیادا بەقەد ئەمە جوان نییە». بەڕاستی من

باڵندەکەم نەدی، چونکە زۆر دوور بوو، بەڵام چریکەکەی وای لیّ کردم تا هەموو شتێکم خۆش بویّ. نەمویست ئەمەیان بە «بینکە» بڵێم، نا بەڵکو هەر بیرم دەکردەوە کە: شتێکی وا و بەرلەمە لە دنیادا نەبووە، بەڵام ئەمەیان بەر لە بینینی ئەم گوڵستانەی پادشای باوکم بوو، بەرلەمە گوڵاڵەی وا بژاردەم نەدیوە، کە چەند بەسرکی، کەروێشکە دەکا و زەمەقە سپییەکەش لەگەڵ سروەدا دەس لەمەلانێیە. بەرلەمە سپی چناری گەڵازیوین و هەڵچووم نەدیبوو، کە لە ئەستێرە دەکات و لەسەر ساپیتەی درەختەکان دەچریسکێتەوە.

کە ئێوارە داهات، ئەو پاسارییە سپییانەم نەدی کە لە ئاسمانی گوڵستانەکەدا هەڵدەفڕین و قەتارەیان دەبەست. بەر لەمیش گوێبیستی هیچ جۆرە ئاوازێکی مۆسیقای وا نەبووبووم کە دەنگەکەی لە درەختی سپی چنارەوە دەردەهات. هیچ ئافەریدێکیش بیستن و بینینی ناو گوڵستانەکەی پادشای باوکمی، نەدیوەو نەبیستوویەتی.

دەستم هەر لە دەستی باوکما بوو، بەتەواوی مەست بووبووم، دەمویست متمانە بەوە بێنم کە: ئەو لە تەك مندایە، ئای! کە چەند جوانیشە هەر بەدووان بین و بەس. باوکم بەکەشارەی دەستی هێواش لە گۆنای دام و گوتی:

– کوڕم میۆ، حەز لەم گوڵستانەم دەکەی؟

نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، چونکە هەستێکی نامۆ دایگرتبووم، خەریکیش بوو خەمێکی قووڵ بمپێچی، بەڵام من خەمگین نەبووم، نا بگرە بەپێچەوانەوە زۆر دڵگوشادیش بووم.

لە پاشا باوکم لەگەڵ باخەوانی گوڵستانەکەی کەوتنە ئاخافتن. من خۆم چووم تا رازی ئەو جوانییە بدرکێنم، هەموو شتێکی ئێرە لەبەر جوانی و بەنگینی، سەرە خولێی پیّ گرتم، وەك بڵێی: شۆك و شیلەی زەنجەفیلم

هەڵقورِاندبێ.

هەردوو قاچم لەبەر شادمانی بەعەرد نەدەکەوتن، تاسەیەکی دوورەندێش (بینکە)ی هێنامەوە یاد، چەند حەزم دەکرد لێرە «بینکە»م لە تەك بوایە، چونکە من پێویستیم بە هاوتەمەنێکی وەك خۆمە تا بەشداریم لەگەڵ بکا. لەوانەیە ئێستا بینکەی کلۆڵ لە باخچە گشتییەکەدا بێ و ئاسمانیش شەستە بارانەی بێ و لە نێو ئەو تاریکییە خاکەسارەدا، لە گرمەی هەورەتریشکە بدا. تازە ئەو جارێکی تر من نابینێتەوە. ئای! بینکەی کلۆڵ چۆن چۆن جاری جاران لەگەڵ یەك گەمەمان دەکرد. لەم گەشتەی گوڵستانی پادشای باوکمدا، ئەلهام بوو بینکەم لەگەڵ بوایە، تەنیا بینکە و بەس و هیچ کەسێکی تر نا. لەوانەیشە خاتوو لۆندنیش، کە هەمیشە نازی هەڵدەگرتم و بەدڵنەوازییەوە لەگەڵم دەجوولایەوە. بەڵام لە هەموو کەس پتر بینکەم لە بیر بوو.

بەئەسپایی لە نێو راڕەوۆچکەیەکی سروەداردا دەڕۆیشتم، چاوم بڕیبووە زەوی و هەستم بەتەنیابالّیی خۆم دەکرد. ئەو سەرەخولێیەم نەما، وەك ئەو کەسەی کە شیلەی زەنجەفیلی هەڵقورِاندبێ، بۆیە بەرەو بەرزتر هەڵمڕوانی. لەپڕ وا هاتە بەرچاوم کە لەو ڕاڕەوەدا مناڵێك دەبینم، وام زانی بینکەیە، بەڵام ئەو نەبوو گۆگۆم بوو، هەرچەندەیش نەمدەناسی، کەچی لێم پرسی:

– ناوت چییە؟

وەڵامی دامەوە:

– گۆگۆم

یەکسەر زانیم ئەوە و چی وای لە بینکە جیاواز نییە، بەڵام ئەم لە ئەو سەنگینتر و دڵنەوازترە. بێگومان بینکە دڵنەواز بوو، هەر لە خۆیشمی دەکرد، بەڵام تاوناتاو دڵنەوازییەکەی نەدەما، چەل ناچەلێکیش دەکەوتینە ململانێ و لە یەك تووڕە دەبووین، کەچی ئەوەندەی پێ نەدەچوو، وەك دوو

هـاوڕێی تـازە، ئـاشت دەبووینـەوە.

هـەرگیز بیرم لـەوە نـەدەکرد، کە کـەسێ هـەبێ و بیـەوێ شـەڕەملانێم لـەگەڵ بکـا، چونکە زۆر دڵنـەوازە. بۆیـە پێم گوت:

– ئـایـا نـاتـەوێ نـاوم بزانـی؟ من بۆسێم، نـانـا من «میۆ»م.

گۆگۆم بـەرپـەرچی دامـەوە:

– هـەر لـەبـەرایـییـەوە دەزانـم نـاوت «میـۆ»یـە، چـونکـە پـادشـای شکۆدار چەندین تـەتـەری نـاردووەتـە سـەرتـاسـەری کیشوەرەکە و موژدەی گـەڕانـەوەی تۆی، بـەهـەر هـەمووان داوە.

سەیرکـەن، بـاوکی پـادشـام بـە دۆزینـەوەی من، زۆر شـادمـان بووە، بۆیـە هـەر هـەموو لایـەکی تێ گـەیـاندووە. ئـەم کـارەی منداڵانـەیـە، بـەڵام کـە ئـەمـەم بیست، جۆرە شـادمـانییـەك دای گرتم. لـە گۆگۆمم پرسی:

– تۆ بـاوکت هـەیـە؟

حـەزیشم کرد بڵێ بـەڵێ بـاوکم هـەیـە، چونکـە بۆ مـاوەیـەکی درێژ هـەستم بـەهـەتیویی کردووە و دەشزانم منـاڵی بێ بـاوك هـەستی چۆنـە.

گۆگۆم گوتی:

– بـەڵێ، بـاوکم هـەیـەو بـاخـەوانی گوڵستـانـەکـەی پـادشـای شکۆدارمـانـە. دەتـەوێ لـەگەڵم بێیت، تـابزانی لـە کوێ دەژیم؟

پێم گوت:

– ئـەمـەم زۆر بـەدڵـە

لـە بـەردەمم و بـەدرێژاییی ڕاڕەوە پڕ لـە شنـە شنی سروەکـە ڕۆیشت، تـا گـەیشتـە دوا سووچـی نـێو گـوڵستـانـەکـە، لـەوێ هـێلانـەیـەکـی سپـی بـەچڵوچێوێکی چڕ و داپۆشراوم بینی، هـەر لـە هـەمـان ئـەو هێلانـەیـەی دەکرد کـە لـە نێو سـەرگوزشتـە ئـەفسانـەییـەکـاندا خوێندوومـانـەتـەوە، هـەندێ گوڵـە

وردیلە لە سەرووی شوورەکە و بانی هێلانەکە، چرۆیان دەرکردبوو، بە ڕەنگێ نەمتوانی بەباشی هێلانەکە بەدی بکەم. پەنجەرەکانی وازبوون و پاسارییە سپی کێویلەکان بەئازادی دەچوونە ناو و دەردەچوون و پەرەوازەیان دەکرد. لە دوورەوەش و لە تەنیشت شوورەکە مێز و کورسییەکەم بینی، پوورەی هەنگ شیلەی شیرینی گوڵیان هەڵدەمژی، لە دەوری هێلانەکەش دارەگوڵینە تەڕچکەکان، لە پاڵ درەختی سپی چنار و شەنگەبیدا هەڵتۆقیبوون.

دەنگێ لە لای موبەقەکەوە هات:

– گۆگۆم، چییە نانی شێوانت لە بیرکردووە؟

ئەمەیان دەنگی دایکی گۆگۆم بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە هاتە بەردەرگە. هەر لە خاتوو لۆندینی دەکرد، بەڵام ئەم لە ئەو ناسکتر نەبوو، دووچاڵی قووڵ و جوان سەر ڕوومەتیان نەخشاندبوو، دەستی خستە ژێر چەناگەم، وەك ئەوەی خاتوو لۆندین کە پێی دەگوتم:

– بای بای بوفیلهێلم ئۆڵسن، بای بای

دایکی گۆگۆم ڕووی تێ کردم گوتی:

– چۆنی چۆن میۆ؟ دەتەوێ لەگەڵ گۆگۆم نانی شێوان بخۆیت؟

وەڵامم دایەوە:

– بەڵێ، تکایە زۆر حەز دەکەم، ئەگەر بەزەحمەتی نازانی.

گوتی:

– وەی بەسەرچاو زۆریشم پێ خۆشە.

من و گۆگۆم لە نێو باخچەکە و لەسەر خوان دانیشتین و دایکی قاپێکی گەورەی لە کولیچە و هەرزنی بەمورەبای هەنجیری لەگەڵ دەفرێکی پڕ لە کرێمی شیرین و ناسکی بۆ هاوردین، بەدووان دەستمان بەخواردن کرد، تا

تێر و تەژی بووین، ناوەناوەش سەیری یەکتریمان دەکرد و دەخنداینەوە: زۆر زۆر کەیفم بەبوونی گۆگۆم خۆش بوو. چۆلەکەیەکی سپی هات و بەدەنووکەکەی پارچە کولیچەیەکی لە قاپەکەی من فڕاندو هەڵفڕی، بەم دیمەنە زۆر پێ کەنیم. لەم ساتانەدا دیم وا پادشای باوکم لە تەك باخەوانی گوڵستانەکە بەرەو ئێمە دێن. یەکانسەر ترسێك دای گرتم: لەوانەیە باوکم رازی نەبێ من لەگەڵ گۆگۆم نان بخۆم... دامە قاقای پێکەنین. نەشمزانی باوکی پادشام ئەوەندە بە ڕووخۆشی و خۆشەویستییەوە، بە پێکەنینی من شادمان دەبێ. ئەوەبوو باوکی پادشام وەستا و کە منی دی گوتی:

– کوڕم میۆ، تۆ پێ دەکەنی؟

کە وەڵامم دایەوە، وام دەزانی باوکی پادشام لە پێکەنین پەست دەبێ، هەروەك چۆن مام و پوورم پەست دەبوون.

باوکی پادشام گوتی:

– پێکەنە و لە پێکەنینەکەت بەردەوام بە.

ئاوڕێکی لە باخەوانەکە دایەوە و شتێکی سەیری پێ گوت:

– من حەز لە جریوە جریوی چۆلەکە و لە مۆسیقای درەختی زیوینی سپی چنار دەکەم، بەڵام هەموویان سەرپەڕتر، حەزم لە پێکەنینی کوڕەکەمە لەم گوڵستانەدا.

بۆیە هەر لە یەکەم جارەوە بۆم ڕوون بووەوە، کە دەبێ لە باوکی پادشام نەترسم، چونکە هەمیشە بەچاوی پڕ لە میهرەوە تێم دەڕوانی، هەروەك ئێستا ڕوانی. ڕاوەستا و دەستی خستە سەر شانی باخەوانەکە و چۆلەکە سپییەکانیش لە دەورەیدا هەڵفڕ هەڵفڕیان بوو. کە لە قسەی باوکم گەیشتم، تەزووی کامەرانییەکی بەربڵاو دای گرتم، کە لە ژیانمدا کامەرانی وام نەدیوە، ئەوەندە خۆشحاڵ بووم ئاوڕم دایەوە و لە قاقای پێکەنینم دا، هەر هەموو چۆلەکەکان هاژواژ بوون... گۆگۆم هەر وای دەزانی هێشتا من بەو

چـۆلـەکـە درزە پـێ دەکـەنم کـە پـارچـە کـولـیـچـەکـەی ڕفـاند، بـۆیـە ئـەمـیش سەرلەنوێ دایە تریقەی پێکەنین، هەروا باوکی پادشام و باخەوان و دایکی گۆگۆم، بەڵام نەمدەزانی ئەوان بەچی و بۆچی پێ دەکەنن، من بۆیە پێ کەنیم تا باوکم دڵی خۆش بێ.

کە من و گۆگۆم لە خواردن بووینەوە، پیاسەیەکمان لە نێو گوڵستانەکە کـرد و لـەسەر مـێرگـوڵـە سەوزەکـانـیش تـلـۆر دەبـوویـنـەوە و لـە نـێو چـڕە چقڕکەشدا چاوشارکێمان دەسازاند، گەلێ شوێن بۆ خۆشاردنەوە هەبوو، ئەگەر لە باخچە گشتییەکەدا، دەیەکی ئەم شوێنە ونکێیانە بوایە، ئەوا لەگەڵ «بینکە» چاوشارکێم ساز دەدا، مەبەستم بینکەش چاوشارکێی لەگەڵ ساز دەدام. بەر لەمە هیچ جێگەیەکم لە باخچەی گشتیدا نەدیوە، تا خۆمانی تێدا بشارینەوە و ئێستاش نامەوێ بگەڕێمەوە ئەوێ، سوپاس بۆ یەزدان.

تاریکی باڵی ڕەشی کێشا و تەمومژێکی شینی تەڕچکیش گوڵستانەکەی تەنییەوە، چۆلەکەکان لە جیکە و جریوە کەوتن و چوونەوە هێلانەکەی خۆیان، هەروا درەختی سپی چنارەکەش. باڵندەیەکی ڕەشی زل و کەتە لە پەنا و پەسارێکی لاتەریکا هەڵنیشت و دەستی کردە چریکاندن، چریکەکەی ئەو لە تێکڕای چریکەی چۆلەکە سپییەکان جوانتر و شیرینتر بوو، وا دیار بوو ئەو تەنیا هەر بۆ من دەیچریکاند، هەرچەندیش من حەزم نەدەکرد گـوێی بـۆ شل کـەم، چـونـکـە چـێڕۆکـەکـەی تـاراندمـی و شەو سۆی خستـە گیانمەوە.

گۆگۆم گوتی:

– ئێوارەیە و شەویشی بەدواوە دێ و دەبێ بگەڕێمەوە ماڵ.

پێم گوت:

– تـکـات لـێ دەکـەم مـەڕۆ، چـونـکـە نـامـەوێ بـەتـەنـیـا گـوێ لـەم ئـاوازە خەمگینە بگرم.

ئاماژەم بۆ باڵندە ڕەشباوەکە کرد و ناویم لە گۆگۆم پرسی.

لە وەڵاما گوتی:

– نازانم، من هەر بە باڵندە خەمگینەکەی ناو دەبەم، چونکە ڕەنگی ڕەشباوە، بەڵام لەوانەیە ناوێکی تری هەبێ

گوتم:

– من خۆشیم ناوێ.

گۆگۆم هەڵیدایە:

– من خۆشیم دەوێ، چونکە ئەم باڵندە خەمگینە دوو چاوی زۆر خومار و جوانی هەیە. ئینجا گوتی:

– ئێوارەت باش میۆ گیان

بە پەلە پەل، پێی هەڵگرت و بەرەو ماڵ بووەوە.

باوکی پادشام لە تەکمەوە وەستابوو، دەستمی خستە ناو دەستی و لە گەڕانەوەماندا، سووکە گەشتێکمان لە نێو گوڵستانەکەدا کرد. باڵندە خەمگینەکەش هەر دەیچریکاند، بەڵام چونکە من لە تەك باوکی پادشام دابووم، چریکاندنەکەی ئەوەندە ئازاری نەدام، نا بەڵکو بە پێچەوانەوە حەزم دەکرد لە چریکەکەی بەردەوام بێ، دوا شتێکیش کە بەر لە چوونە نێو باخەکە بینیم، شەقژنی ئەم باڵندە خەمگینە بوو بۆ پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان، ئا لەو ساتەدا سێ ئەستێرۆکەم بینی کە دەپرتان و دەدرەوشانەوە.

***

# ميراميس

حەز دەکەم ڕای «بینکە» بزانم، ئەگەر لوا ئەسپە سپییە پۆپینە زێڕینەکەم ببینێ میرامیسی ئەسپم، بە خۆی و سم و پۆپینە زێڕینەکەی... هەردووکمان من و بینکە ئەسپمان زۆر خۆش دەویست، ئەم و خاتوو لۆندین تاکە برادەرم بوون کاتێ کە لە گەڕەکی ئەپلاند دەژیام.. برادەرێکی دیکەشم هەبوو، لە بیرم نەبوو ناوی بێنم کە ئەویش «کالە پۆنت» بوو، کە پیرە ئەسپێك بوو لە کارگەی «بیرە» کاری دەکرد، گالیسکەی ڕاگوێزانی بیرە لە حەفتەیەکدا دوو جار بوو، تا بیرە بەسەر دووکانەکانی سەر شەقامی ئەپلاند دابەش بکا. سەرلەبەیانی زوو، ئامادەکرا، یانی: ئەو وەختەی کە من دەچوومە قوتابخانە، لێم بووبوو بە خوو، دەرفەتم دەدۆزییەوە تا نەختێ لەگەڵ کالە پۆنت بدوێم.

پیرە ئەسپێکی زۆر بەوەفا بوو، کلۆ شەکر و پارچە نانم دەخستە دەمییەوە، بینکەش وەك منی دەکرد، چونکە کالە پۆنتێی خۆش دەویست. گەلێ جار لەسەر کالە پۆنت لە یەك دەکالاین، بەلام کە بینکە لەوێ نەبوایە، دەمچرپاندە گوێچکەی کالە پۆنت و پێم دەگوت:

– سەرەڕای ئەمەیش تۆ هەر ئەسپی خۆمی.

وا دیاربوو لە چرپەکەم دەگا و سەرم بۆ دەلەقێنێ. بینکە دایك و باوکی هەبوو، بۆیە بەقەد بێکەسێك ئەوەندە بەتەنگ ئەسپەوە نەبوو، بۆیە ڕەوا بوو کالە پۆنت ئەسپی من بێ، نەك بینکە... خۆ ئەگەر ڕاستیشتان دەوێ،

بەوەکات کالە پۆنت ئەسپی هیچ کامێکمان نەبوو، بەڵکو هینی خاوەن کارگەی «بیرە»کە بوو، کەچی ئێمە وامان لە قەڵەم دابوو گوایە: ئەسپی ئێمەیە. لە لایەن منیشەوە ئەوا من زۆر موکوڕبووم کە بەڕاستی کالە پۆنت ئەسپی منە و بەس. هەندێ جار و بۆ ماوەیەکی چاك لەگەڵ کالە پۆنت دەدوام و لە دەوامی قوتابخانە دوا دەکەوتم، کە مامۆستا ئافرەتەکەش لە ئەنگێزەی دواکەوتنمی دەپرسی، ئەوا نەمدەزانی چی بڵێم، زۆر نەنگە و ناکرێ بە مامۆستا بڵێی گوایە: تۆ لەبەر پیرە ئەسپێکی خاوەن کارگەی «بیرە» دواکەوتوویت. هەندێ جار بەیانییان گالیسکەی ڕاگوێزانی بیرە، دوا دەکەوت، ناچار دەبووم بە ڕاکەڕاك بچمە قوتابخانە و کالە پۆنتیش نەبینم، بۆیە زۆر لە ئەسپەوانی خاوەن کارگەی ئاوشیلە تووڕە دەبووم، چونکە دوا دەکەوت. کە لەسەر تەختەی پۆلیش دادەنیشتم، کلۆ شەکر و پارچە بانە وشکەی نێو گیرفانم ورد ورد دەکرد و بیریشم هەر لە لای کالە پۆنت بوو. یادی ئەو ڕۆژە ڕابردووانەیشم دەکردەوە، کە کالە پۆنتم تێدا نەدیوە. ئەوسا مامۆستا لێی دەپرسیم:

– بۆسێ بۆ وا ئاخ هەڵدەکێشی؟ چی وا خەمباری کردووی؟

وەڵامم نەدەدایەوە، باشە چیم پێ بوتایە؟ چونکە ببڕای ببڕ مامۆستا لە خۆشەویستییەکەی من بۆ کالە پۆنت حاڵی نەدەبوو. لام وایە ئێستا بینکە تەنیایە، شتێکی چاکیشە بۆ بینکە، تا لە جیاتی من ئەو ببێتە خاوەن و هاودەمی کالە پۆنت و منیش میرامیسی ئەسپی پۆپنە زێڕینەم هەیە، کە ئاوا دەستم کەوت: ئێوارە وەختانێك بوو، کە من و پادشای باوکم لە تەك یەك بووین و چەندین کۆلارە کاغزینەمان دروست دەکرد و لەگەڵ یەکتر دەدواین. «هەروەك ئەوەکەی بینکە و باوکی ئەئاوا». من لەبارەی کالە پۆنتەوە قسەم دەکرد، یەکسەر گوتی:

– کوڕم میۆ، تۆ ئەسپت خۆش دەوێ؟

– بەڵێ باوەڵێ وەك بڵێی

لام وایە مەبەستم بوو، بڵێم زۆر خۆشم ناوێ، بەڵام نەمویست باوکی پادشام وا بزانێ کە من شتێ لەمە زیاتر کە هەمە، داوا دەکەم.

بۆ ڕۆژی دوایی، کاتێ کە لە نێو گوڵستانەکە بووم، ئەسپێکی سپی و ڕەهوان، بەرەو ڕووم هات، من هەرگیز ئەسپی وا ڕەهوانم نەدیبوو، پۆپنە زێڕینەکەی پڕوپۆڵ بووبوو، سمە زێڕینەکانیشی لە بەردەم ڕۆشنایی خۆر لە تریسکەی دەدا. بەلۆق هەڵێنان بەرەو ڕووم هات و زۆر بەتوندیش دەیحیلاند، بەر لەم هەرگیز حیلاندنی ئەسپێکی تری وام نەبیستبوو، ترسام و خۆم بە باوکی پادشامەوە ئاوێزاند، کە بەدەستە بەهێزەکانی توند پۆپنە زێڕینەکەی گرتبوو. یەکانسەر ئەسپەکە داسەکنا و دەمی خستە نێو گیرفانم و بەدوای کڵۆ شەکر دەگەڕا– وەك کالە پۆنت دەیکرد ئەئاوا–. ئەوەی جێی حەپەسان بوو، بەرێککەوت کڵۆ شەکرێ لە نێو گیرفانی خۆم دانابوو، ئەو دۆزییەوە و کرماندی.

باوکی پادشام گوتی:

– کوڕم میۆ، ئائەمە ئەسپەکەتە و ناویشی میرامیسە.

هە هە... لە میرامیسی ئەسپم! هەر لە یەکەم چرکەوە کەوتە بەردڵم و خۆشم ویست، وێدەچێ کە ئەمە جوانترین ئەسپێ بێ لە هەموو جیهاندا، هەرگیز لە کالە پۆنت ناکا، کالە پۆنتی پیر و کەفتەکار. من هیچ وێکچوونێکم لە نێوانیاندا نەدی. تەنیا ئەو ساتە نەبێ. کە میرامیس کەللەسەرە چاخوچڵەکەی بەرز کردەوە و تێم ڕوانی، ئەو ساتە خرۆگز، زانیم کە چاوی لە چاوەکانی کالە پۆنت دەچێ، دوو چاوی پڕ لە میهر و وەفا. لەبەر خۆمەوە گوتم:

«بەر لەمڕۆ قەت سواری ئەسپ نەبوویت!؟».

باوکی پادشام گوتی:

– کوڕم میۆ، چییە بۆ زات ناکەی؟

خۆم هەڵدایە سەر پشتی و دەستە و ساریم گرت و لە نێو گوڵستان و لە ژێر درەختی گەڵا زیوینی چنارە سپیەکەدا کە خۆی لە قژم دەخشاند تێم تەقاند و تێم تەقاند. ڕەهوانییەکەی زۆر سرك و جوان بوو، خەریك بوو خۆی لە قەرەی شوورەکەی دارگوڵەکە بدا. گۆگۆم هات و کە منی بەسواری ئەسپەوە بینی، چەپڵەیەکی بۆ لێدام و بەدەنگێکی بەرز گوتی:

– هێی... میۆ سواری میرامیس بووە، میۆ سواری میرامیس بووە.

دەستە و سارەکەیم ڕاکێشا و میرامیس وەستا، داوام لە گۆگۆم کرد تا لەگەڵم سوار بێ، بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی دامەوە و خۆی هەڵدا و لە پشتم سوار بوو. بەدووان و لە دەرەوەی گوڵستان و لەو بەهەشتە سەوزەدا کەوتینە گەڕ... ئەمە یەکەم شتێ بوو کە هەژاندمی و بەر لەمە شتی وام نەدیبوو، کیشوەری باوکم بەرفراوانترین کیشوەرە و قەڵەمڕەوەکەی بەرەو باکور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا پەلی هاویشتووە، ئەو دوورگەیەش کە کۆشکی باوکی پادشامی لێیە، بە دوورگەی بەهەشتی سەوز ناوزەد کراوە و تەنیا پاژێکی بچووکی ئەو کیشوەرە بەرفراوانەیە. کاتێ کە لە دەرەوەی گوڵستان و لە نێو بەهەشتە سەوزەکە دابووین، گۆگۆم گوتی:

– ئەو خاکەی کە کەوتووەتە ئەودیو زەریاوە لە پشت کەژەکانە، خاکی پادشای خاوەن شکۆیە.

کاتێ ئاوا و لەسەر پشتی ئەسپی گۆڕین و لە ژێر تیشکی خۆردا بەرزەفڕێمان بوو، بیرم لە بینکە دەکردەوە، کە لەوانەیە ئێستا لە شەقامی ئەپلاند و لەبن باران و لە نێو تاریکیدا وەستابێ. کەچی من دڵگوشادم و لە نێو بەهەشتی ئەم دوورگە سەوزەدام. هەموو شتێ جوان بوو: گژوگیای سەوز و نەرم، گوڵە گەشاوەکان ئەو ناوەیان پڕ کردبوو، جۆگە ساف و سازگارەکان لەو زوورگ و نەواڵە سەوزانە دادەڕژرێن، مەڕ و ماڵاتیش

بەخورییە سپییەکانیانەوە لەو لەوەڕگایە دەلەوەڕێن.

شوانە بچکۆڵەیەکمان دی، پەزەکانی دەلەوەڕاند و نایەی دەژەنی، ئاوازەکانی زۆر دڵڕفێن بوون، وای بۆچووم کە بەر لە ئەم، ئەم ئاوازەیەم بیستووە، بەڵام نازانم لە کوێ؟ بێگومانم و متمانەشم هەیە، لە شەقامی ئەپلاندەوە دەرنەچووە.

وەستاین و قسەمان لەگەڵ شوانە بچکۆلانەکە کرد، ناوی «نوو نوو» بوو، داوام لێ کرد بۆ چەند ساتێ نایەکەم لەلا بێ، بەخۆشحاڵییەوە دای پێم و ئاوازەکەیشی پێ فێر کردم و لە پاشان گوتی:

– ئەگەر بتانەوێ، بۆ هەریەکەتان، نایەیەك دروست دەکەم.

لە وەڵاما بەگەرمی، خۆشحاڵی خۆمان دەربڕی. لە تەنیشتمان جۆگەیەك هەبوو، گەڵای شۆڕەبی شۆڕ بووبووە سەر ڕووی ئاوەکەی، نوونوو چووە لای دارەکە و گەڵایەکی لێ قرتاند، ئێمە لەسەر کورسییەك دانیشتبووین و پێمان خستبووە نێو ئاوەکە، نوونووش خەریکی دروستکردنی دوو نایەکە بوو. لە هەمان کاتا گۆگۆمیش فێری ژەنینی نایەکە بوو، ئاوازی سەیر سەیری پێ دەژەند، نوونوو پێی گوتین:

– ئەم ئاوازانە بەر لە هەموو ئاوازێکی دی لە جیهاندا باو بووە، بەر لە هەزاران ساڵ شوانەکان لە لەوەڕگاکاندا ژەنیویانە.

نوونوو ئەمەی بۆ درکاندین، بۆ دروستکردنی هەردوو نایەکە و فێرکردنی ئەو ئاوازە دێرینانە، زۆر سوپاس بژێری بووین. لە پاشان خۆمان هاویشتە. سەر پشتی میرامیس و گەڕان خۆت بگرە وا هاتین.

لە دوورەوەیش بەرەبەرە گوێمان لەو ئاوازە بەسۆزانەی نوونوو دەبوو.

بە گۆگۆمم گوت:

– دەبێ هەر یەکەمان نایەکەی خۆی بژەنێ، ئەگەر لە یەکتریش دابڕاین

و گومڕابووین، ئەم ئاوازانە دەچڕین، گۆگۆم هەردوو دەستی ئالاَندبووە ناو قەدم، تا لەسەر پشتی ئەسپەکە نەخزیّ و ئارام بگریّ و دەیگوت:

– ئەبیّ هەریەکەمان نایەی خۆی بپاریّزیّ، ئەگەر گویّت لەم ئاوازەیەی من بوو، ئەوا بزانە بانگت دەکەم.

لە وەلاّما گوتم:

– سەرچاو، هەروا تۆیش ئەگەر گویّت لەم ئاوازەیە بوو، بزانە منیش گازت دەکەم.

گۆگۆم گوتی:

– بەسەرچاو، من دەمزانی تۆ چاکترین هاوڕیّی منی.

من لەم گەردوونەدا بەر لە گشت کەسیّ باوکی پادشای خۆم خۆش دەویّ، گۆگۆم وەك من منالّ بوو، بەلاّم لەبەرئەوەی جاریّکی تر بینکە نابینمەوە بەچاکترین هاوڕیّی خۆمم داناوە.

بیرم دەکردەوە:

– من باوکی پادشام هەیە، گۆگۆم و میرامیسم هەیە، لە نیّو ئەو گرد و زوورگ و میّرگوزارە سەوزانەشدا دەخولیّمەوە، بەڕاستی من لە ئەوپەڕی بەختەوەری دابووم.

لە گۆگۆمم پرسی:

– مرۆڤ چۆن دەگاتە ئەودیوی زەریای پشت شاخەکان؟

گوتی:

بەڕیّی «پردی گەرد و گولّی بەیان»

گوتم:

– ئەی پردەکە لە کویّیە؟

گوتی:

هەر ئێستا دەیبینین.

ڕاستی کرد، پردێکی بەرز و تا چاو بڕکا درێژ، بەچەشنێ نەمانتوانی ئاسۆکەی بەدی بکەین. پردی گەرد و گوڵی بەیان وا دەدرەوشایەوە، بینەر وای دەزانی دینگەکانی لە زێڕ دروست کراون.

گۆگۆم گوتی:

– ئەمە درێژترین پردێکە لەم جیهانەدا، دوورگەی بەهەشتی سەوز بە خاکی ئەودیوی زەریاکان دەبەستێتەوە، بەڵام پادشای شکۆدارمان، بەشەوان لەودیوەوە پردەکە دەپێچێتەوە، تا بەدڵنیایی بخەوین.

پرسیم:

– باشە بۆ؟ کێ بەشەو بەسەریدا ڕەت دەبێ؟

گوتی:

– کاتۆ!

کە ئەم ناوە لە دەم دەرچوو، هەستم بەباهۆزێکی سڕوساردی وەك بەفر کرد، میرامیسیش کەوتە لەرزین و دانەچۆقە.

گوتم:

– بۆ یەکەم جارە گوێم لە ناوی کاتۆ دەبێ و دەکەومە لەرزە.

گوتی:

– بەڵێ، کاتۆ پیاوێکی ستەمکارە.

لێرەدا میرامیس قریشکەیەکی گڕوقەبەی لێ دەرهات حیلاندی. بۆیە وازمان لەسەر گوزشتەی کاتۆ هێنا.

ویستم لەسەر پردەکە و بۆ ئەودیو گەشتێ بکەم، بەڵام وام بەڕاست زانی

مۆڵەت لە باوکی پادشام وەرگرم. گەڕاینەوە گوڵستانەکە، نەشمویست ئەو ڕۆژە لەمە زیاتر بسووڕێمەوە...

میرامیسمان بەستا و پۆپنە زێڕینەکەیمان شانە کرد و نەختێ دەسگەمەمان بەبڕناخەکەی کرد و کلۆ شەکرێك و تیکە نانێکمان دایێ، کە دایکی گۆگۆم پێی دابووین.

لە پاشان من و گۆگۆم زنجێکمان لە نێو گوڵستانەکە بنیات نا، کە لێ بووینەوە لە نێوی دانیشتین و دەستمان کرد بە قرتاندنی کێك، من زۆرم حەز لە کێکە، جار ناجارێ دایکی بینکە بۆی دەکردین و هەریەکە کێکێکی دەداینێ، بەڵام ئەم کێکەی دایکی گۆگۆم زۆر لە کێکەکەی ئەو بەتامترە.

زۆر شادمان بووم، چونکە توانیم ئەو زنجەی بنیات بنێم، جاران چەندم حەز دەکرد شتێکی ئاوا بنیات بنێم، گەلێ جار بینکە باسی ئەو زنجانەی بۆ دەکردم، کە لەسەر زێواری زەریادان. حەزم دەکرد نامەیەك بۆ بینکە بنووسم و هەموو ئەمانەی بۆ باس بکەم، حەزیشم لێ بوو لەبارەی ئەم زنجە جوانەی کە لەم کیشوەرە دوورەدا بنیاتیمان ناوە بۆی بدوێم.

***

## ئەو ئەستێرانەی
## گوێ بۆ ئاوازەکانت ڕادەدێرن

بۆ ڕۆژی دوایی گەشتێکمان کرد و گەیشتینە لای نوونوو، یەکەم جار نەمانبینی، کەچی لەپڕ گوێمان لە دەنگی نایەکەی بوو، کە لەودیو گردۆڵکەکانەوە دەهات. دانیشتبوو گۆرانی بۆ خۆی دەچڕی، کارژیلە و پەزەکانیش لە نێو گیاوگۆڵدا دەلەوەڕین، کە دیمانی نایەکەی خستە لاوە و بەبزە خەنینەیەکەوە گوتی:

– ها هەم هاتنەوە لام؟

ئێمە بەم دیدارەی زۆر خۆشنوود بووین، هەریەك لە ئێمە نایەکەی خۆی دەرهێنا و بەهەرسێکمانەوە دەستمان کردە ژەنین، ئاوازەکان بەکسپوکۆ و زۆر بەسۆز بوون، نەشمزانی چۆن ئەم ئاوازە بەسۆزانە وا داڕژان و گوتم:

– مخابن! ئێمە ئەم نایە دەژەنین و کەسیش گوێی بۆ شل نەکردووین.

نوونوو بەرپەرچمی دایەوە:

– گژوگیا دەمانبیستێ، گولاڵەکان دەمانبیستن، هەروا کزەبا، درەختەکان دەمانبیستن، شەنگەبی و ڕەگە ڕەگاژۆبووەکانی نێو جۆێبارەکەش دەمانبیستێ.

گوتم:

– تۆ بڵێی وابێ؟ ئایا ئەوانیش حەز لەم ئاوازانە دەکەن؟

نوو نوو گوتی:

– بەڵێ، ئەوانیش حەزیان لێیە

بۆ ماوەیەکی درێژ، نایەمان بۆ گژوگیا و گوڵ و کزەبا و دار و درەختەکان ژەنی، بەڵام هەر دەڵێم: مخابن! کەس نەیژنەفتین.

نوونوو گوتی:

– بابچینە لای داپیرەم و بۆی بژەنین

لێم پرسی:

– شوێنەکە لێرەوە دوورە یا نا؟

نوونوو گوتی:

– ئا بەڵێ، بەڵام ئەگەر بڕۆیت و پەی دەرپەی نایە بژەنین، ئەوا هاماجەکە کورتتر دەبێ.

گۆگۆمیش گوتی:

– ڕاستە، ستران وامان لێ دەکا کە هەست بەدرێژاییی ڕێگەکە نەکەین، نوونوو حەزی دەکرد بچینە لای داپیرەی، من خۆم وام بەڕاست زانی کە دەبێ ئەو داپیرەیە ببینم.

بەرخۆڵەکانیمان ڕانی، شان بەشانی میرامیس. هەر لە کاروان دەچووین: من و نوونوو و گۆگۆم لە پێشەنگ دابووین پەز و بەرخۆڵەکانیش بەدواوەمان بوون، میرامیسیش هێدی هێدی، وەك چۆن کالە پۆنت دەڕۆیشت، ئەئاوا. بۆ چەند سەعاتێ لە نێو شێو و زەندۆڵ و لێرەوارەکاندا حەساینەوە، لە پاشان تەکانمان دا تا گەیشتینە ماڵی نوونوو، ماڵیان هەر لەو زنجانە دەچوو کە لە ئەفسانەکاندا خوێندوومانەتەوە. زنجەکە چکۆڵانە و دڵاراو دارەڕا کرابوو، گوڵە مێخەك و یاسەمەنیش لە دەورەی ئاڵابوون.

لەپڕ نوونوو گوتی:

– وس بن، با هاتنمان بۆ لای داپیرەم شتێکی کوتوپڕ بێ...!

پەنجەرەیەك واڵا کرابوو، دەنگە دەنگی لێوە دەهات، چووینە لای

پەنجەرەکە، من و نوونوو و گۆگۆم، لەبەریا ریزمان گرت.

نوونوو گوتی:

– با دەس پێ بکەین: یەك، دوو، سێ.

دەستمان بەژەنینی نایەکان کرد و لە بەردەم ئاوازە بەجۆشەکاندا، کارژۆڵەکان بە هەڵبەز و دابەز لەپەکوتەیان دەکرد. پیرەژنێك هاتە بەر پەنجەرە و زۆر بەمیهرەوە دەیڕوانی. داپیرەی نوونوو بوو، هەڵی دایە:

– ئای کە ئەم ئاوازە چەند بەجۆش و جوانە.

تا لە بەردەم پەنجەرەکە بووین نایەمان بۆ ژەنی. پیرەژنێکی کەفتەکار بوو، لەپڕ بۆمان دەرچوو بەپیرمانەوە هات. چووینە ناو زنجەکە پرسیاری لێ کردین، ئەگەر برسیمان بێ یا نا؟ گوتمان:

– بەڵێ برسیمانە.

کولێرەیەکی هێنا و لەتلەتی کرد و هەریەکە تیکەیەکی داینێ.

نانەکە ڕەنگی پەڕیبوو، بەڵام تامی لە هەموو ئەو نانانەی کە لە ژیانمدا خواردوومە بەچێژتر بوو.

بە نوونووم گوت:

– ئای کە ئاوێکی بەتامە، ئەی کانیلەکە چ جۆرێکە؟

نوونوو گوتی:

– نازانم، جۆرە کانیاوێکی تایبەتییە و کانیی «تینووشکێنە»ی پێ یێژین.

میرامیسیش تینووی بوو، هەروا پەز و کارژۆڵەکانیش، تینوویەتی هەر هەموویان لەو ئاوە شکاند. ئەو گاڤە هات کە دەبێ نوونوو بچێتەوە لای ڕانە مەڕەکەی، لەو گردۆڵکانەدا. داوای ئەو پاڵتۆیەی لە داپیرەی کرد، کە ڕاهاتبوو شەوان لە لەوەڕگاکاندا بەخۆی دابدا، داپیرەی پاڵتۆیەکی قاوەییباوی بۆ هێنا. نوونوو لەو خەوتنەی نێو لەوەڕگاکان زۆر بەختەوەر

بوو. من هیچ جاریٚ لە لەوەڕگا نەخەوتووم چەل ناچەلێك بینکە و دایك و باوکی بەسواری پایسکلەوە، جانتایان پڕ دەکرد لە شتومەك و ڕوویان دەکردە بێشەلانێك و لەویٚ چادریان هەڵدەدا. بینکە دەیگوت: «خۆشترین کاتی لەوێدا بەسەربردووە» منیش بڕوام پیٚ دەکرد.

بە نوونووم گوت:

– ئای کە چەند حەز دەکەم بەدرێژاییی شەو لە لەوەڕگادا بنووم.

وەڵامی دایەوە:

– ئیٚ جا بۆ نا، لەگەڵم وەرە.

وەڵامم دایەوە:

– نا، ناتوانم، چونکە ئەگەر نەچمەماڵەوە باوکی پادشام تووڕە و زویر دەبیٚ.

داپیرەش گوتی:

– بۆ ئەم مەبەستە، دەتوانم نامەیەك بۆ شای شکۆدارمان بنێرم کە: تۆ حەز دەکەی شەو لە ناو لەوەڕگادا بنووی

گۆگۆم گوتی:

– توخوا داپیرە، نامەیەکیش بۆ باوکی من بنێرە.

داپیرە هەڵی دایە:

– هەر وا بۆ گوڵستانەکەش

من و گۆگۆم زۆر شادمان بووین، لە کارژۆڵەکان پتر، کەوتینە لەپەکوتیٚ و سەما. بەڵام کە داپیرە سەیری کراسە سپییەکانی بەرمانی کرد، گوتی:

– ئەگەر ئاونگ بباریٚ سەرماتان دەبیٚ.

لەپڕ ڕوخساری خەمی داگرت و بەمیهرێکەوە گوتی:

– چاوەنۆڕبن، دوو پاڵتۆم هەیە بۆتانی دادەنێم.

چـووە ژوورەوە دوو پـاڵـتـۆی، یـەکـی سوور و یـەکـی شیـنـی هـێنـا و بـە دڵەڕاوکێوە گوتی:

– ئەم دوو پاڵتۆیە، هینی دوو براکەمن.

لێم پرسی:

– ئەی کوا براکانت؟

نوونوو چرپاندییە گوێچکەم:

– کاتۆ... کاتۆی ستەمکار بردنی.

هەر کە ئەمەی گوت: لە دەرەوە میرامیس بەتوندی حیلاندی، وەك بڵێی یەکێ قامچی کوتی کردبێ، کارژۆڵەکانیش لە ترسان بەرەو دایکەکانیان بوونەوە. پەزەکانیش کەوتنە باعەباع، وەك بڵێی: چەقۆی مەرگیان لێ نزیك بووبێتەوە... داپیرە پاڵتۆ سوورەکەی دا بەمن و شینەکەش بەگۆگۆم. کولێرە تێرەیەکیشی دا بەنوونوو لە تەك دەفرێك کە لە کانیاوە تینوویەتی شکێنەکە هـەڵـێنـجرابـوو. ئـینـجـا هـەمـوومـان بـەرەو ڕێی گردۆڵکەکـان بـووینـەوە... بـە فڕاندنی دوو براکەی داپیرەی نوونوو، زۆر پەشێو و دڵگران بووم، لە هەمان سات زۆر شادمـانـیش بـووم چـونـکـە شەو لـە لـەوەڕگـا دەنـووم، کـە لـە ڕێی شۆڕەبییە شۆڕبووەکەی ناو ئاوی جۆگاکەوە، گەیشتینە گردۆڵکەکە وەستاین.

نوونوو گوتی:

– دەبێ ئەمشەوە لێرە بین.

کەلوپەلی خۆمان هەڵگرت، لەپڕ ئاگرێکی بە کوڵوکۆی هەڵایساومان بینی، نانە تێرکەرەکەمان خوارد و ئاوە تینوویەتی شکێنەکەمان خواردەوە. شەونم پژاو تاریکیی داهات، بەڵام قەینا، ئاگرەکە هەر دەگڕا. خۆمان لە دوو پاڵتۆکە لوولدا و لە تەنیشت ئاگرەکە لێی ڕاکشاین. مێگەڵ نووست و نووزەی

لیّ برا. میرامیسیش هەر دەلەوەڕی، گوێمان بۆ وشەی شنەبا ڕادێرابوو، کە کەروێشکەی بەگیاوگۆڵ دەکرد، چاومان بە مەشخەڵانی ئاگرێك کەوت، کە لەو شەوەدا دەدرەوشایەوە، دیاربوو ئاگری شوانکارەکانی دوورگەی بەهەشتە سەوزەکە بوو، لە نێو جەنگەی شەودا، گوێبیستی ئەو ئاوازەیان بووین، ئەو ئاوازەی کە نوونوو گوتی «هەزاران ساڵە شوانکارەکان دەیچڕن.» ڕاکشابووین و گوێمان لەو ئاوازە دێرینەیە شل کردبوو. ئەو ئاوازە لە لای ئەو شوانکارانەوە دەهات کە ئێمە نەماندەناسین، بەڵام ئەوان لەبەر من بەدرێژاییی شەو هەر دەیانگوت و دەیانگوتەوە. ئەستێرەکان لە نێو دڵی ئاسمان دەیانجریواند، ئەو ئەستێرانە مەزنترین و درەوشاوەترین ئەستێرەیەك بوون کە من لە ژیانمدا بیبینم.

لەسەر مازگی پشت ڕاکشام و گوێم بۆ ئاوازی شوانەکان شل کردبوو، ئالێرەدا ئەوەم هاتەوە یاد کە چۆن ئێمەیش نایەمان بۆ گژوگیا و گوڵ و شنەبا و دار و درەخت دەژەنی، ئەوانیش حەزیان لە بیستنی ئەو ئاوازانە بوو، بەڵام ئەفسووس، ئەو ئاوازانەمان بۆ ئەستێرەکان نەژەند، بۆیە لە نوونووم پرسی:

– ئایا ئەستێرەکانیش بایەخ بەو ئاوازانە دەدەن؟

گوتی:

– لام وایە!

لە پاشان لە دەوری ئاگرەکە کۆبووینەوە و هەر یەك لە ئێمە فووی لە نایەی خۆی کرد و ئاوازمان بۆ ئەستێرەکان چڕی.

***

# ئەو بیرەی بەشەو قسان دەکا

زەوییەکەی ئەودیو زەریاکە و پشت چیاکانم نەدیوە، بەڵام ڕۆژێکیان لەگەڵ باوکی پادشام، لە گوڵستانەکەدا دەگەڕاین، لێم پرسی:

– ئایا دەتوانم بەسەر پردی گەرد و گوڵی بەیاندا تێپەڕم؟

باوکی پادشام وەستاو دەموچاوی لە ناو دەست نا و لە پاشان بەمیهرێکەوە گوتی:

– کوڕم میۆ گیان، تۆ دەتوانی لە سەرتاپای کیشوەرەکەمدا بسووڕێیتەوە، دەشتوانی لە دوورگەی بەهەشتە سەوزەکە یاری بکەیت، بەسواری ئەسپەوەش بۆت هەیە گەشتێك لە زەوییەکەی ئەودیو زەریا و پشت چیاکان بکەیت، بۆیشت هەیە و ئەوەندەی میرامیس بارتەقا دەگرێ، لە باکور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا هاموشۆ بکەیت، بەڵام دەبێ یەك تاکە شت هەیە بیزانی، ئەویش وڵاتێ هەیە، ناوی کیشوەرە دوورەکەیە.

پرسیم:

– کێی تێدایە؟

باوکی پادشام بەدڵەقرچێوە گوتی:

– کاتۆ، کاتۆی ستەمکار

کە گوتی: کاتۆ، وام هەست کرد، ئەرژەنگێکی سامناك هاتە نێو گوڵستانەکە، چۆلەکە سپییەکان داچڵەکین و بەسەرکزی گەڕانەوە هێلانەکانیان، باڵندە خەمگینەکەیش ناڵاندی و بە هەردوو شاپەڕە

ڕەشەکانی لە خۆی دا، چەندین گوڵ سیس بوون و ژاکان و گیانیان دا، درەختی زیوینی شۆڕەبیش زەرد داگەڕا و گەڵاکانی هەڵوەرین، وەك بڵێی: گێژەبایەك کەمەری سمی بێ، کە هەڵیش دەوەرین بەزارە زراو گریانەوە هەڵدەوەرین، بەڕاستی منیش ترسم هەوی کرد و داچڵەکام و لە کاتۆ ترسام، زۆریش ترسام.

بەباوکی پادشامم گوت:

– ئەگەر سەرگوزشتەکەی مۆنج و هەراسانت دەکا، بیری لێ مەکەرەوە.

باوکی پادشام سەری دانەواند و دەستی گرتم و گوتی:

– ڕاست دەکەی، دەبێ من هەر ئێستا کاتۆ فەرامۆش بکەم تۆش دەتوانی نایەی خۆت بژەنی و چەندین زنجیش لە گوڵستاندا بنیات بنێی.

لە پاشان ڕۆیشتن و بەدوای گۆگۆمدا گەڕاین، لە کیشوەرەکەی باوکی پادشامدا گەلێ ئەرك و کاری لەسەرشان بوو، بەڵام سەرومڕ دەرفەتێکی بۆ من دەدۆزییەوە، قەت پێشی نەوتووم «ئێستا تۆ بڕۆ من کارم هەیە». زۆر بەدڵنەوایی لەگەڵم دەجووڵایەوە، بەیانیانیش لە تەکمدا لە نێو گوڵستانەکە دەخولایەوە، هێلانەی چۆلەکەکانی پێ نیشان دام، سەیری ئەو زنجەی کرد، کە من و گۆگۆم بنیاتمان نابوو، فێریشی کردم چۆن سواری سەرپشتی میرامیس بم، گەلێ جاریش لەگەڵ من و گۆگۆمدا، بەدەمودووی خۆشەوە دەدوا... ئە ئەمانە وای لێ کردم کە هەر زۆر خۆیشم بووێ، چونکە لەگەڵ من و گۆگۆمدا قسەی خۆش بوو، خڕوگز وەك چۆن باوکی بینکە، قسەی لەگەڵ دەکردم و منیش پێی بەختیار دەبووم، بینکەیش زۆر شانازی بەباوکی دەکرد و دەیگوت:

– ئەوە باوکمە، بەڵام زۆریش بەختەوەر دەبم کە لەگەڵ تۆش قسان دەکا.

من لەو باوەڕەدا بووم کە سوارە ئەسپیم لەگەڵ گۆگۆمدا شتێکی چاکە، بۆیە هەرجارەی دەمپرسی: «باوکی پادشام کوا ئەو دەرفەتەی هەیە، تا

کاروباری کیشوەرەکە بەڕێوە ببا؟» هەرچەند ئێمە هەندێ جار، بە درێژاییی ڕۆژ ئەومان نەدەدی، بۆیە لەو باوەڕەدا بووم لەجیاتی ئەوەی باوکی پادشام کار و ئەرکەکانی خۆی ڕاپەڕێنێ، خۆی لەگەڵ من خەریك کردووە. بەڕاستی شتێکی جوانە گۆگۆم و میرامیس لەتەکمابن. چەندین کەڕەت سواری سەرپشتی میرامیس بووم، هەر ئەویش بۆ یەکەم جار منی لەسەر پردی گەردوگوڵی بەیان پەڕاندەوە.

ئەمەیان هەرگیزاو هەرگیز لە یاد ناکەم.

سەرلەبەیانییەکی زوو بوو، کاتێ پاسەوانەك، دەرگەی پردەکەی کردەوە، گـژوگـیـا هـێشتـا بـە شەونـم داپـۆشرابـوو، کـە بـووە مـایـەی ئـەوەی سمـە زێڕینـەکـانی میرامیس تەڕبن، بەڵام قەینا هیچ نییە، من و گۆگۆم لە کازیوەدا بێدار بووینەوە، سروەیەکی فێنك و شێدار لە گۆنای داین، حەزمان لە گەشتوگوزار بوو، کە لە پردی گەردوگوڵی بەیان چووینە ناو، خۆر گزنگی دا، کە لەسەر پشتی پردەکەش بووین زۆر زۆر لە ڕووبارەکە بڵندتر بوو، وامان زانی لەسەر هێڵە زێڕینی ترووسکەدار ڕێ دەکەین... پردەکە زۆر زۆر بەرز بوو، بۆیە کە تەماشای خوارەوەم دەکرد، سەرەخولێ دەیگرتم، ئێمە لەسەر بەرزترین و درێژترین پردی دنیادا سواری ئەسپ بووبووین... پۆپنە زێڕینـەی مـیرامـیسیش هـەرچـەنـد ئـەو خـێراتر دەبـوو و لـە پـردەکـە نزیك دەکەوتەوە، لەگەڵ گرشەی هەتاو دەبریسکایەوە و دەنگی سمەکانی وەك گۆڵـەی هـەورەتریشقـە وابـوو... هـەر بـەم نزیکـانـە ئـەو کیشوەرە دەبینم کـە کەوتووەتە ئەودیو زەریاوە.

لە گۆگۆمم پرسی:

– تـوخـوا شتـێکـی زۆر مـەزن نـییـە؟ ئـەی تـۆ شادمـان نیت کـە خـەریکـە دەگەینە ئەودیوا؟

لێرەدا وای بۆچووم کە شتێکی ترسناك ڕوو دەدا. میرامیس ئێمەی بەرەو

هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار ڕادەپێچا. پردەکە لە ناوەڕاستییەوە کۆتایی هات، چونکە پاسەوانەکەی هەر هەموو قەفە زنجیرەکانی خاو نەکردبووەوە، بۆیە نەگەیشتمە زەوییەکەی ئەودیو زەریاکە. هەڵدێرێکی زۆر تووش بوو، هیچ پردێکیش نەبوو، قەت وەك ئەمجارەیش، ترس نەیشێواندبووم. ویستم بقیژێنمە ڕووی گۆگۆم، بەڵام دەمم بەسترا، توند توند جڵەوی میرامیسم گرت تا ڕای گرم، بەڵام نەهاتە ڕایێ، بەڵکو حیلەیەکی بەتاوی حیلاند و تێی تەقاند و دەنگی سمەکانیشی لە گرمە گرمی هەورەتریشقەی دەکرد، ئەم بەرەو مەرگ پێنگاڤ دەهاوێژێ، دوای چەندانێك دەکەوینە نێو قەمۆچکەی هەڵدێرەکە... چاوم نووقاند و بیرم لە باوکی پادشام کردەوە، لەو کاتەدا دەنگی سمەکانی میرامیس وەك گرمە و گۆڵەی هەورەتریشقە وابوو... لە ناکاوێکا دەنگی سمەکانی نەما، گوێم لە هیچ دەنگ و مەنگێك نەبوو، بەڵکو وای لێ هات، وەك بڵێی: لەسەر نەرمانێك هەنگاو هەڵێنی، کە چاوم کردەوە دیم وا میرامیس لە نێو بادا دەڕوا، میرامیسی ئەسپی سمەزێڕینە و پۆپنە زێڕینەم بە سرکی لە نێو بادا دەفڕی، وەك بڵێی لەسەر زەوی دابێ.

ملی لە کەشە هەورەکان نابوو، بشیویستایە لەسەر ئەستێرەکانیش دادەبەزی و ئینجا هەڵدەبەزی، من بێگومانم هیچ مرۆڤێك ئەسپێکی وەك ئەسپەکەی منی نییە و نەبووە، دەشتوانی ئەوە بینیتە بەر ورکەی دڵ کە: من هەستم بە چی دەکرد، کاتێ کە لەسەر پشتی لە نێو بۆشاییدا هەڵدەفڕی. تەماشای خوارەوەم دەکرد، زەوییە دوورەکەی ئەودیو زەریا، بووبوو بەخورستانێك بۆ خۆی.

بە گۆگۆمم گوت:

– سەیرکە، میرامیس لەسەر کەشە هەورەکان دەفڕێ.

گوتی:

– بۆ ئەی ئەمەت نەزانیوە؟ خۆ ئەمە بۆ ئەو شتێکی زۆر ئاسانە.

گوتم:

– نەء، جا چۆن بمزانیایە

بزە خەنینەیەك گرتی و گوتی:

– میۆگیان، ئەمە نهێنییەکە جارێ تۆ نایزانی.

بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، لە نێو کاکەشانی ئاسمان خولاینەوە، میرامیسیش لەسەر هەورە سپییە خوری شێوەکان، لۆقەی دەکرد. بەڕاستی ئەمە شتێکی یەکجار سەیر و سەمەرەیە، بەڵام هەر دەبوایە دواجار هەڵنیشینە سەر زەوی. ئەوە بوو میرامیس، سرك و بەشێنەیی هەڵنیشت و وەستا، لەو ساتەدا ئێمە گەیشتبووینە زەوییەکەی ئەودیو زەریاکە.

گۆگۆم گوتی:

– ئێرە بەهەشتێکە بۆ خۆی، وازبێنە با لە نێویدا میرامیسی پۆپنەزێڕین گژوگیای خۆی بخوا، ئێمەیش دەچینە لای ژیری.

پرسیم:

– ژیری کێیە؟

گوتی:

– پاشماوەیەك دەیبینی، خۆی و خوشکەکانی لەو نزیکانە نیشتەجێن.

پەلی گرتم و بەرەو زنجێکی سپی، وەك ئەوانەی ناو ئەفسانەکان ڕای کێشام. زۆر قورسە ئەوە شیی بکەم، کە بۆ ئەم زنجە لە زنجەکانی ناو ئەفسانەکان دەکا. لەوانەیە لەبەر ژینگەکەی بێ، یا لەبەر ئەو درەختە تەمەندارانە بێ کە وەك تەیمان دەورەی داوە، یا لەبەر ئەو دیمەنە دڵگیرانەی گوڵاڵەکانی نێو باخەکەی بێ، یا لەبەر هەر شتێکی سەمەرە؟

بەرامبەر بە باخی زنجەکە، بیرێکی بازنەیی و قووڵ هەیە، لام وایە هەر ئەو بیرە دیدێکی ئەفسانەیی بەخشیوەتە ئەم زنجە، چونکە زۆر دەگمەنە لەم

ڕۆژگـارانـەمـانـدا، بـیـرێکـی ئـاوا بدۆزینـەوە. مـن خـۆم هـەرگیز بیری وام نەدیبوو.

پـێنـج کوڕیژگـە و کـچۆڵـە لـە دەوری بـیرەکـە دانـیشتبـوون، گـەورەکـەیـان منداڵێکی دەم بەخەندە و ڕووخۆش بوو. پێی گوتم:

– دەمزانی دێیتە ئێرە، تەححا! ئەسپەکەت چەندێ جوانە.

گوتم:

– ناوی میرامیسە، ئەمەیش گۆگۆم و منیش میۆم.

وەڵامی دایەوە:

– دەزانم، منیش ناوم ژیرییە و ئەمانەش براو خوشکەکانمن.

سەرنـجـدانـەکـەی، لـە سەرنجدانـی ئـاشنـایـەکـی بـەوەفـا دەکـرد، بـرا و خـوشکـەکـانـیشی بـە دیـدارمـان زۆر کـامـەران بـوون، هـەمـوو شتـێ لێرەدا بەپێچەوانەی گەڕەکی ئەپلاند بوو، لەوێدا کە لە منداڵانی نزیك دەبوویتەوە، وەك گورگ دەیانمڕاند، کەسیش بایەخی پێت نەدەدا، هەمیشە لە دژی هەر مرۆڤێك بوون، بۆیە منیش یاریم لەگەڵیان نەدەسازاند، هەر تەنیا منیش ئەمەم دەکرد، هەر تەنیا بینکەش وازی لەگەڵ دەکردم، کوڕێکی کەتە و رمـووزنـی تـێدا بـوو نـاوی «جـان» بـوو، حـەزم لـێ نـەدەکرد، هـەر جـارەی بمیدیایە، دەیقیژاندە ڕووم و دەیگوت:

– دەی لـێرە دەرچـۆ، ئـەگـینـا بـەمشتـە کـوڵـەیـەك قـەپـۆزت دەشکـێنـم، برادەرەکانیشی وەك خۆی لاسار بوون و لاساییان دەکردەوە، فیلەتەنێکی تەژە و بەهێز و هەڕەنگ بوو، لەجیاتی ئائەو «جان»ە، ئێستا هام لەگەڵ ژیری و خوشك و براکانی، لەگەڵ گۆگۆم لەسەر زاری بیرەکە و لە تەنیشت ژیری دانیشتین و سەیری ناخیم کرد، زۆر زۆر قووڵ بوو، بنەکەی دیار نەبوو، لێم پرسی:

– چۆن چۆن ئاوی لێ هەڵدەگوێزنەوە؟

ژیری گوتی:

– ئاوی لێ دەرناکەین، چونکە ئەمە بیرە ئاو نییە

گوتم:

– ئەی کەواتە، چ جۆرە بیرێکە؟

– گوتی:

– ناوەکەی: ئەو بیرەیە کە بەشەو قسان دەکا.

پرسیم:

– جا بۆ؟

گوتی:

– تا ئێوارە دادێ چاوەنۆڕ بە، ئەوسا تێ دەگەی.

دانیشتین و بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ژیری و برا و خوشکەکانی لە ژێر درەختە دێرینەکە یاریمان ساز دا، کە برسیش بووین مینۆنانیلی خوشکی ژیری چووە ناو موبەق و نانی بۆ هێناین. ئەو نانە لەو نانانە بوو کە بە «نانە تێرەی برسییەتی شکێن» ناوزەد کراوە، تامەکەی زۆر خۆش بوو، لە هیچ جۆرە نانێکی نەدەکرد کە بەر لەمە من تامم کردبێ... کەوچکێکی زیوینی چکۆلانەم لەسەر زەوی و نزیك درەختەکان دۆزییەوە، پیشانی ژیریم دا، بە خەفەتێکەوە تەماشایەکی کرد و گوتی:

– ئەمە کەوچکەکەی خوشکمە

بەخوشك و براکانیشی گوت:

– کاکە میۆ، کەوچکەکەی خوشکمانی دۆزییەوە.

لێم پرسی:

– ئەی کوا ئەو خوشکەت؟

گوتی:

– کاتۆ، کاتۆی ستەمکار لەگەڵ خۆی بردی.

کە ناوی ئەم کابرایە هات، کەشوهەواکە، وەك سەهۆڵ ساردوسڕ بوو، گوڵەبەڕۆژە دەمپانەکەی نێو باخەکە هەڵوەری و ئاوزینگی دا و مرد. چەندین چەندین پەپوولەش باڵیان تێکشکا و لە هەڵفڕهەڵفڕ کەوتن، من خۆیشم لەو کاتۆیە ترسام و زەندەقڕێژ بووبووم. ویستم کەوچکەکە بدەمە دەس ژیری، بەڵام گوتی:

– هەڵی گرە با بۆ خۆت بێ، چونکە تۆ دۆزیتەوە، جارێکی تر خوشکم کاری پێ نابێ.

کاتێ کە گوتی: «خوشکم جارێکی تر کاری بەو کەوچکە نابێ» خوشك و براکانی دایانە کورکە گریان. لە پاشان هەمدیس یاریمان سازدایەوە و هەموو ئەو شتە ناهەموارانەشمان لە بیرخۆ برد، کەوچکەکەیشم خستە ناو گیرفانمەوە، بەدرێژاییی ئەو کاتەی کە یاریمان تێدا سازدابوو، هەر چاوەنۆڕی ئێوارەم دەکرد، گەلێ شتم لەبارەی ئەو شتە سەمەرەیە بۆ ئاشکرا بوو، زەردەپەڕ ئاوابوو، شەو داهات، ژیری و برا و خوشکەکانی تەماشای یەکتریان کرد و لە پاشان گوتی:

– هەر ئێستا دەی.

ڕۆیشتن و لەسەر لێواری بیرەکە دانیشتن، من و گۆگۆمیش لە تەنیشتیان. ژیری گوتی:

– تکایە، بەپێی توانا بێدەنگ بن...!

دانیشتین و متەقمان لەخۆ بڕی و چاوەڕێ بووین، شەوەزەنگ شاباڵی بەسەر درەختەکان کێشا. زنجەکەی ژیری، لەم ئەنگوستەچاوەدا، وەك

زنجێکی ناو ئەفسانەکان خۆی دەنواند، شتێکی خۆڵەکەوەیی و کۆن و کەودەن، لە دەوروبەری زنج و درەختەکان و بیرەکە دەبزووت. ژیری گوتی:

– ووس... ووس بن.

فززەمان لەخۆ بڕی... ساوسێبەرە بۆرەکەی دەوروبەری درەختەکان تا دەهات ڕەش دادەگەڕا، من هیچم نەبیست، تەنیا دەنگێکی کزو خەفە نەبێ، کە لە ناخی بیرەکە و وەك ناڵەیەکی بەجۆش دەردەهات... دەنگەکە زۆر سەیر و نامۆ بوو، وەك دەنگی ئێمەمانان نەبوو، سەرگوزشتەی ئەفسانەیی دەگێڕایەوە، سەرگوزشتەکە ئاسایی نەبوو، بەڵکو بەجۆشترین سەرگوزشتەی سەر ڕووی زەوی بوو...

لەپەوڕوو لەسەر لێواری بیرەکە ڕاکشام، تا پتر و پتر سەربردەی ئەو دەنگە ببیستم و ئاشنا بم، جار ناجارێ چەندین گۆرانی زۆر سەیر و یەکجار جوانی دەچڕی.

لە ژیریم پرسی:

– ئەرێ جۆری ئاخاوتنی ئەم بیرە چۆنە؟

ژیری گوتی:

– بیرێکە، لێواولێوە لە ڕازی سەرگوزشتەی ئەفسانەیی و هۆرەولاژە، ئەوەی دەیزانم هەر ئەمەیە و بەس، بیرێکە و لەبارەی کۆنەسەربردە و ڕووداو و ئەو سترانانە دەپەیڤێ، کە کۆن زۆر کۆن، ئەم گەلە دەیزانی و دەیگوت، ئەم بیرەیش کە بەشەو قسان دەکا، سەرلەبەری ئەو ڕووداو و سترانانەی ئەزبەر کردووە.

نازانم چەندێ لەوێ ماینەوە، شەو تا دەهات دەبوو بەتاریکستان و دار و دەوەنەکانی دەتەنییەوە، دەنگی ناو بیرەکەیش تا دەهات کز و کزتر دەبوو، تا وای لێ هات هیچمان نەدەبیست. لەپڕ گوێم لە حیلەی میرامیسی نێو

لەوەڕگاکە بوو، هاکۆ دەیویست تێم بگەیەنێ کە وەختی ئەوە هاتووە، پێ هەڵگرین و بگەڕێینە ماڵەوە، بۆ لای باوکی پادشام.

پێم گوتن:

– شەوباش ژیری گیان، شەوباش مینۆنانیڵ، هەمووتان شەوتان شاد.

ژیری وەڵامی دامەوە:

– شەوشاد میۆگیان، گۆگۆم گیان، حەز دەکەین هەر بەم نزیکانە جارێکی تر سەرمان لێ بدەنەوە.

پێکڕا گوتمان:

– بەڵێن بێ، هەر بەم زووانە دەگەڕێینەوە لاتان.

بازمان دا سەر پشتی میرامیس، بەلەرزەلەرز گەڕاینەوە ماڵ. شەوەزەنگێکی قەتمەر بوو، مانگ هەڵات و هەر هەموو ئەو چڕستانە سەوزە و ئەو درەختانەی ڕۆشن کردەوە، کەم بووبوون و وەك زیو و وەك شەنگەبییەکەی ماڵی باوکی پادشای نێو گوڵستانەکەم، خۆی نواند. هاتینە لای پردەکە، پاسەوانەکە هەڵی خستبوو، بەڵام بەباشی نەمناسییەوە، شێوەکەی ڕەنگێکی تر بوو، دینگەکانی لە زیو بوون.

گۆگۆم گوتی:

– دەزانی ئەم پردە بەشەوان ناوێکی دیکەی هەیە؟

گوتم:

– چییە؟

– «پردی تریفەی مانگ»

بەخێرایی لەسەر پردەکە تێپەڕین، چونکە پاسەوانەکەی گەرەکی بوو رای کێشێتەوە، لە دوورەوە چەند تررووسکاییەکمان بەدی کرد، لیزگەلیزگی ئەو ئاگرەمان دی، کە شوانەکانی دوورگەی بەهەشت سەوز دایان گیرساندبوو.

خامۆشی باڵی بەسەر هەموو شتێکا دادابوو، تەنیا دەنگێ کە دەهاتە بەرگوێ، دەنگی ئەو گرمە گرمەی هەورەتریشقە ئاسایە بوو، کە لە سمەکانی ئەسپەکە ئاورینگی دەدا و دەتەقییەوە.

لە بەردەم تریفەی مانگدا، میرامیس وەك سامۆتکەیەك خۆی دەنواند و ئەمجارەیان پۆپنەکەی زێرین نەبوو، زیوین بوو، بیرم لەو بیرە کردەوە کە شەوان قسە دەکا و سەرگوزشتان دەگێڕێتەوە. بەڵام جوانترین سەرگوزشتەیەکم بیستبێ، ئەو سەرگوزشتەیە بوو، کەوا دەستی پێ دەکرد:

*هەبوو، نەبوو*

*جاری جاران، ڕۆژگارانی زوو*

*کوڕە پاشایەك هەبوو*

*لە بەردەم تریفەی مانگدا*

*سواری ئەسپێك دەبوو*

*لەوانەیە مەبەستی من بووبێ، چونکە من کوڕە پاشام.*

*لە دوورگەی بەهەشتی سەوز، نزیك، نزیکتر بووینەوە، سمەکانی میرامیس هەورەتریشقە ئاسا، دەیگرماند، بەدرێژاییی ڕێ، بیرم لەو سەرگوزشتە خۆشە ئەفسانەییانە دەکردەوە:*

*هەبوو، نەبوو*

*جاری جاران، ڕۆژگارانی زوو*

*کوڕە پاشایەك هەبوو*

*لە بەردەم تریفەی مانگدا*

*سواری ئەسپێك دەبوو.*

***

# لە نێو جەنگەڵە تاریکەکەدا

سەردەمانێ کە لەگەڵ مامە سیکستین و پوورە ئیدلادا دەژیام، لە کتێبخانە، ئەو کتێبانەم دەخواست کە مۆرکی سەرگوزشتەی ئەفسانەییان پێوە لکابوو، پوورە ئیدلایش هەریەکجار حەزی لێ نەدەکرد و دەیگوت:

– مادامەکی تۆ سەرلەنوێ لووت لە کتێب و متێب دەژەنی ئەوا هەر ڕەنگپەڕ یو و بەدبەخت دەمێنی، بڕۆ بۆ خۆت وەك منالآن یاری بکە باشترە.

بێگومان ناچار دەردەچووم، نا بەڵکو سەرومڕ هەر لە دەرەوەی ماڵ بووم، لام وایە پوورە ئیدلا و مامە سیکستینم حەزیان نەدەکرد لەگەڵیان بم. بێگومانم ئێستا ئەوان زۆر خۆشحاڵن چونکە جارێکی تر من ناگەڕێمەوە لایان.

بۆ ماوەیەکی کورت، ئەویش شەوان هەوڵم دەدا موتالآ بکەم، ئەمەیش ڕەنگی نەپەڕاندبووم. پێویستە ئێستا پوورە ئیدلام بمبینێ کە چۆن گەورە بووم و بەهێز، گازی خۆریش لەسەر ڕوومەتمە و زۆریش لەشساغم. خۆگەر بگەڕێمەوە گەڕەکی ئەپلاند ئەوا دەتوانم بەیەکدەست «جان» خپ بکەم، بەڵام من ئەمەم نەگەرەکە، چەندم حەز لێ بوو پوورە ئیدلام گوێی لەو بیرە شل بکردایە کە بەشەو قسان دەکا، ئەگەر ئەمەی بزانیایە نەیدەگوت: «خوێندن ڕەنگ و ڕووت دەپەڕێنێ» نا بەڵکو دەیگوت: «بڕۆ بۆخۆت لە نێو سروەی فێنکدا بژی و هەرچیش کتێبی سەرگوزشتەی ئەفسانەیی دەخوێنی بخوێنە». بەڵام کارەکە لە لای پوورە ئیدلامدا، وەك یەکە و بڕواناکەم حەز لە

هـیـچ شتـێ بـكـا، كـاشكـی تـەنـیـا و بـەس ئـەوەی بزانـیـایـە كـە لـە كیشوەرە دوورەكەدا بیرێك هەیە و سەرگوزشتە ئەفسانەییەكان دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

هەبوو، نەبوو

جاری جاران، ڕۆژگارانی زوو

كوڕە پاشایەك هەبوو

لە بەردەم تریفەی مانگدا، سواری ئەسپێك دەبوو

لە نێو دارستانی تریفەی مانگیشدا دەهات و دەچوو

ئائەمە ئەو دەستەواژەیە بوو، كە بیرەكە دەیگوت و دەیگوتەوە، منیش ناتوانم فەرامۆشی بكەم. وا دیارە ئەو بیرە گەرەكی بوو شتێكی تایبەتی بەدەم ئەو سەرگوزشتەیەوە بدركێنێ، لەوانەیە من ئەو كوڕە پاشایە بم، كە جارێكیان بە ئەسپەكەی چووە گەشتی نێو دارستانی تریفەی مانگ. ئا ئەمەیش ئێستا من دەیسازێنم، هەر ئەمەیش بوو بەدرێژاییی ئەو شەوە بیرەكە بۆی دەگوتم و دەیگوتەوە و دەیچریكاند، وەك بڵێی ئەوەم بخاتەوە یاد، كە دەبێ چی بكەم و چی نەكەم.

لە باوكی پادشام پرسی:

– ئایا تۆ شوێنی جەنگەڵە تاریكەكە دەزانی؟

بەدەنگێكی كزۆكەوە گوتی:

– ئەو جەنگەڵە تاریكە كەوتووەتە پشت چیاكە، میۆگیان بۆ دەتەوێ ئەو شوێنە پێ بزانی؟

وەڵامم دایەوە:

– دەمەوێ ئەم شەوە لە بەردەم تریفەی مانگ و بەسواری ئەسپەكەم گەشتێ بكەم.

باوكی پادشام بەوردی تێم ڕاما و بەدەنگێكی كزۆكترەوە گوتی:

– ئاوا هەر بەم خێراییيە؟

گوتم:

– لەوانەیە حەز نەکەی بچم، لەوانەیشە لەو چوونە شەوانەم نیگەران بیت.

سەری بادا و گوتی:

– نەء، هەرگیز نەء، دارستانەکە لەبەر تریفەی مانگدا زۆر هێمن و خامۆشە و زیان بە کەس ناگەیەنێ.

ئینجا دانیشت و سەری لار کردەوە. بینیم دوورکەوتنەوەم پێی ناخۆشە و، لە هەمێزم نا و گوتم:

– دەتەوێ لە ماڵ لە تەکتا بم؟

ماوەیێ بەدووچاوە خەمگینەکانی تێی ڕوانیم و ئینجا گوتی:

– گیانەکەم میۆ، برۆ وا مانگ هەڵات و دارستانە تاریکەکەش چاوەنۆڕتە.

پرسیم:

– بەڕاستی نیگەران نابیت؟

گوتی:

– بەڕاستمە

بە نەرمییەکەوە بە کەشارەی دەستی لە سەری دام، یەکسەر چووم و گۆگۆمم ئاگەدار کردەوە، تا بزانم ئایا لەگەڵم دێ بۆ جەنگەڵە تاریکەکە یا نا؟ زۆر دوور نەکەوتبوومەوە، باوکی پادشام بانگی کردم:

– کوڕم میۆ؟

گەڕامەوە، وەستابوو، باسکەکانیشی واڵا کردبوو، خۆم کوتایە نێوانیانەوە و بەگەرمی لە ئامێزی خۆی گوشیم، پێم گوت:

– با وەڵێ، بۆ ماوەیەکی درێژ نامبینیتەوە

باوکی پادشام، بەکزییەکەوە لێی پرسیم:

– چی! ناتبینمەوە؟

گۆگۆمم لە دەرەوەی زنجی گوڵستانەکە بینی، تێم گەیاند کە من بەسواری ئەسپەوە، گەرەکمە لە دارستانی تریفەی مانگدا، گەشتێ بکەم. گوتی:

– ئەهـ برا... ئەنجام هەرکردت؟

نەمزانی بۆ باوکی پادشام پێی گوتم: «ئاوا هەر بەم خێراییە؟» بە گۆگۆمیشی گوت: «ئەهـ برا... ئەنجام هەر کردت». کە پێم گوتن: «دەمەوێ بەسواری ئەسپەوە، لە دارستانی تریفەی مانگدا گەشتێ بکەم، ئەوەندە گوێم نەدایە قسەکانیان» لە گۆگۆمم پرسی:

– لەگەڵم دێی؟

بینێکی درێژی کێشا و گوتی:

– بەڵێ، لەگەڵت دێم.

بەشوێن میرامیس گەڕاین کە لە نێو گوڵستانەکە دەلەوەڕی و پێم گوت:

– ئامادە بە و دەبێ بمگەیەنیتە دارستانی تریفەی مانگ.

یەکسەر ڕاپەڕی، وەك بڵێی مـوژدەی شتێکی چاوەنۆڕکراوی گوێ لێ بووبێ. بە هەڵەداوان من و گۆگۆم خۆمان هەڵدایە سەر پشتی، ئەمیش وەك برووسکە ئاسا بۆی دەرچوو. کە گوڵستانەکەمان جێ هێشت، دەنگی باوکی پادشامم بیست، هاواری دەکرد:

– هۆ...! کوڕم میۆ گیان

لە کەسم نەبیستبوو بەم خەمناکییە بانگم بکا، بەڵام نەمتوانی، نەمتوانی بگەڕێمەوە، ئەو کیشوەرەی کە کەوتووەتە پشت چیاکانەوە، زۆر زۆر دوورە، بەبێ ئەسپێکی ڕەسەنی وەك میرامیس نەبێ، نایگەینێ، ناشتوانین بەو

شاخە سەرکێشانەی کە سەر لە هەور دەدەن هەڵشاخێین، بەڵام لە چاو میرامیس کارەکە زۆر سانا بوو، چونکە وەك باڵندە لە نێو بۆشاییی ئاسمان و لە دوندی چیاکان بەرزەفڕی بوو. وازم لێ نەهێنا تا بۆ بڵندترین ترۆپکێکی بەفرپۆش بەرز بووەوە... لەسەر پشتی میرامیسەوە سەیری ئەو خاکەمان دەکرد، کە لە بناری چیاکە چاوەنۆڕی هەڵنیشتنمان بوو. دارستانە تاریکەکەی بەردەممان لە نێو تریفەی مانگدا زۆر بەربڵاو و فراوان خۆی دەنواند، دیمەنەکەی زۆر جوان بوو، هیچ مەترسیەکیشی تێدانەبوو... من گومانم نییە کە: دارستانە خامۆشەکەی بەردەم تریفەی مانگ، هیچ مەترسییەکی بۆ مرۆڤی تێدا نییە، باوکی پادشام ڕاستی کرد، هەموو شتێ هێمن و خامۆش بوو، نەك هەر تەنیا خەڵك و بەس، بگرە هەموو زیندەوەر و سەرتاسەری کێڵگە و جووتیار و دار و درەختەکانیش، هیچ کامیان نەیاندەویست ئازار بە مرۆڤ بگەیەنن... شەوەکەی زۆر خۆش بوو، لە ئاسکیدا وەك ڕۆژ بوو، تریفەی مانگیش هەر لە گرشە گرشی خۆری دەکرد، شەوەزەنگ بوو بەڵام هیچ شتێ نەبوو مرۆڤ بسڵەمێنێ، تەنیا شتێ نەبێ، شتێك و بەس، کە لەسەر پشتی میرامیس ئارامم گرت، دوور زۆر دوور، لەوپەڕی دارستانی تریفەی مانگەوە، گوندێکی تاریکی قەترانیم بەدی کرد، تاریکییەکەی نەکەوتە بەردڵم، نەشمتوانی بێ دانەڕچە سەیری نەکەم، لە گۆگۆمم پرسی:

– ناوی ئەو گوندە سامناکە چییە؟

گوتی:

– لەوێوە کیشوەرە دوورەکە دەس پێ دەکا

پرسیمەوە:

– ئەمەیان خاکی کاتۆیە؟

کە میرامیس گوێی لە ناوەکە بوو، لەرزەیەك گرتی وەك بڵێی سەرمابردەڵە

بووبێ، چەندین گابەردیش لەسەر چیاکە بەگرمە و شڵپە و هەراوە بۆ نێو دۆڵەکە خلۆر بوونەوە. بەڵێ تەنیا یەك تاکە مەترسی هەبوو، ئەویش کاتۆ بوو، زۆر لێی دەترسام و زۆریش هەوڵم دا هەرهیچ بیری لێ نەکەمەوە.

بەگۆگۆمم گوت:

– دارستانە تاریکەکە لە کوێیە؟ دەمەوێ هەر ئێستا بۆی دەرچم میرامیس حیلاندی، زایەڵەکەی وەك گرمەیەکی سامناك لە نێو لاشان و شێو و باڵی چیاکاندا دەنگی دایەوە. لە پاشان بەنەرمی و لە نێو بادا و لە دارستانی تریفەی مانگ و لە بنار چیاکەدا کپ بوو، لە دارستانەکەوەیش دەردەنگی سەدان ئەسپ کە ئەو شەوە حیلاندیان، بەرپەرچی حیلاندنی میرامیسیان دایەوە... پلە پلە هاتینە خوار تا سمەکانی میرامیس لە پژ و پۆی درەختەکان خشی، بەناسکی، زۆر بە نەرمی لە نێو چڵ و گەڵا سەوزەکان هەڵنیشتین و گەیشتینە دارستانە تاریکەکە. من لە ژیانمدا بەهیچ دارستانێکی ڕاستەقانی ڕەت نەبوویم، بەڵام بێگومانم هیچ جەنگەڵێك وەك ئەم جەنگەڵە نییە، ئەم جەنگەڵە تاریکە پەنامەکی و نهێنی خۆی هەیە، هەستم کرد نهێنییەکی گەورە و گرینگی هەیە، بەڵام وەك بۆی چووم، تریفەی مانگەکە، بوو بەدەمامکێك و سەری جەنگەڵەکەی داپۆشی و چەواشەی کردم، چونکە کاتەکە لەبار نەبوو، زلەزەلی درەختەکانیش نهێنییەکەیان دەچرپاند، بەڵام من هیچی لێ تێ نەگەیشتم، درەختەکانیش لە نەدرکاندنی نهێنییەکە سووربوون و لە بەردەم تریفەی مانگدا دەبریسکانەوە، نهێنییەکانیان دەزانی، تەنیا من نەبێ... لە دوورەوە گوێبیستی گرمەی هەورەتریشقە ئاسای سمەکان بووین، سمی سەدان ئەسپ، لەو شەوەدا گرمەیان دەهات. کاتێ کە میرامیس بە حیلاندنەکەی دەنگی دا، لە لایەکی تر هەمان دەنگمان هاتە بەرگوێ، سمی سەدان ئەسپ دەیانگرماند، نەختە نەختە گرمەی سمەکان نزیك بووەوە، ئینجا بڵند، بڵندتر بووەوە... سەد ئەسپی سپیباو

لێمان نزیك كەوتنەوە و پۆپنەكانیشیان دەلەرینەوە، بە حەز و گزوفتێكەوە میرامیس دایە پاڵیان و لە تەك یەك چوونە نێو ڕاڕەوێكی واڵای نێو جەنگەڵەكە، ئێمە كەوتینە شوێنی، لە ژێر درەختێكا وەستاین، هەر هەموو ئەسپە سپییەكانمان بینی، لەوانیش میرامیس كە زۆر بەهێز، لە بەردەم تریفەی مانگدا لەقەكوتێی بوو.

گۆگۆم گوتی:

– بەڕاستی ئەمە شتێكی زۆر دڵگیرە

گوتم:

– جا بۆنا؟

گوتی:

– چونكە میرامیس گەیشتەوە زێدی خۆی، ئەی نازانی زێدی میرامیس ئەم جەنگەڵە تاریكەیە؟

گوتم:

– نەء، نەمزانیوە

گوتی:

– میۆ گیان، زۆر شت هەیە تۆ نایزانی.

گوتم:

– شای شكۆدارمان ناردی، تا یەك لەو ئەسپە سپییانە لە دوورگەی بەهەشتە سەوزەكە ئامادە بكەن، تۆیش ببی بە خاوەنی.

لە ناكاو دیم میرامیس بە ڕووگەشییەوە لە ژێر تریفەی هەیڤدا ڕا دەكا، لە پاشان لەپڕ دڵی گوشرا، ئایا دەزانی بۆ دڵی گوشرا؟ چونكە هەر لە تەك من بوو؟ یا سۆزێكی قووڵ بۆ زێدی خۆی لەم جەنگەڵە تاریكەدا هەژاندی؟

که ئەمەم گوت، میرامیس هات و سەری لەسەر شانم داناو چەند ساتێ بێ جووڵە هەر وا مایەوە، جارجار نەبێ بە سووکە حیلکەیەکەوە دەکەوتە حیلاندن.

گۆگۆم گوتی:

– ئاگات لێیە، چەند لەگەڵ تۆ ڕام و تەبایە.

من زۆر دڵشاد بووم، کە دەستم بەسەر سەری میرامیسدا هێنا و کلۆ شەکرێکم دایێ و کرۆشتی، دەستم بەبڕناخە نەرمەکەی کەوت، سواربووین و لە نێو جەنگەڵەکە کەوتینەوە گەشت و گەڕان، هەر سەد ئەسپە سپییەکانیش بەدوامانەوە بوون، تۆزە تۆزە دەرکم بە نهێنی جەنگەڵەکە کرد. ئەو نهێنییەی هەموو دارێك دەیزانێ، درەختەکانی لیمۆ و شەنگەبی لەسەر سەرمان دەخشان و هاژەیان لێ هەڵدەستا، ئەسپە سپییەکانیش ئەو نهێنییە دەزانن، چۆلەکە بەرزە فڕەکانیش هەروا، هەموو لایەك نهێنییەکان دەزانن، تەنیا من نەبێ، لام وایە گۆگۆم زۆر ڕاست بوو کە گوتی:

– میۆ گیان، زۆر شت هەیە تۆ نازانی

لە نێو درەختەکان تێمان تەقاند، هەر هەموو ئەسپە سپییەکانیش بەدوامانەوە بوون، ئەسپەکان تینوتاویان دەداینێ، تا خێراتر بین. پاڵتۆ سوورەکەم لە لقە دارێ گیر بوو، لەوانەیە ئەو ویستبێتی نهێنییەکەم بۆ بدرکێنێ، بەڵام من بەپەلە بووم و پاڵتۆکەم لە لقەکە ڕاکێشا و لایەکی داتڵیشا، گەیشتینە ناوەڕاستی جەنگەڵەکە و نزیك بە ماڵێ لەو ماڵانەی کە ئەفسانەکان باسی لێوە دەکەن. بنمیچەکەی لە گەڵای دارخورما بوو، دارسێوەکان لێی ئاڵابوون، گوڵەکانیش لە بەردەم تریفەدا دەبریسکانەوە، پەنجەرەیەکی والای پێوە بوو، گوێم لە چرکە چرکێك بوو هەر لە دەنگی چنینی دەکرد، بە گۆگۆمم گوت:

– بابزانین ئەو چنینە کێ دەیکا؟

گوتی:

– یاڵڵا بابڕۆین

لەسەر پشتی میرامیس دابەزین، بەتووڵە ڕێیەکی نێو دارسێوەکاندا ڕۆیشتین، تا گەیشتینە ماڵەکە، لە دەرگەمان دا، چرکە چرکەکە نەما و یەکێ گوتی:

– فەرموون وەرنە ژوورەوە، دەمێکە چاوەڕوانتانم.

چووینە ژوورە و دیمان ژنێك لەسەر تەونێك کار دەکا، ژنێکی زۆر زراڤ و بەردڵ بوو، ئاوڕی لێ داین.

گوتم:

– بۆ بەشەو تەون دەکەی؟

گوتی:

– من کراسی خەونەکان دەچنم، ئەو کارەش دەبێ بەشەو بێ. تریفەی هەیڤ لە پەنجەرەکەوە کەوتە سەرپارچە قوماشە چنراوەکە و بریسکانێکی زۆر دڵڕفێنەر بریسکایەوە، من هەرگیز لەم قوماشە جوانترم نەدیبوو. ئینجا گوتی:

– چنراوی ئەفسانەیی و کراسی خەونەکان، دەبێ بەشەو بچنرێ.

پرسیم:

– ئەی ئەو تەل و داوانەی بۆ ئەم جۆرە کراسە جوانانە بەکار دەهێنی، چین؟

وەڵامی نەدامەوە و بەهێوری و لەگەڵ چنیندا، ئەم گۆرانییەی دەچڕی:

*ئەی تریفەی مانگ، ئەی تریفە*

*ئەی خوێنی ترگاری دڵ*

*ئەی زیو، ئەی ڕەنگی ئەرخەوانی*

*ئەی بەری سێوە لاسوورە*

*ئەی بەری سێوە لاسوورە*

*بێنە هانام و با:*

*ڕستن و چنینەکەم، لە شنەبای ئەمشەوەی*

*کە دەسلەملانێی گژوگیایە*

*نەرم و ناسکتر بێ*

کاتێ کە باڵندە خەمگینەکە لە سەرووی جەنگەڵەکەوە دەیچریکاند، ژنەکەش بە یەك نەوا گۆرانی دەچڕی، بەڵام خۆش نەبوو، کە لە چنینەکەی بووەوە، گوێم لە گۆرانییەکی تری نێو جەنگەڵەکە بوو. ئەم تەونکەرە ڕاستی کرد، باڵندە خەمگینەکە لەسەر چڵەپۆپەی دارێ وەستابوو، گۆرانییەکی زۆر بەکوڵی دەچڕی و دڵانی دەخستە ژان و هەژانەوە. لە ژنەکەم پرسی:

– ئەم باڵندە خەمگینە بۆ گۆرانی دەڵێ؟

لە پرمەی گریانی دا و فرمێسکەکانی وەك دانە مرواری پرشنگدار، ڕژانە سەر تەونەکە و بریقەیەکی جوانتری پێ بەخشی. هەم لێم پرسییەوە:

– بۆ ئەم باڵندە خەمگینە گۆرانی دەڵێ؟

گوتی:

– بۆ ئەو کچەی من دەگری، کە ڕفاندیان

هەرچەندەیش وەڵامەکەیم دەزانی، بەڵام پرسیم:

– کێ ڕفاندی؟

یەکسەر بەرم لێ گرت و گوتم:

– وەڵام مەدەرەوە

گوتی:

نــا وەڵام نــادەمــەوە، چــونکــە تــریــفــە زویــر دەبــێ و دەڕوا، زەرنــەقــووتــە سپییەکان، فرمێسکی خوێنین دەڕێژن.

لێم پرسییەوە:

– جا بۆ فرمێسکی خوێنین.

گوتی:

– لە پێناوی ئەو جوانووە بچکۆلانەی کە ڕفێندران. دەئێستا گوێ لە گۆرانییەکەی باڵندە خەمگینەکەی نێو جەنگەڵ بگرە.

وەستام و لە پەنجەرە والاکەوە گوێم بۆ گۆرانی باڵندە خەمگینەکە شل کرد، هەرچەند چەندین سەر لە ئێوارە، لە گوڵستاندا گۆرانی بۆ چڕیوم، بەڵام نەمدەزانی لەبەر چی و بۆچی گۆرانی دەڵێ. ئێستا زانیم ئەو چڕینەی لە پـێنـاوی ئـەوانـەیـە کـە ڕفێنراون، هـەر لـە کـچـۆڵـەی ئـەم ژنـە تـا بـەبـراکـانـی نـوونـوو و خـوشکـەکـانـی ژێـری دەگـات، بـۆ هـەمـوو ئـەوانـەیش کـە کـاتـۆ بەرزەفتی کردوون و لە زیندانی کۆشکەکەی ئاخنیون.

هەر بۆیەشە ئەو هەموو نەهامەتییە باڵی بەسەر ئەو زنجە و بەهەشتە سەوزەکە و ئەو خاکەی کەوتووەتە ئەودیو زەریا و پشت چیاکان، کێشاوە، هەموو شتێ لە پاوپێناوی ئەو منداڵانەی ڕفێنراون، خەم دەدەڵێنن، تا بە ئەسپە سپییەکانی نێو جەنگەڵەکەی بەردەم تریفەکەش، کە بیر لەو پیاوە ستەمکارە دەکەنەوە، دەگات، فرمێسکی خوێنین دەبارێنن. کاتۆ، کاتۆ: من، من زۆر لێی دەترسم، بەڵام کە لە نێو زنجەکە دانیشتم و گۆرانی باڵندە خەمگینەکەم بیست، لە ناخما هەستم بەشتێکی زۆر تینوارە و نامۆ کرد، ئەوسا زانیم بۆ من ئەمشەوە لەم جەنگەڵە تاریکەدام، چونکە لە پشت ئەم

جەنگەڵەوە سنووری کیشوەرە دوورەکە دەس پێ دەکا، دەبێ هەر بگەمە ئەوێ، دەبێ هەر بچم و بەرەنگاری کاتۆ بم. بۆیە زۆر زۆر دەترسام کە بیریشم لەو بەرەنگاربوونە دەکردەوە، حەزم دەکرد بگریم. تەونکەرەکە هاتەوە سەر تەونەکەی و بەیەکنەوایی دەستی کردەوە بەگۆرانی:

ئەی تریفە، ئەی تریفەی مانگەکە

ئەی خوێنە سوورەی فیچقاوی دڵ.

ئەمەی لە بەردەم خۆی و بۆ خۆی دەگوتەوە، ئاوڕیشی نە لە من و نە لە گۆگۆم نەدایەوە.

سەراسا بە گۆگۆمم گوت:

– گوێ بگرە گۆگۆم، من هەر ئێستا بەرەو خاکی کیشوەرە دوورەکە دەڕۆم.

گوتی:

– دەمزانی، ئا دەمزانی

بەسەرسڕمانێکەوە گوتم:

– چۆنت دەزانی، خۆ من هەر ئێستا ئەم بڕیارەم داوە؟

گوتی:

– کاکە لێ، زۆر شت هەیە هێشتا تۆ نایزانیت.

گوتم:

– وا دیارە تۆ هەموو شتێ دەزانی.

گوتی:

– بەڵێ، هەموو شتێ دەزانم، سەردەمانێکە دەزانم، تۆ گەرەکتە بچیتە خاکی کیشوەرە دوورەکە، گشت لایەك ئەمە دەزانن

گوتم:

– تۆ بەڕاستتە؟

گوتی:

– ئا بەڵێ، باڵندە خەمگینەکە، هەروا تەونکەرەکە ئەمە دەزانن، هەر سەد ئەسپە سپییەکانیش دەیزانن، هەر هەموو جەنگەڵەکەی تریفەی مانگیش دەیزانن و درەختەکانیش لە پێناویدا وژەوژیانە، گژوگیا و هەر هەموو گوڵە سێوەکانیش دەزانن.

گوتم:

– هەر هەموویان؟

گوتی:

– بەڵێ، شوانەکانی دوورگەی بەهەشتی سەوزیش دەیزانن و هەموو شەوێ نـایـەی بـۆ دەژەنن، نـوونـووش دەیـزانـێ هـەروا ژیـری و خـوشك و براکانی، شەوانەش بیرەکە لەمەڕ ئەمە، دەدوێ هەموو لایەك ئەمە دەزانن.

لێم پرسییەوە:

–ئەی باوکی پادشام؟

گوتی:

هەروا باوکی پادشات

بەقورگێکی نووساوەوە گوتم:

– دەیویست بڕۆم؟

گوتی:

– بەڵێ، بۆیە وا دڵگران بوو، بەڵام هەر دەیویست بڕۆی.

لە پڕمەی گریانم دا و گوتم:

– بەڵام من زۆر دەترسم. ئێستا زانیم کە بەڕاستی من زاڵەم ترەکاوە.

باسکی گۆگۆمم گرت و گوتم:

– گۆگۆم گیان، من تێ ناگەم بۆ باوکی پادشام دەیەوێ من ئەو کارە بکەم.

گوتی:

– تەنیا کوڕێك کە لە پشتی پاشایەکەوە کەوتبێتەوە، دەتوانێ ئەم کارە جێبەجێ بکا.

توند مەچەکیم گرت و گوتم:

– گریمان... ئەگەر مردم؟

هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، بۆیە گوتم:

– ئایا باوکی پادشام دەیەوێ هەر بچم و هەرچیش ڕوو دەدا با ڕوو بدا؟

تەونکەرەکە وازی لە تەون هێنا. زنجەکە هێورتر بووەوە. باڵندە خەمگینەکە لە گۆرانی وتن کەوت. درەختەکان لە وشەوش. هیچ سرتە و چرپەیەك نەما. گشت شتێ نوقمساری بێدەنگی و خامۆشی بوون.

گۆگۆم گوتی:

– بەڵێ، باوکی پادشات گەرەکییەتی بڕۆیت و هەرچیش ڕوو دەدا با ڕوو بدا.

دۆش دامام و گوتم:

– بەڵام من ناوێرم، نا.

وەڵامی نەدامەوە، بەس تەنیا لێم ڕاما. لەپڕ باڵندە خەمگینەکە کەوتەوە چرین و زامی دڵی داهێزاندم.

تەونکەرەکە گوتی:

– بۆ کچۆڵەکەی من دەلاڵێتەوە، وەك دانە مرواریش فرمێسکەکانی پژانە

سەر تەونەکە.

مشتەکۆڵەمم وێکنا و بەگۆگۆمم گوت:

– دەڕۆم، هەر دەڕۆمە ئەو خاکە دوورە.

ناڵە و فیغانێ لەناو جەنگەڵە تاریکەکە پەرش و بڵاو بوو، باڵندە خەمگینەکە، وا قریشکاندی کە لە هیچ جەنگەڵێکی ئەم دنیایە گوێم لە قریشکەی وا نەبووبوو.

گۆگۆم گوتی:

– دەمزانی، ئا دەمزانی.

بەدەم گریانەوە گوتم:

– تا بەیەك دەگەینەوە، خوات لەگەڵ گۆگۆم گیان، گۆگۆمی ئازیز.

بەدووچاوی پڕ لە میهری وەك چاوەکانی بینکە سەیری کردم و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– منیش لەگەڵتام

بەڕاستی گۆگۆمی برادەرم، هاوڕاز و هاوکارم بوو، یەکجار دڵگوشاد بووم کە بیستم دەبێتە هاوڕێکەم، بەڵام نەمویست بکەوێتە نێو مەترسی، یا هیچ ئازارێکی پێ بگا، بۆیە گوتم:

– نەء، نە گۆگۆم گیان نامەوێ تۆ لەگەڵما بێیت.

گوتی:

– نەء، ناکرێ، هەر دەبێ لەگەڵتا بێم، چونکە ئەفسانەکە دەڵێ: کوڕێکی شازادە، سواری ئەسپێکی سپی و پۆپنەزێڕین دەبێ و هاوکارێکیشی لەگەڵە، بۆیە ناتوانی شتێ بگۆڕی، کە بەر لە هەزاران ساڵ گوترابێ.

تەونکەرەکەش گوتی:

– بەر لە هەزاران ساڵ، من بیر لەو شنەبایەی شەوان دەکەم، بەر لە هەزاران ساڵ کە من دارسێوم دەچاند ئەو گۆرانی دەگوت.

سەری دانەواند و گوتی:

– پێشکەوە میۆ گیان، دەمەوێ پاڵتۆکەت بۆ بچنمەوە، پارچەیەکی لە تەونەکە قرتاند و شوێنە داتلێشاوەکەی پاڵتۆکەمی چنییەوە، کە بەلقە دارەکە ئالآبوو. ناواخنێکیشی بۆ کرد و سەرشانمی گەرم و نەرم کرد، ئینجا گوتی:

– ئەمە جوانترین رستنێکمە، دەیبەخشمە ئەو کەسەی کە کچە چکۆلانەکەم رزگار بکا، نانی برسییەتی شکێنیشت دەدەمێ. وریا بە، چونکە رێگەی برسییەتیت لەبەرە.

نانەکەی دامێ و سوپاسیم کرد و گەڕامەوە لای گۆگۆم.

گوتم:

– ئامادەیت؟

گوتی:

– ئامادەم

زنجەکەمان جێ هێشت، لە ڕاڕەوی برسییەتی نێوان دارسێوەکان بەسواری ئەسپەوە تەکانمان دا. باڵندە خەمگینەکە لە شەقژنی دا و بەرەو ترۆپکی چیاکان هەڵفڕی، سەد ئەسپە سپییەکانیش هێور بوونەوە و سەیریان دەکردین و نەیان گەرەك بوو لەگەڵمان بێن. گوڵە سێوەکانیش وەك کڵۆ بەفر و تەرزە لەبەردەم تریفەی مانگدا دەچریسکانەوە، دوور نییە و لەوانەیە جارێکی تر ئەم گوڵە سپی و جوانانە نەبینمەوە.

***

# باڵندەی فروسمێنراو

لـەوانـەیـە جـارێکـی تـر گـوڵـە سێوەکـان و هـەژانـەوەی درەخت و گژوگیـای نەرمۆڵە نەبینمەوە، ئێمە دەچینە گوندێك، نە گوڵ و نە درەخت و نە گژوگیای نەرمی تێدا نییە. ئەو شەوە هەراکەراك، ماوەیەکی درێژمان بڕی و جەنگەڵە تاریکەکە کەوتە دوامانەوە، جگە لە تاریکستانێکی نووتەك نەبێ هیچمان لە بـەردەم نـەمـا، دارستـانـی مـانگ و خـاکـەکـەی هـەڵگـەڕان و بـوونـە بـەرد. دیوارێکی سماتە بەردی گوڵین، لە هەرچوارلا بەرزبوەوە و وامان زانی ئـابـڵـووقـە دراویـن، لـە پـاشان لـە ڕاڕەوی زەنـدۆڵـێکـی تـەنگـەبـەر و قـووڵ و تاریکی نێوان دوو چیای ڕەش و سەرکەش تێپەڕین. من نەمدەزانی ڕێگەکە ئەوەندە تاریك و نووتەکە، بیریشم لە چیای وا ڕەشهەڵگەڕاو نەکردبووەوە کە لە بەردەمیدا بچووك دەبینەوە و لاتەریك. ڕاڕەوەکە لەبەر پێچ و پلۆچ و کـەنـدولـەنـدی زۆر و زەبـەنـدی، گەلێ ئـاستـەنگ بـوو، هـەزاران مـەترسیش چاوەڕێمان بوو. لام وایە میرامیسیش هەر هەمان هەستی ئێمەی هەبوو، دەلەرزی و حەزی دەکرد بگەڕێتەوە، بەڵام من بەتوندی دەستەوسارەکەیم شەتەك دا و ناچارم کرد تەکان بدا. ڕاڕەوەکە تا دەهات تەسك و تەسکتر دەبووەوە. چیا گوڵینەکانیش تا دەهات هەڵدەکشان، تاریکیش تا دەهات تاریکتر دەبوو، لێرە گەیشتینە دەروازەیەك:

ڕێگەیەکی تەنگەبەری نێوان تاوێرەکان. لە دوامانەوە تاریکی تا دەهات هەر ڕەشتر و ڕەشتر دەبووەوە.

گۆگۆم لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئێرە کیشوەرە دوورەکەیە و ئەویش دەروازەکەی.

میرامیس سەری گەرم داهاتبوو، لەسەر هەردوو لاقی قەڵەمبازی دەدا و لەقەکوتێی بوو، لە پاشان کەوتە قولەپسکێ و زۆر کەودەنانە حیلاندی، من لەبەر قیژوواژی حیلەکەی، نەمتوانی گوێی لێ ڕاگرم، کەچی ئەم تەنیا دەنگێ بوو کە دەمانبیست... بێدەنگی لە ژێر تاریکیدا خامۆش و کفت بووبوو، بێدەنگییەکە گوێی بۆ ئێمە هەڵخستبوو، چاوەچاویش بوو، ئێمە ئەم کەوشەنە ببڕین. دەمزانی هەر دەبێ دووچاری ئەو شەو ڕۆیینە بم، بۆیە ترسم شکا، ئێستا دەزانم بەر لە هەزاران ساڵ لە ناوچەوان و تەختی بەختم نووسراوە کە دەبێ لەم ڕاڕەوە تەسکە تێپەڕم، زات و زاوەرێکی گەرم ڕژایە نێو جەستەمەوە، دەمزانی هیچم لێ نایێ، بۆیە تەکان تەکانم بوو، لەوانەیە نەگەڕێمەوە، بەڵام من هەموو جۆرە ترسێکم خستە لاوە، لەم تاریکستانە هانی میرامیسم دەدا، کە زانی من ناگەڕێمەوە، ئەمیش پتر تەکانی دایە خۆی، لەم ڕۆیشتنە زۆر شەکەت بووین چونکە هەر هەموو دەوروبەرمان تاریکە و ئێمەش شارەزای ڕێگەکە نەبووین، بەڵام خۆ گۆگۆمم لەگەڵە، لەپشتم سوار بووبوو، توندیش خۆی بەمنەوە گرێ دابوو. هەستم کرد لە هەموو وەختێ زیاتر، خۆشم دەوێ. من تەنیا باڵ نەبووم برادەرم لەگەڵ بوو، یەك هاوخەم و بەس.

نازانم چەندی پێچوو کە ئێمە لەم ئەسپ سوارییەی نێو ئەو تاریکییەدا ڕێگەمان بڕی، لەوانەیە ماوەیەکی کەم بووبێ، لەوانەیشە چەند سەعاتێکی خایاندبێ، لەوانەیشە هەزاران ساڵمان پێ چووبێ. من خۆم وا دەهاتە بەرچاو: لە نێو خەونا لەسەر پشتی ئەسپ ڕێم دەکرد، خەونێکی سامناکی وا کە هەر هاوار هاوارتە و بۆ ماوەیەکی درێژیش مێردەزمەی ترسەکە بەرت نادا. بەڵام لە نێو خەون نەبووم، بەڵکو بۆ پێشەوە تەکانمان دەدا، نەشماندەزانی بۆ کوێ دەڕۆین و هاماجەکەی چەندە؟ هەر ئەوەندەمان دەزانی ئێمە دڵی ئەو شەوگارە شەق دەکەین.

لەپڕ لە بەردەم دەریاچەیەکی خامۆش و ڕەشدا، میرامیس کەوتە قولەپسکێ و یەکسەر وەستا، دەریاچەیەك کە لە جیهانا هاوتای نییە. دەریاچەکە بە بەردەلانی تەژەو ڕەش و تۆقێنەر پەرژین کرابوو. هەندێ باڵندەش دەورەیان لەو تاریکییە شەپۆدارە دابوو، باڵندەکان دیار نەبوون و تەنیا جیزە جیزیان دەبیسترا، زۆر داخمان بۆیان خوارد، ئەو جیزە جیزانە بەدوای یەکێ دەگەڕان تا ئازادیان بکەن، جیزەکان لە گریە و ڕۆڕۆ دەچوون، لە گۆشەیەکی دوورەدەستی دەریاچەکە و لەسەر ترۆپکی تاشە بەردێك قەڵابەندێکی ڕەش هەڵتووتابوو، تەنیا یەك پەنجەرە ڕووناك بوو، ئەمیش هەر لە چاوێکی مڕومۆن و شەڕەنگێزی دەکرد، چاوێکی سوور و ترسێنەر بۆمان لە مەڵاس دابوو.

گۆگۆم لەبەر خۆیەوە گوتی:

– کۆشکی کاتۆ

میرامیس کەوتووەتە ژاروژەنگ و داچڵەکا. ئێرە قەڵابەندی کاتۆیە و خۆیشی لەوێیە، ئەو دوژمنەی کە من هاتووم بەرەنگاری بم. هەرچەندە من ترسم بەلاوە نابوو، بەڵام ئەوچاوە ئەهریمەنییە بریقەدارەی سەر دەریاچەکە دای دەچڵەکاندم. مرۆڤێکی بچکۆلانەی وەك من چۆن دەتوانێ ڕووبەڕووی ئەهریمەنێکی سامناکی وەك کاتۆ بێتەوە؟

لەو ساتەی کە گۆگۆم لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، لە نزیکەوە گوێمان لە ناڵە و نۆڵەی مرۆڤێك بوو، دەینووزاند: «ئاخ...! ئاخ...! برسییەتی کوشتمی خەریکە دەمرم ... ئاخ... ئا... خ خ ...» بیرم کردەوە کە نابێ لەو دەنگە نزیك ببمەوە، لەوانەیە یەکێ بێ و دەهۆ و داوی بۆ دانابین. کەچی هەر سووربووم لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو مرۆڤە پێویستی بەهاریکاری هەیە یا نا؟

گۆگۆم گوتی:

– دەبێ بزانین ئەوە کێیە، دەبێ ڕزگاری بکەین.

قەمۆچکەی میرامیسم گرت و پێم گوت:

– تۆ لێرە چاوەڕوان بە.

بەنیگەرانییەکەوە حیلاندی، پێم گوت:

– نیگەران مەبە، زوو دەگەڕێینەوە.

نووزەکە دوور نەبوو، بەڵام لە نێو ئەو تاریکییەدا دۆزینەوەی ئەوەندە ئاسان نەبوو، بەرەو سەرچاوەی نووزەکە بووینەوە بەپەلەکوتێ دەرۆیشتین و تاوێرە بەرد سەرسمتی پێ دەداین و دەکەوتینە نێو تاریکییەوە. لە ئەنجاما زنجێکمان بەرچاو کەوت، زنجێکی کەلاوە و کلاو هیچی تر، کە ئەگەر پشتی بەپشتی گابەردەکە نەدرابا، ئەوا بەتەواوی دادەڕما. ڕۆشناییەکی کز لە پەنجەرەکەی دەردەپرتا. چووینە ناو، پیرەمێردێکی لەڕو لاواز و دەسەوسانی سەربۆرمان بینی، لە سووچێکا و لە بەردەم نێڵە نێڵی ئاگردانێکا هەڵتروشکابوو دەلەرزی و دەینووزاند: «ئاخ!... ئاخ! برسییەتی کوشتمی، خەریکە دەمرم... ئاخ!... ئا... خ خ...» کە هەستی بەئێمە کرد، نووزەی لێ بڕا. ئێمە لە تەنیشت دەرگەکە وەستابووین، وای سەیرکردین، وەك بڵێی: ئادەمیزادی نەدیبێ، لە پاشان دەستە چرچ و لۆچەکانی بەرزکردەوە، وەك بترسێ و بەکزییەوە گوتی:

– وازم لێ بێنن.

پێم گوت:

– ئێمە بۆ ئازاردانت نەهاتووین، گوێمان لە نووزە نووزت بوو هاتین تا نانت بدەینێ.

نانی تەونکەرەکەم دەرهێنا و تیکەیەکم بۆ درێژ کرد، بەچاوێکی ئەبڵەقەوە لێم نزیك کەوتەوە، تیکەنانەکەم لێی نزیکتر کردەوە، کەچی ئەم هەر بەترس و لەرزەوە سەیری دەکردم و متمانەی پێ نەدەکردین. پێم گوت:

– ها بگره و مەترسە.

بەهێواشی دەستی بۆ تیکە نانەکە درێژکرد و وەری گرت و ئەمدیو و ئەودیوی پێ کرد، لە پاشان بۆنی کرد و ئینجا بە نووزەیەکەوە گوتی:

– هم! ئەمە ئەو نانەیە کە برسییەتی دەشکێنێ.

بەجۆرێك چاوی، کە بەر لەم شتی وام نەدیبوو، دەیجاوی و قووتی دەدا و دەگریا، کە تەواو بوو، لەتکە و مەتکەی نانەکەی لەسەر جلی کۆ کردەوە و لووشاندی. لەمە زیاتر هیچی تر ڕووی نەدا، کەچی ئەم سەرلەنوێ سەرنجی لێ داینەوە و گوتی:

– لە کوێ هاتوون؟ ئەی لە کوێ ئەم جۆرە نانەتان چنگ کەوت، بیر لە ڕۆژانی برسییەتی بکەنەوە و پێشم بڵێن: لە کوێ ئەم جۆرە نانەتان چنگ کەوتووە؟

گوتم:

– ئێمە لە وڵاتی دوورە دەستەوە هاتووین.

بە کزییەکەوە گوتی:

– جا بۆ هاتوون بۆ ئێرە؟

گوتم:

– تا لەگەڵ کاتۆ بجەنگین.

کە ئەو ناوەم هێنا، زریکەیەکی لێ هەڵساو تاساو وەك گلۆڵە خوری خۆی تلۆر کردەوە، لە پاشان بەخشکە خشك هاتە لای ئێمە و بەترسێکەوە لە ژێر پێمان و بەدووچاوی کز و هاشوواش و بەنزمییەکەوە گوتی:

– لە کوێ هاتوون بڕۆنەوە ئەوێ، بەرلەوەی کار لە کار بترازێ؟

گوتم:

– ناگەڕێمەوە دواوە، من هاتووم لەگەڵ کاتۆی شەڕەنگێز بجەنگم.

بەدەنگێکی بەرز و ئاشکرا قسەم کرد و ناوی کاتۆشم بەزەقی و پڕ بەدەم هێنا، ئەمە وای لەو پیرەمێردە کرد بەواقیعێکەوە سەیرم بکا، وەك وا بزانێ دەبێ یەکسەر هەر لەو شوێنەدا ئەژنۆم بشکێ و بمرم.

پیرەمێردەکە گوتی:

– هە هە... تکایە بەرلەوەی کار لە کار بترازێ، بێدەنگ بە و لەو شوێنەی هاتووی بڕۆرەوە ئەوێ.

گوتم:

– ناگەڕێمەوە، هەر دەبێ بەرەنگاری کاتۆ بم.

بەترسێکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد و بەدەنگێکی نزمیش گوتی:

– وس... س س س، من گوتم بێدەنگ بە، چونکە ئێرە پڕی بەدزمان و شۆڤارە و گوێیان لێتە. لە دەرەوە گوێشەوانکێ دەکەن.

بەرەو دەرگاکە بووەوە و بەدڵەڕاوکێوە گوێی شل کرد و لە پاشان گوتی:

– کەس لە دەرەوە نییە، بەڵام لەوانەیشە، لێرە و لەوێ و لە هەر شوێنێکیش بن. شۆڤارەکان گشت لایەکیان تەنیوەتەوە.

گوتم:

– شۆڤارەکانی کاتۆ؟

بەنزمی گوتی:

– کوڕم وس بە، بۆ دەتەوێ ژیانی لاویی خۆت بەفیڕۆ بڕوا؟ بۆ بێدەنگ نابی؟

لەسەر کورسییەکە دانیشت و سەرێکی لەقاند و لەگەڵ خۆیدا دوا و بەدەنگێکی زۆر نزم چرپاندی:

– بـەڵـێ، بـەڵـێ شۆڤـار و سیـخـوڕەكـانـی لـە هـەمـوو شوێـنـن، بـەیـانـیـان، ئێواران، شەوان، لە هەموو لایەكن.

دەستی دەرهێنا و دەستی گرتم و زۆر بەهێواشی چرپاندی:

– بیر لە ڕۆژانی برسییەتی بكەرەوە، متمانە بەكەس مەكە، لەوانەیە بچیتە ماڵێك و وا بزانی هەموو هاوڕێتن، كەچی لە ڕاستیدا تۆ لە ناو دوژمنانی، هەموویان بەدوات دەگەڕێن و دەتدەنە دەستی، ئێستا ئەو لەودیو دەریاچەكە دەژی، متمانە بەكەس مەكە. چۆن دەزانی منیش یەكێك نیم لەو شۆڤارانە و هەركە دەرچووی زمانت لێ نادەم؟

گوتم:

بڕوا ناكەم تۆ وا بیت.

چرپاندییەوە:

– لێرە كەس نییە متمانەی پێ بكەی، بۆیە دەبێ بڕوا بەكەس نەكەی.

– بۆ چەند ساتێ دەنگی بڕا، بیری دەكردەوە، لە پاشان گوتی:

– من شۆڤاریت لەسەر ناكەم، بەڵام لەم سەر زەوییەدا زۆر كەمن ئەوانەی شۆڤاری ناكەن، زۆریش كەمن ئەوانەی چەك دروست دەكەن.

گۆگۆم هەڵی دایە:

– ئێمە پێداویستیمان بەچەكە مێو پێویستی بە شمشێرێكە.

پیرەمێردەكە وەڵامی نەدایەوە و بەرەو پەنجەرەكە ڕۆیشت و كردییەوە. لەو ساتەدا گوێبیستی چەندین جرووكە جرووكی خەمگینی باڵندەكانی سەر دەریاچەكە بووین، لەو جەنگەی شەوەدا، ئەو جرووكانە لە لووشەی گریانیان دەكرد.

پیرەمێردەكە گوتی:

– گوێ ڕادێرە، گوێ ڕادێرە و بزانە چۆن شیوەن دەكەن.

ئایا گەرەکتە تۆیش ببی بەیەکێ لەوان؟

پرسیم:

– ئەو باڵندانە لە چ چەشنێکن؟

چرپاندییەوە:

– باڵندەی فروسمێنراون، لام وایە دەشزانی کێ ئەوانەی فروسماندووە و دەسگیری کردوون، خۆت باش چارەنووسی ئەوانەی کە بەرەنگاری دز و جەردە و ڕێگران دەبنەوە، دەزانی...!

بەم قسانەی زۆر بەردڵم گیرا، چونکە ئەو باڵندانە، براکانی نوونوو و خوشکەکانی ژیری و کچە بچکۆلەی تەونکەر و خەڵکانی ترن، کە کاتۆ فروسماندوونی، ئەهها! کە چەند حەز دەکەم بەرەنگاری بم، بەڕاستی حەزم لەو جەنگینەیە.

گوگۆم گوتی:

– میۆ پێویستی بەشمشێرێکە، کەسیش ناتوانێ بێ شمشێر شەڕ بکا.

بەپیرەمێردەکەم گوت:

– تۆ گوتت کەسانی وا هەن، چەك دروست دەکەن.

بەتووڕەیییەوە سەیری کردم و گوتی:

– وا دیارە تۆ لە ژیانی خۆت ناترسی؟

دووبارەم کردەوە:

– کوان، لە کوێن ئەوانەی چەك دروست دەکەن؟

– وەڵامی دایەوە:

– بێدەنگ بە، بەپەلە پەنجەرەکەی داخست، وس بە، با شۆڤارەکان نەتبیستن!

بەرەو دەرگەکە چوو، لە کونی دەرگەوە گوێی هەڵخست و گوتی:

– گوێم لە هیچ نییە، بەڵام شۆڤارەکان لە هەموو شوێنن.

لە پاشا لاربووەوە و چرپاندی:

– برۆ بۆ لای چەکسازەکە و پێی بڵێ: ئینۆ منی ناردووە بۆ لات، پێشی بڵێ شمشێرێکم دەوێ بەرد شەق بکات، هەروا بڵێ: من شازادەیەکی کیشوەرە دوورەکەم.

تەواوێك تێم ڕاما و گوتی:

– لام وایە تۆ لە خانەوادەیەکی خانەدانی.

گۆگۆم پێی گوت:

– بەڵێ وایە، خانەزاد و میریشە، میۆ میۆیە و خەڵکی کیشوەرە دوورەکانە و دەبێ شمشێرێکی هەبێ.

پرسیمەوە:

– جا لە کوێ ئەو چەکسازە بدۆزمەوە؟

گوتی:

– لە دوا زنجیرەی ئەشکەوتەکە، ئەشکەوتێکی قووڵە و کەوتووەتە نێو ڕەشترین چیاییێکەوە، لە ڕێی جەنگەڵی مەرگەوە بۆی سەرکەوە... دە ئێستا، هەر ئێستا برۆ.

لە پاشان چووەوە لای پەنجەرەکە و هەمدیس کردییەوە... هەمدیس لەم جەنگەی شەوەدا، گوێم لە جرووکە چریانی باڵندەکان بووەوە.

پیرەمێردەکە گوتی:

– برۆ، هەر ئێستا برۆ ئەی میر میۆ، من لێرە نزات بۆ دەکەم و نزوولەت بۆ دەگرمەوە تا سەرکەویت، لەوانەیشە سبەی شەو گوێم لە باڵندەیەکی تر بێ

کە لە دەریاچەکەوە دەنالێنێ؟

**لە نێو جەنگەڵی مەرگدا**

کە دەرگەی ماڵی ئینۆمان بەدوایدا پێوە دا، گوێم لە حیلەی میرامیس بوو، حیلەیەکی بەهاڕە و هوڕە و پڕ لە نیگەرانی، وەك بڵێی هاوارم لێ بکا: «میۆ، رزگارم بکە». خەریك بوو دڵم بوەستێ و زریکاندم:

– گۆگۆم، چی لە میرامیس دەکەن، گوێت لێیە؟ چی لێ دەکەن؟

چی؟

– لەسەرخۆ بە، شۆڤارەکان میرامیسیان دەسگیر کردووە.

زریکاندمەوە:

– شۆڤارەکان میرامیسیان گرتووە؟ ئەوەی گوێی لێمە، لێی بێ باکم.

گۆگۆم چرپاندی:

– دەبێ بێدەنگ بی، ئەگینا وەك ئەم دەمانگرن.

بەڵام من بێدەنگ نەبووم و هاوارم لێ هەڵسایەوە:

– میرامیسی ئەسپم، ئەسپی من دەبەن، میرامیس باشترین و سرکترین ئەسپێکی ئەم جیهانەیە!

هەمدیس گوێم لە حیلاندنی بووەوە، وەك بڵێی پێم دەڵێ: «میۆگیان، وەرە رزگارم بکە».

گۆگۆم گوتی:

– واز بێنە بابرِوا، بابزانین چی لێ دەکەن.

بەناو ئەو ئەنگوستەچاوەدا، هەڵگژاینە سەر تاوێرە بەردەکان و لە پاشان لەسەر زگ خشاین، پەنجەم بەگرنجێکی تیژ کەوت و ڕووشاندی، بەڵام هەستم بەهیچ نەکرد، دڵم هەر لە لای میرامیس بوو، لەسەر بەرزترین

گابەردێك وەستابوو، لەو تاریکییەدا، ڕەنگە سپییەکەی دەچرووسکایەوە. میرامیس سرکترین و سپیترین ئەسپێکە لەم جیهانەدا. ویستی خۆی ڕاپسکێنێ، بەڵام پێنج کەس لەو شۆڤار و سیخوڕانە دەورەیان لێ دابوو، دووانیش لالغاوەکەیان توند گرتبوو. بێگومان میرامیس دەترسا، شۆڤارە ڕەشەکانیش شێوەی جیاجیا و سامناکیان هەبوو، بەدەنگێکی گڕ و ژار و ژەنگ و تۆقێنەر لەگەڵ یەك دەدوان. لەسەر زگ خشاین تا لێیان نزیك کەوتین و لە ژێر تاوێرەکە ستارمان گرت، تا بزانین چی لێ دەکەن و چی دەڵێن، یەکێکیان گوتی:

– وا چاکە بیبەین و بە بەلەمە ڕەشەکە لە دەریاچەی مەرگ ئاودیوی بکەین.

یەکێکی تر هەڵیدایە:

– ئا... با لە دەریاچەی مەرگ ئاودیوی کەین و بیبەین و بۆ کاتۆی مەزن.

ویستم لە ڕوویان بقیژێنم تا ئەسپەکەم ڕەها کەن، بەڵام چۆن؟ ئەگەر من کەوتمە دەستیان، ئەی کێ لەگەڵ کاتۆ بجەنگێ؟ بۆ خۆم بۆ شەڕی کاتۆ تەیار نەکەم؟ لە پشت تاوێرەکە ئەم وتە وێرەیەم بۆ هات و لە خۆمم پرسی: «باشە بۆ لەگەڵ باوکی پادشام لە کۆشکەکەی نەمامەوە، کە هیچ کەسێك ناتوانێ ئەسپەکەم لێ زەفت بکا.» گوێم لە جرووکە فیغانی باڵندە خەمگینەکانی دەریاچەکە بوو، بەڵام بایەخم پێ نەدان، چونکە هەموویان فروسمێنراون، من هەموو هەوڵێکم تەنیا بۆ میرامیسی پۆپنە زێڕین بوو.

یەك لە شۆڤارەکان گوتی:

– لام وایە یەکێ ئەم سنوورەی ئێمەی بەزاندووە، یەکێ سواری ئەم ئەسپە سپییە بووە. دوژمن لە نێوانماندایە.

یەکێکی تر گوتی:

– زۆر چاکە، بەئاسانی دەتوانین بیگرین و زۆر سانایشە کاتۆی مەزن هەنجن هەنجنی بکا.

کە ئەم قسانەم بیست داچڵەکام، من ئەو دوژمنەم کە سنوورم بەزاندووە و هەر منیشم کە کاتۆ دەیەوێ هەنجن هەنجنم بکا، ئاواتەخواز بووم نەهاتمایە ئێروکانە، بە قووڵیی بیرم لە پادشای باوکم کردەوە، بێگومان باوکم زۆر بیری لێ دەکردم و بۆم نیگەران بوو، دەك خۆزیا لێرە بوایە و ڕزگاری کردبام، ئەگەر بشکرایە بۆ چەند ساتێ لە گەڵی بدوابام و پێم بوتایە:

– دەزانم تۆ گەرەکتە من لە دژی کاتۆ بجەنگم، بەڵام تکایە بەتەنیا جێم مەهێڵە؟ ڕزگارم بکە و میرامیسم بۆ بێنەوە و وا بکە ئێرە بەجێ بێڵم، خۆت دەزانی من لە ژیانما ئەسپێکی ئاوام نەبووە، من زۆر خۆشم دەوێ، خۆ ئەگەر کاتۆ بمگرێ، ئەوا جارێکی تر من نابینیتەوە، لێرە دەرم بێنە، دەمەوێ لەگەڵ میرامیس بگەڕێمەوە ماڵ و نێو بەهەشتە سەوزەکە.

ئا لەو ساتەدا گوێم لە دەنگی باوکی پادشام بوو، یا وا هاتە بەرگوێم؟ نەء، بەڕاستیمە و گوێم لە دەنگییەتی دەڵێ:

– کوڕم میۆ!

لەمەش زیاتر ناڵێ و هانم دەدا، تا زات بدەمە خۆم و ئازا بم. ئێ! خۆ من خانەدانم و ئەو میۆیەنیم کە لە گوڵستانەکەدا زنجی بنیات دەنا و لە گرد و مێرگۆڵەکانی بەهەشتە سەوزەکە دەگەڕا و نایەی دەژەنی. من بەڕاستی شۆڕەسوارم، شۆڕەسوار، بەڵام نەك وەك کاتۆ! شۆڕەسواریش دەبێ ئازا سەربێ و نەگری و نەترسێ.

بۆیە نەگریام و بەچاوی خۆم دیم: شۆڤارەکان چۆن میرامیسیان بەرەو دەریاچەکە ڕادەکێشا و ناچاریان دەکرد سواری بەلەمە گەورە و ڕەشەکەی بکەن... نەگریام...! میرامیس دەیحیلاند و ئەوانیش قامچییان تێ

دەسرەواند. نەگریام!. کاتیٚ کە شۆڤارەکان لە نێو بەلەمەکە دانیشتن، چاویان دەزەقایەوە. گوێم لە قرتەی سەوڵەکەی سەر ئاوە ڕەشەکە بوو، تۆزە تۆزە قرتە و خرچەکە دوور کەوتەوە، لە دوورەوەش گوێم لە دواحیلەی پڕ لە دڵەقرچێی میرامیس بوو، بەرلەوەی بەلەمەکە لە چاو ون بیٚ، نەگریام...! چونکە من خانەدانم! ئەریٚ بەڕاستی من نەگریام؟... بەڵیٚ گریام! لە پشت تاوێرەکە و تێوەڵیشم لەسەر زەوییە بەردینەکە دانابوو، زۆر بەگوڕ دەگریام، گریانێکی وا کە هەرگیز لە ژیانما نەگریابم. مرۆڤی شۆڕەسوار دەبیٚ سەرڕاست بیٚ و ڕاستی بدرکێنیٚ... بەڵیٚ: من بۆ میرامیس گریام... کە بیرم لە چاوە پڕ لە وەفاکەی کردەوە، گڕ گرتمی و گریام...! ژنە تەونکەرەکە پێی گوتم: «هەر سەد ئەسپەکە بۆ جوانووە دزراوەکە، فرمێسکی خوێنینیان ڕشت...» وا دیارە کاتیٚ کە بۆ میرامیس دەگریام، فرمێسکی منیش هەر خوێنین بوو، میرامیسی ئەسپی پۆپنە زێڕینەم. لام وایە ئیتر تا هەتایە نایبینمەوە. گۆگۆم چەمایەوە و دەستی دانایە سەر کرۆژەڵەی شانم و گوتی:

– میۆ گیان! لەمە زیاتر مەگری، دەبیٚ بچینە لای چەکسازەکە، دەبیٚ شمشێرێکت هەبیٚ.

حەژمەتی فرمێسك لە قوڕگمدا پەنگابوو، قووتم دا، بەپێی توانا قووتم دا، لە پاشان بەیەکەوە بەدوای چەکسازەکە گەڕاین... ئینۆ پێی گوتبووین دەبیٚ لە جەنگەڵی مەرگ بپەڕینەوە، بەڵام کوا جەنگەڵی مەرگ، لە کوێیە؟

گۆگۆم گوتی:

– بەرلەوەی شەو بڕوا، دەبیٚ ئێمە ئەو چەکسازە بدۆزینەوە، چونکە ئەم تاریکییە لە چاوی شۆڤارەکان دەمانشارێتەوە. دەبیٚ هەر ئەمشەو بەرەو جەنگەڵی مەرگ پێنگاڤ هەڵێنین.

ئەو تاوێرەی کە زنجەکەی ئینۆی لەسەر بوو. بەرمان دا و تاریکی و خامۆشی باڵی ڕەشی بەسەر هەموو شتێکا کێشابوو ئێستا هیچ باڵندەیەك

سۆزە ناکاو نانالێنێ.

بەرێ کەوتین تاگەیشتینە جەنگەڵێك کە نەبای تێدا بوو، نە گەڵایەکی سەوز، هیچ گەڵایەك نەدەهەژا، هەموو شتێکی تێدا خپ بووبوو، دامردبوو: لقەداری رەشراگەڕاوی پڕ لە گرێ و تۆقڵەی مردوو.

بەدەم ڕۆیشتنەوە گۆگۆم گوتی:

– ئێستا گەیشتینە جەنگەڵی مەرگ.

گوتم:

– ڕاست دەکەی، بەڵام چۆن لێی دەرباز بین؟

لەم جەنگەڵەدا زۆر ئاسانە مرۆڤ ڕێ گوم بکا، لەو ڕێیە هات و نەهاتانە بوو کە هەندێ جار مرۆڤ لە خەونا دەیبینێ، هەر دەڕۆیت و دەڕۆیت و دەڕۆیت و دەرناچیت و دەبی بەئاوی ئاموون.

توند دەستی یەکتریمان گرت و درِمان بەجەنگەی جەنگەڵی مەرگ دا، هەستمان بەقەوارۆکەی خۆمان و بەگومکردنی ڕێگەکە کرد. درەختە مردووەکان بەچڕی سەریان لە یەکتر گیر کردبوو، نەماندەتوانی هەروا بەئاسانی بە نێوانیاندا تێپەڕین.

گۆگۆم گوتی:

– هەرگیز نەمدەزانی درەختەکان وا لەیەك گیر و ئاڵۆزن.

نەشمدەزانی ئەم تاریکستانە ئەوەندە تاریکە. هەستمان بەبچووکی و تەنیایی خۆمان کرد، بەردەوام تەکانمان دەدا، جار ناجار گوێمان لە شۆڤارێکی ڕەش دەبوو کە لە نزیکمانەوە قسەی دەکرد... ئینۆ ڕاستی کرد کە گوتی: «شۆڤارەکانی کاتۆ لە هەموو شوێنێکدان، جەنگەڵی مەرگ پڕاوپڕی ئەوان بوون و لە پەنای درەختەکانەوە دەمانبیستن، تەنیا من و گۆگۆم هەناسەمان دەدا و کەوتبووینە هانکە هانك.

بەردەوامیش تەکان دوای تەکانمان دەدا.

گۆگۆم گوتی:

– بێگومان لە جەنگەڵی مەرگدا، شەو زۆر درێژە، پێم وایە ڕێی چوونمان بۆ لای چەکسازەکە درێژترە.

گوتم:

– لەو بڕوایەدان بیدۆزینەوە؟

کڕبووم و متەقم لەخۆ بڕی، چونکە شۆڤارەکان، یەکانسەر بۆ لای ئێمە هاتن، وام بۆ هات کە ئەمە کۆتاییمانە. گۆگۆمیش بینییانی و توند دەستی گوشیم. هێشتا ئێمەیان نەدیوە، بەڵام لەوانەیە دەسگیرمان کەن و کۆتاییمان پێ بهێنن، ئەوسا منیش بە هیچ کڵۆجێ ناتوانم لەگەڵ کاتۆ بجەنگم. خۆ دوێنێ شەو ئینۆ گوتی: «لەوانەیە بەم زووانە گوێم لەناڵە و نووزەی دوو چۆلەکەی تری دەریاچەکە ببێ».

شۆڤارەکان نزیك، نزیکتر بوونەوە، ئێمە هەناسەی خۆمان بڕی، کەچی لەپڕ کۆتەڵی کۆنە درەختێك قرمەی هات و شکا، سەیرم کرد زگەکەی بۆشە و یەکسەر چووینە ناوییەوە. هەڵتروشکاین و وەك چۆلەکەیەکی چکۆلانەی بەردەم هەڵۆیەك کەوتینە لەرزە. شۆڤارەکان لە تەنیشتمانەوە وەستان، یەکێکیان گوتی:

– من بیستم لێرە لە جەنگەڵی مەرگدا، یەکێ قسەی دەکرد دەبێ کێ بێ؟

دووەمیان گوتی:

– دوژمن لە نێومانە، بێگومان ئەو قسەکەرە هەر ئەو دوژمنەیە.

سێیەمیان هەڵی دایە:

– ئەگەر دوژمن لەم جەنگەڵەی مەرگ دابێ، ئەوا دەسبەجێ دەیدۆزینەوە، بگەڕێن، هەموو شوێنێ بپشکنن.

بینیمان چۆن ملۆمۆشیان دەکرد و لە نێو درەختەکان دەگەڕان.

گوێمان لە ترپەی پێیان بوو، لە ترسا کروشکەمان کرد و هەستمان بەکەمتوانایی دەکرد... هاموشۆی ئێرە و ئەوێیان کرد و نەیاندۆزینەوە. بەرەبەرە دەنگە دەنگیان دوور بووەوە برا. ئای! کە ئەو کۆتەڵە ناوزگ بۆشە چۆن قوتاری کردین! باشە بۆ ئەو کۆتەڵە قوتاری کردین؟ لەمەیان حاڵی نەبووم، لەوانەیە چونکە هەر هەموو جەنگەڵی مەرگ ڕقیان لە کاتۆیە و بیانەوێ یارمەتی ئەو کەسە بدەن کە بۆ بەرەنگاربوونی کاتۆ هاتووە؟ دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم درەختە وشکهەڵگەڕاوە دارێکی بچکەلانەی پڕ لق و پۆپ و گەڵا بووبێ و لەگەڵ شنەبا، شنە شنی کردبێ، بێگومانم گیانی گڵاوی کاتۆ هەڵی وەراندووە و کوشتوویەتی، بڕوا ناکەم ئەم درەختە لەو کەسە ببوورێ کە کوشتوویەتی و وردە گەڵاکانی هەڵوەراندووە. من ئاوای بۆچووم، ئەو درەختەش ئەو کەسەی پاراست، کە بۆ شەڕی کاتۆ خۆی ئامادە کردووە.

کە بەزەلە زەل لە نێو زگی کۆتەڵەکە دەرچووین گوتم:

– سوپاس ئەی درەختە دڵنەوازەکە.

بەڵام درەختە مردووەکە وەڵامی نەدامەوە، ئێمەش بۆ نێو قووڵایی جەنگەڵی مەرگ شۆڕ بووینەوە. گۆگۆم گوتی:

– وا بوو بەگەردوگوڵی بەیان و هێشتا ئەشکەوتی چەکسازەکەمان نەدۆزیتەوە.

ئا... بەڵێ شەو ڕۆیی، بەڵام گەردوگوڵەکەی ئێرەش ئەوەند ڕووناك نییە و ڕەنگەکەی بۆرێکی سامناکە و هەر لە ڕەنگی بووڵێڵ دەکا.

گزیدەی بەربەیانی لای خۆمانی نێو دوورگەی بەهەشتە سەوزەکەم هاتەوە یاد، کاتێ کە سواری میرامیس دەبووم و دەگەڕام و گژوگیای ئاونگداریش هەر لە دەمەگوێزانی پرشنگداری دەکرد، بیرم لە میرامیس

دەكردەوە و گەلێ كەرەتیش نەمدەزانی لە كوێم! بۆیە تاس نەیبردمەوە و نەشترسام، كاتێ لە تەنیشتمەوە ترپەی سمەكانم بیست، وام زانی ترپە سمی میرامیسە. بەڵام گۆگۆم قۆڵی گرتم و چرپاندی:

– گوێ ڕادێرە، وا شۆڤارەكان لە نێو جەنگەڵی مەرگدا دەگەڕێن.

ئالێرە، دەركم بەكۆتایی خۆمان كرد و هیچ كەسی وایش نییە ڕزگارمان بكات. یەكانەدەردوو لە نێو درەختەكانەوە شۆڤارە ڕەشەكان دێن و دەمانبینن. دێن و گژەبا بۆی دەردەچن، بەیەك تاكە خۆچەماندنەوەی سەر ئەسپیان، دەمانڕفێنن و بۆ لای كاتۆمان دەبەن... ئەئاوا. منیش ناتوانم لە ڕووی هەڵشاخێم و بجەنگم. خۆ ئینۆ دوێنێ شەو گوتی: «بەم نزیكانە گوێی لە دوو چۆلەكەی تازە دەبێ، كە لە دەریاچەی مەرگەوە ناڵەیان دێ.» ئەمە دواهەناسەمانە. من ئەمەم نەدەزانی... ترپەی سمەكان تا دەهات نزیكتر دەبووەوە، لەپڕ زەوییەك لە بەردەممان شەقی برد و كرایەوە ئەشكەوتێكم تێدا بەدی كرد. بەرلەوەی بزانم چی ڕووی داوە، دیم من و گۆگۆم لە نێو ئەشكەوتەكە هەڵتروشكاوین و وەك زەرنەقووتەی بەردەم ڕێوییەك لەرزە لەرزمانە. لە دواساتا بینیمان ترپەی ئەسپەكان تادێ نزیكتر دەبێتەوە، شۆڤارەكانیش بەسواری ئەسپ لەسەر سەرمان دەسووڕێنەوە ترپەی سمی ئەسپەكانیش لەسەر شانمان ئەوەندە گران بوون. وەك گرانیی هەورەتریشقە لەسەر زەوییەكەی سەر سەرمان. هەندێ خۆڵ داباریبە سەرمان و كەوتە بن پێمان، چوارمەشقی لێی دانیشتین و هەستمان بە بێ دەسەڵاتی و بەترسێكی كوشندە دەكرد. لە هیكرا، تێكرا گشت شتێ خامۆش بوو، وەك بڵێی: یەك تاكە شۆڤار لەو جەنگەڵەدا نەبووبێ... بۆ ماوەیەكی درێژخایەن چاوەڕێ بووین، لە ئاكاما گوتم:

– لام وایە ئێستا دەتوانین بۆ دەرەوەی ئەشكەوتەكە بخشێین.

كەچی هەمدیس گوێمان لە ترپەی ترسناكی سمی ئەسپەكان بووەوە،

شۆڤـارەکـان هـاتـنـەوە، جـارێکـی تـر سمـەکـان زەویـیـەکـەی بـانـمـانـیـانـی وەك هـەورەتریشقە دەکوتـایەوە و گوێمـان بۆ هـاتوبـات و قسەی شۆڤـارەکان شل کـردبـوو... لـە ئـەسپـەکـانـیـان دابـەزیـن و لـە شوێـنـێکـی هـەر زۆر نزیك لـە ئەشکەوتەکە دانیشتن، بەجۆرێ دەمـانتوانی دەستیان بۆ درێژ کەین، لە نێو درزێکەوە دەمـانبینین چۆن چۆن قسە دەکەن یەکێکیان گوتی:

– کاتۆی مەزن فەرمانی داوە، هەر ئەمشەوە دەبێ سوارەئەسپە دوژمنەکە دەسگیر بکەین، ئەمە فەرمانە و فەرمانی کاتۆی مەزنە.

یەکێکی تر گوتی:

– دوژمن لە نێوماندایە، بەئاسانی دەتوانین دەسگیری بکەین. بگەڕێن، هەموو شوێنێ بپشکنن.

لە نزیك ئێمەوە دانیشتبوون و لەبارەی دەسگیرکردنی ئێمەوە دەدوان، بەڕەنگە ڕەشەکەی بەردەم جادووبەندە بۆرەکەی نێوان درەختە مردووەکان و بـەئـەسپـە ڕەشەکـانـیشیـانـەوە کـە هـەژگـوهـەلایـان هـەڵـدەلـووشی و بەسمەکانیان خاکەکەیان دەکوتێ، وێنەیەکی یەجگار سامدار و ترسناك بوون. یەکێ لە شۆڤارەکان گوتی:

– هەموو شوێنێ بپشکنن، ئەی ئا ئەم درزە چییە؟

شۆڤارێکی تر گوتی:

بەم ڕمەم درزەکە دەپشکنم، خۆئەگەر دوژمنەکە لە نێوی بێ، ئەوا هەر بەم ڕمە گیانی دەردەکەم.

لـە درزەکـەوە بـیـنـیـمـان شۆڤـارێکـی ڕەش بـەرەو ڕوومـان هـات. نـەختـێ خشاین و دوورکەوتینەوە. ڕمەکە زۆر درێژ بوو، سەرەنێزەکەی بەرەبەرە لێمان نزیك دەبوەوە و بەدوامـاندا دەگەڕا، بەڵام کورتی هێنا و نەگەیشت و خۆی لە قەرەی دیواری ئەشکەوتەکە دا و نێوان من و گۆگۆمی ڕووشاند،

بەڵام ئێمە زەدەدار نەبووین. شۆڤارەکانی بان سەرمان گوتیان:

– بگەڕێن، لە هەموو سووچێکی جەنگەڵی مەرگ بسووڕێنەوە و بگەڕێن.

ئەمە فەرمانی کاتۆی هێژایە و دەبێ دەسگیری ئەو دوژمنە بکەین، وا دیارە لە نێو ئەم درزە نییە، لە شوێنی تر بۆی بگەڕێن.

سواری ئەسپە ڕەشەکانیان بوون و دوورکەوتنەوە.

ئەمجارەشیان ئەم ئەشکەوتە ڕزگاری کردین و دەشزانم بۆ؟ تا بەم خاکەش دەگا، ڕقی لە کاتۆیە و دەیەوێ یارمەتی ئەو کەسە بدا کە بەرەنگاری دەبێ و دەجەنگێ. لەوانەیە سەوزەگیای زۆر و زەبەند لەسەر ئەم خاکەدا ڕوابن و بەرەبەیانان تێر تێر شەونمیان هەڵمژیبێ، بەڵام تاوانەکانی کاتۆ هەڵی پرووکاندوون. بڕواناکەم ئەم خاکە لە ستەمکاریێ خۆشبێ کە گژوگیای سەرپشتی پرووکاندبێ، نا بەڵکو ئەم خاکە، وەك من بۆی دەچم، ئەو کەسەی کە بۆ بەربەرەکانێی کاتۆ هاتووە، دەپارێزێ . کە لەو شوێنە دەرچووین گوتم:

– سوپاس بۆ تۆ ئەی خاکە پڕ لە بەزەییەکە.

بەڵام خاکەکە کشومات و وەڵامی نەدامەوە و لەپڕ ئەشکەوتەکە لە بەرچاومان ون بوو... هەمدیس بەهێز و پەرتکەوە، تەکانمان دا، تا گەیشتینە جەنگەڵی مەرگ، وا دیاربوو ئەو چیا و تاشە بەردانەی کە لە بەردەممان بوون، بەتەواوی هەناسە سارد و بێ ئومێد بووبوون، بەرەو گاشەبەردەکانی دەوروبەری جەنگەڵی مەرگ پێچمان دا، هەردووکمان سەرسام بووبووین، ڕێگەکان گیرابوون. پێم وایە زۆر گرانە تازە چەکسازەکە بدۆزینەوە... بەدرێژایی شەو لە نێو دڵی جەنگەڵی مەرگ هەنگاومان هەڵێنا، تا گەیشتینە هەر هەمان ئەو شوێنەی کە سەرشارمان بوو. زنجە بچکۆلانە و بۆر و داتەپییەکەی ئینۆ کە پشتی پەسارده دیواری تاوێرە بەردەکە، زۆر قووچ و بڵند و وەك خەڵووزیش ڕەش بوو.

گۆگۆم گوتی:

– من پێم وایە، ئەم چیایە ڕەشترین چیای سەر ڕووی ئەم جیهانەیە، ئەم چیا ڕەشە خەڵووزینە، تاکە هیوای ئێمە بوو، خۆ دەبێ بەگوێرەی قسەکەی ئینۆ، چەکسازەکە لێرەبێ. بە گۆگۆمم گوت:

– هەه... نەختێ لێرە ستار دەگرین.

دەزانم ئەمە دواکۆتاییمانە، وا شۆڤارە ڕەشەکان نزیك کەوتنەوە، سەردەمێکیشە نێو جەنگەڵی مەرگیان تەنیوەتەوە. بڕێکیان بە پیادە و هەندێکیان بەسواری ئەسپە ڕەشەکانەوە دەگەڕان و بەرەو ڕوومان بوونەوە، ئاخۆ ئێمەیان بینیوە؟ چونکە هەر هەموویان، بەلرمە و لوورەیەکی ناسازەوە دەیانقیژاند:

– دوژمن لە نێومانە، لێرەیە و دەسگیری بکەن، دەرفەتی مەدەن و بەرزەفتی بکەن، ئەمە فەرمانە فەرمان، فەرمانی کاتۆی مەزنە، هەردەبێ دەسگیری بکەین.

هەردووکمان لە شوێنی خۆمان وەستاین و پشتمان دایە دیواری تاوێرەکە، شۆڤارە سیخوڕەکان بەرەو ڕوومان هاتن و نزیکتر بوونەوە، تا ئەمە کۆتاییمانە. وا دیارە ببرِ هەی ببرِ من شەڕی کاتۆم بۆ ناڕەخسێ. زۆر خەمناك بووم، حەزم دەکرد لەپەوڕوو خۆم بەزەوی دادەم و تێر بگریم... دوێنێ شەو ئینۆ گوتی: «گوێم لە هاوار وناڵەی چۆلەکەیەکی دەریاچەکە دەبێ، چۆلەکەیەك کە زۆر بە کەفوکوڵ دەناڵێنی و لە هەموو باڵندەیەکیش خەفەتناکتر دەبێ.» ئینۆ لە پشت پەنجەرەکە وەستابوو، لەگەڵ خۆی دەدوا و دەیگوت:

– ئا ئەلێرەوە، میۆ میۆ بەرز دەبێ و دەکەوێتە بەرزەفرِ.

***

# لە نێو قووڵترین ئەشکەوتی
# ڕەشترین چیادا

شتێکی سەیر ڕووی دا، ئەو تاوێرە بەردەی پاڵمان پێ دابوو، ڕێگەیەکی بۆ واڵا کردین، بەرلەوەی نهێنی ئەو ڕووداوە بدرکێنین، خۆمان بینی ها لە نێو چیاکەداین، هەردووکمان وەك دوو کارژۆڵەی بەردەم گورگێك، ئاوا هەڵدەلەرزین. بەڵام دەبوایە نەترسین، چونکە لە نێو چیاکەدا بووین و شۆڤارەکانیش لە دەرەوە. دەروازەی ئەشکەوتەکەش کە داخرا ناکرێتەوە، بەمەیش بەهیچ کلۆجێ ناتوانن بمانگرن. گوێمان لێ بوو، لە دەرەوە قاوەقاویان بوو دەیانقیژاند:

– بگەڕێن، لە هەموو شوێنێ بەشوێنیان بگەڕێن، دوژمن لە نێوماندایە، دەرفەتیان مەدەن و سەر و سۆیان بۆ بکەن.

هەڵم دایە:

– دەتوانن بگەڕێن، بەڵام هەرگیز ناماندۆزنەوە.

من و گۆگۆم زۆر شادمان بووین و لە نێو چیاکەدا لە پرقەی پێکەنینمان دەدا. بەڵام هەرکە میرامیسم کەوتەوە یاد پێکەنینەکەم دامرکا. کە ئاوڕمان دایەوە لە نێو زگی ئەشکەوتێکی لەندەهۆر و نەختێ تاریکدا بووین. ترووسکەیەکمان لێ دیار بوو، بەڵام نەماندەزانی لە کوێوە دێ، چونکە زۆربەی ڕێگە تاریکەکان، لە ئەشکەوتەکەوە بۆ نێو چیاکە درێژ دەبنەوە، ئینۆ گوتی: «چەکسازەکە لەوێ لە قووڵترین ئەشکەوتی ڕەشترین چیادایە...» لەوانەیە یەکێ لەم توولەڕێ تاریکانە بۆی بڕوا، بەڵام کامە تووڵەڕێ

بگرینەبەر؟ نەماندەزانی... لەوانەیە ناچار بین و زۆر نەڕۆین، یا تا ماوەیەکی درێژخایەن و بەرلەوەی بیگەینێ بوەستین.

گۆگۆم گوتی:

– بەهەرحاڵ، ئێستا ئێمە لە نێو ڕەشترین چیادایین.

هەڵم دایە:

– وا دیارە ئێمە چووینە نێو چیاکە، ڕەنگیشە قەتوقەت لێی دەرنەچین.

زۆر سانا بوو لە نێو چیاکەدا ڕێگە گوم بکەین، چیاکە لەو چیایانەبوو کە ئادەمزاد ناوە ناوە لە خەونا دەیبینێ، مرۆڤ لە نێو ڕاڕەوە تاریك و باریك و درێژەکانیدا هەر دەڕوا و دەرناچێ... دەستی یەکتریمان گرت و تەکانمان دا، هەستمان بە بچووکی و بە ونبوون کرد، چونکە ئەو ڕێگەیەی دەمانگەیەنیتە ئەشکەوتە قووڵەکە. زۆر زۆر دوورە.

گۆگۆم گوتی:

– خۆزیا ئەم چیایانە ئەوەندە خامۆش و ڕاڕەوانەش هێندە تاریك و ئێمەش ئەوەندە بچووك نەدەبووین.

تەکان دوای تەکانمان دا، ڕێگەکان چەندین توولە ڕێیان لێ دەکەوتەوە، نێو چیاکە زۆر تاریك نەبوو، جار جار ڕێگەکان پان دەبوونەوە و ئێمەش بۆ چەند هەنگاوێ، بەردەمی خۆمانمان دەدی. لەپڕ تاریکی داهاتەوە، هەندێ جار نەمان دەتوانی ڕاستە پشت بڕۆین و دەچەمێینەوە، جار ناجاریش وەك کلێسا بەرز دەبووینەوە، دیواری چیاکە شێدار و کەشیش ساردوسڕ بوو، بۆیە هەریەکەمان پاڵتۆکەی خۆی کردە بەر، تا خۆمان لەو زوقمەسڕە بپارێزین و کەسیرە نەبین.

گۆگۆم گوتی:

– لام وایە ئێمە ڕێگەکە نادۆزینەوە و ناشگەینە ئەشکەوتی چەکسازەکە.

برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنین و نەختێ لەتکەنانی برسییەتی شکێنمان خوارد، تەنیا نەختێ، چونکە دەمانزانی چەند وەختێکی درێژخایەن لە نێو چیاکەدا دەمێنینەوە. کە نانمان خوارد وەستابووین، کە تەواوبووین چوومە شوێنێ کەسێڕیانی جیاجیای هەبوو... ئاوێ بە تافەتاف لە بنار دیواری چیاکە، دادەچۆڕا، تینوویەتی پرزەی بڕیبووم، وەستام و چەند لەویچێك ئاوم هەڵقوڕاندن، تامساربوو، بەڵام ناچاربووم، گەڕامەوە لای گۆگۆم کەچی نەمبینی، ئاخۆ دەبێ ڕۆیشتبێ؟ لەوانەیە نەیزانیبێ من بۆ ئاوخواردنەوە وەستابم و ئەمیش لە یەکێ لەو سێڕیانانە بەردەوام بووبێ و وایشی زانیبێ من ها بەدواوەیەم، سەرەتا نەترسام، لە چەقی سێڕیانەکە وەستام و بیرم کردەوە کە: دەبێ گۆگۆم کام ڕێگەی گرتبێتە بەر، وا دیاربوو زۆر نەڕۆیشتبوو، بۆیە بەهەموو دەنگم بانگیم کرد:

– گۆگۆم... تۆ لە کوێی؟

کەچی دەنگەکەم بەچرپە بۆم گەڕایەوە، نەمدەزانی ئەم چیایە چ چەشنە چیایێکە! دیواری تاوێرەکەش بەچرپەوە دەنگەکەمی بۆ گەڕاندمەوە... ئەم چرپەیە، زایەڵەی دەنگەکەم بوو لە نێو چیاکە، دووبارە لە زیرژنم دا:

– گۆگۆم... تۆ لە کوێی؟

خەریك بوو دەترسام، ویستم بەدەنگێکی بەرزتر بانگی بکەمەوە، کەچی چیاکە، بەچرپەیەکەوە، دەنگەکەی چرپاندەوە. بڕوام نەدەکرد ئەم چرپەیە دەنگی من بێ، نا... دەنگی یەکێکی تر بوو، یەکێك کە لە نێو چیاکە دانیشتووەو گاڵتەو گوڵمەزم پێ دەکا. ئای کە چەند دەترسام. لە ناو ڕاڕەوەکە بەرەو چەپ ڕۆیشتم، چەند هەنگاوێکم هاویشت و یەکسەر بەرەو سێڕیانەکە بۆی دەرچووم، لە پاشان لە نێو ڕاڕەوەکە، ڕاستەم گرتەبەر، هەمدیس گەڕامە دواوە... بەرەو ڕاڕەوی ناوەڕاست بوومەوە. «ئێ باشە، گۆگۆم تۆ کامە ڕێگەت گرتەبەر؟». نەمتوانی جارێکی تر بزریکێنم، چونکە

دەنگدانەوەی دەنگم بەچرپەیەکی چاش و سامناکەوە بۆم دەگەڕایەوە. بەڵام دەمزانی ئێستا گۆگۆم چاك دەزانێ، چەند حەز بە دۆزینەوەی دەکەم، بۆیە هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە، هەمدیس ڕێگەکە بڕبڕ بوو، تەنگوتیوار بووم و بۆ ئێرە و ئەوێ پەلم دەکوتا و دەمڕوانی... ڕاڕەوی هەموو لایەکان تاریك و تنووك بوون، ویستم نەگریم چونکە خانەدانم. پێم وابوو گۆگۆمیش وەك من بۆ ئێرە و ئەوێ پەل دەهاوێ و وەك منیش چاش بووە و بانگم دەکا، خۆم هاویشتە سەر تەختایی تاوێرەکە و تێر تێر گریام، پتر لەوەی بۆ میرامیسی دەسگیرکراوی شۆڤاران بگریم، ئێستا من تەنیام، نە میرامیس و نە گۆگۆم لەگەڵم نین... گریام و هەمدیس گریامەوە و ئەڵهایشم دەکرد لێرە نەبوام، نەشمزانی بۆ باوکی پادشام ویستی بێمە ئێرە و لە ڕووی کاتۆ بجەنگم، حەزیشم دەکرد باوکی پادشام، لێرە بوایە، تا لێم بپرسیایەو بمگوتایە:

– باوەگیان، سەیرکە من چەند تەنیام، وا گۆگۆم، گوم بوو، خۆیشت دەزانی کە چاکترین هاودەنگم بوو، ئەمە دوای ئەوەی سەردەمانێکیشە «بینکە»شم لێ ون بووە. تازە گۆگۆم نابینمەوە، تەنیا ئێستا من تەنیام، هەموویشی هەر ویستت تەنیا لە ڕووی کاتۆدا بجەنگم.

لە بەراییەوە وام بۆ هات کە باوکی پادشام– کەم تا کورت– ستەمی لێ کردووم، کاتێ ویستی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کارە خۆکوژە و مەترسییە ببمەوە، لە ئانێکا من کە دانیشتبووم و دەگریام، وام هاتە بەرچاو کە گوێم لە دەنگی باوکی پادشامە، دەزانم ئەمە سێتاڤکەکی ڕووتە و بەس، واهاتە بەرچاو و گوێم کە پێم دەڵێ:

– کوڕم میۆ!

ئەمەو بەس! کەچی دەنگەکەی نائومێدانە نەبوو، بۆیە گومانم نەما کە گۆگۆم دەدۆزمەوە، کە هەستام، شتێ لە گیرفانم بەربووەوە، نایە دارینەکەی نوونوو بوو کە بۆی دروست کردبووم و لە کاتی ئاگر هەڵایساندنەکەی

دوورگەی بەهەشتە سەوزەکەدا دەمژەند. ویستم بیژەنم و ئەو گۆرانییە بڵێم کە نوونوو فێری کردبووین، لێرەدا بەڵێنەکەی من و گۆگۆم کەوتە یاد کە: «ئەگەر هەریەکێ لە ئێمە ئەوەکەی تری گوم کرد، بەم ئاوازە دێرینەیە بانگی بکا».

نایەکەم خستە سەرلێوم و بەتوندی تێم توورپاند، لە هیچ نەدەترسام، بەڵام دەنگێکی یەکجار قورسی لێ دەرچوو. ویستم جارێکی تر، تێ بتوورپێنم، یەکسەر گۆرانییەکە دارژا، دەنگەکەی لە نێو ئەو چیا تاریکەدا زۆر ئاشکرا و ڕوون و بەسۆز دەهات، نا بەڵکو زۆر لەوەکەی دوورگەی بەهەشتی سەوز، زراڤ و شیرینتر بوو. هەموو ئاوازەکەم ژەنی... لەپڕ ئاوازێکی ڕوون و شیرین، لە شوێنێکی یەجگار دووری نێو چیاکە بەرپەرچی دامەوە، تۆزێ کزبوو، بەڵام زانیم ئەوە گۆگۆمە و وەڵامم دەداتەوە، هیچ ڕۆژێ بەقەد ئەم ساتە دینج و دڵخۆش نەبووم، بەشادمانییەوە ژەندم و ژەندم و نەشمتوانی گریانەکەم ڕاگرم. بەگۆرانی و گریانەوە چوومە نێو زگی چیاکە و گوێشم هەر لە نایەی گۆگۆمە کە جارجار دەنگەکەی نزیك دەکەوتەوە. بۆیە هەوڵم دەدا شوێن پێی هەڵگرم، نەخاسمە تا دەهات نزیك و نزیکتر دەبووەوە. لە پاشان هەر لە نایەکەی ترەوە، ئاوازەکە تا دەهات ڕوون و ڕوونتر و بەرز و بەرزتر دەبووەوە.

لە هیکرا، لە ڕاڕەوە تاریکەکە گۆگۆم لە بەردەمم قوت بوو، دەستم درێژ کرد و گرتم و باسکم خستە سەرشانی، ویستم بزانم ئەوە یا نا؟

ئەوبوو، هێژاترین برادەرم بوو.

گۆگۆم گوتی:

– ئەگەر نوونووم بینییەوە، سوپاسی دەکەم، چونکە بۆ هەریەکەمان نایەیەکی دروست کرد.

وام بەدڵا هات کە ئێمە جارێکی تر، نوونوو دەبینینەوە، بۆیە گوتم:

– منیش هەروا، ئینجا گوتم:

– گۆگۆم گیان، ئێستا کام ڕێگە بگرینە بەر؟

گوتی:

– مادامەکی لەگەڵ یەکداین، کارەکەمان وەك یەکە، خۆمنیش بیرم لەمە دەکردەوە.

تەکانمان دا و کەوتینە ڕێ، تەکان دوای تەکان، بێ ئەوەی هەست بەزەبوونی خۆمان، یا بەڕێگە گومکردن بکەین. لە تەك یەکدابووین، لە نێو ئەو چیا ڕەشەدا، زۆر بەدڵنیایی و دەسڕەنگینی ئاوازە دێرینەکەمان دەژەنی، ژەنینەکەی دەبووە مایەی ئاسوودەیی و هاندانمان، ڕێگەکە لێژبوو، ئەو ئاگرە کزەی کە جارەکەی تر بینیمان، تا دەهات نێرگەی گەشتر دەبووەوە، وەك بڵێی: لە نێو ئاگردانێکی گڕەوە بێتە دەر. بەڵێ: ئاگردانێکی بەکڵوکۆی ناوقەدی دیواری تاوێرەکە دەردەهات، کە چووینە نێو ئەشکەوتی چەکسازەکە، بەدووقۆڵییەوە ئاوازە دێرینەکەمان دەژەند، گەیشتین، ئاگردانێکی گڕ و سندانی ئاسنگەر و پیاوێکمان بینی هەڵتروشکابوو. من لام وایە ئەم کابرایە کەتە و بەهێزترین پیاوێکە من لە ژیانما بینیبێتم، قژێکی سوور و ردێنێکی سووری هەبوو، ڕەشباو بوو، دەست و مەچەکی زل و پان بوو، شتی وام نەدیبوو، لەگەڵ دوو برۆی چڕوپڕ. کە ئێمەی دی، لە ژێر برۆوە، بەحەپەسانێکەوە سەیری کردین و گوتی:

– کێ لە نێو ئەم چیایەی مندا، ئەو نایە دەژەنێ؟

گۆگۆم وەڵامی دایەوە:

– خانەدانێك و هاوکارەکەی، خانەدانێکی وڵاتە دوورەکە، ئەوە میر میۆیە، کە لە نێو چیاکەی تۆدا، نایە دەژەنێ.

بەرەو پیرم هات و بەسەرسامییەوە نینۆکە تۆخەکانی خستە سەر

ناوچەوانم و گوتی:

– ناوچەوانت چەند جوانە و چاوەکانیشت چەند گەشن. ئەی ئەم سروودە شیرینە چییە کە لە نێو ئەم چیایەی مندا دەیژەنیت؟

گوتم:

– ئینۆ، ناردمی بۆ لات و منیش هاتووم تا شمشێرێکم بۆ دروست بکەی.

گوتی:

– چی لێ دەکەی؟

گوتم:

– لە دژی کاتۆ شەڕ و بناری پێ دەکەم.

کە ئەو ناوەم هێنا، چەکسازەکە بەتوندی نەڕاندی، کە من بەر لەمە، نەڕاندنی وام نەبیستووە و گوتی:

– کاتۆ، بمرێ کاتۆ.

ئەم نەڕاندنەی وەك گۆڵەی هەور لە نێو کەژ و کەلێن و تاوێر و ڕاڕەوە تاریکەکان، کە دەنگی دایەوە، زایەڵەی نەڕاندنەکەی بوو. ڕاپەڕی و هەردوو کۆڵە مشتە ڕەش و زلەکەی تێك کێشا، ئەو چریسکەیەی کە لە ئاگردانەکەی چریسکا، کەوتە سەر ڕوخسارە ڕەش و سەختەکەی و هەمدیس گوتی:

– برووخێ، بمرێ کاتۆ.

هەر هەمان چریسکەی نێو ئاگردانەکە، کەوتە سەر چەندین شمشێری تیژی لە زاخدار و، کە بەدیواری ئەشکەوتەکەوە هەڵواسرابوون و بەشێوەیەکی زۆر سامناك دەبریسکانەوە. نزیك کەوتمەوە تا بیانبینم، چەکسازەکە لە نەڕاندنەکەی وەستا و بەرەو ڕووم هات و گوتی:

– بینیت، شمشێرەکانت بینی، گشت شمشێرەکانم تیژ و لە زاخدراون، ئەمانەم من بۆ کاتۆ دروست کردووە، من شمشێرسازی کاتۆم.

گوتم:

– جا کە تۆ پیاوی ئەویت، بۆ وا دەنەڕێنی و دەڵێی با بمرێ کاتۆ؟

بەتوندی مشتەکۆڵە ڕەشەکەی وێکنا و گوتی:

– هەرچەندەیش من شمشێرسازی کاتۆم، بەڵام کەس بەقەد من ڕقی لێ نابێتەوە.

لە کابرا ڕامام و دیم بەزنجیرێکی درێژی ئاسنین لە دیواری ئەشکەوتەکە کۆت کراوە، کە دەبزوێ، زرەی دێ.

لێم پرسی:

– بۆ وا بەم زنجیرە قایمە لەم چیایەدا کۆت کراوی؟ ئەی بۆ زنجیرەکەت ناخەیتە نێو نێرگەی ئاگرەکە و لەسەر سندان و بەچەکووش ناپپسێنی و خۆتی لێ ڕاناپسکێنی؟

گوتی:

– کاتۆ، کۆتی کردووم، هیچ ئاگر و چەکووشێکیش نییە بیپسێنی، زنجیرە کۆتی کاتۆ، وا بەئاسانی ناپسێ.

پرسیمەوە:

– ئەی بۆ لەم کۆتی شەرمەزارییە، رازی دەبی؟

گوتی:

– چونکە من شمشێرەکانی بۆ دروست دەکەم، ئەو شمشێرانەی کە مرۆڤی بێگوناهـ و خەڵکی نیازپاکی پێ دەکوژێ، بۆیە بەم زنجیرە قایمانە کۆتی کردووم، ئەویش ئەم شمشێرانەی من هیچی پێ ناکرێ.

ئینجا بەدووچاوی تیژەوە سەیرێکی کردم و گوتی:

– من شەو و ڕۆژ لەم ئەشکەوتە دانیشتووم و شمشێر بۆ کاتۆ دەسازێنم،

ئەمەیان دەزانی، بەڵام شتێ هەیە نایزانی، تۆ تەماشای ئا ئەوێ بکە؟

بەدوای خۆیەوە زنجیرە کۆتەکانی، بەرەو گۆشەیەکی تاریکی نێو ئەشکەوتەکە ڕاکێشا و لە کەلێنی تاوێرەکەوە، شمشێرێکی گرتە دەست کە وەك بڵێزە لە نێو لەپی دەیلیزکاند و گوتی:

– هەزاران هەزار ساڵەو من خەریکی دروستکردنی شمشێرێکم کە بەرد شەق بکا ئەمشەوە، هەر ئەمشەوە لێی بوومەتەوە.

لە پاشان شمشێرەکەی هەڵکێشا و تەنیا بەیەك وەشاندن، درزێکی گەورەی لە دیواری شاخەکە کرد و گوتی:

– ئەمە شمشێری ڕەسەنی منە، بڵێسەی گڕە، ئەو شمشێرەیە کە بەرد شەق دەکا.

لێم پرسییەوە:

– جا بۆ ئەم شمشێرە زاخدارەت دروست کردووە؟

گوتی:

– گوێ بگرە، ئەم شمشێرەم بۆ قڕکردنی بێگوناهـ و خەڵکی نیازپاك دروست نەکردووە، ئەم شمشێرەم چاوەڕێی کاتۆیە، چونکە زۆر دڵسەختە، تێم گەیشتی؟

گوتم:

– نا... زۆر شت لەبارەی کاتۆوە نازانم، تەنیا ئەوە دەزانم کە من بۆ شەڕ و کێشەی ئەو هاتووم.

گوتی:

– زۆر دڵسەختە و چنگڕۆکی لە ئاسنە؟

گوتم:

– چنگڕۆکی ئاسن؟

گوتی:

– بۆ نازانی؟ دەستی ڕاستەی داپاچراوە و لەجیاتی ئەو، چنگڕۆکێکی لە ئاسنی بۆ کراوە!

گوتم:

– جا بەو چنگڕۆکە ئاسنینە چی دەکا؟

گوتی:

– دڵی خەڵك لە سینەیان هەڵدەقەنێ، هەڵدەقەنێ و دڵێکی بەردی لە شوێن دادەنێ، هەموو دەورەیان لێداوە، دەبێ دڵیان لە بەرد بێ، ئەمە فەرمانی ئەوە.

کە ئەمەم بیست، پەست و بێزار بووم، تاسەمەندی ئەو ساتە بووم کە: ڕووبەڕووی کاتۆ ببمەوە و بجەنگم. چەکسازەکە لە تەنیشتمەوە وەستابوو، بەدڵنەواییەکەوە، شمشێرەکەی بەهەردوو دەستی ڕەشی لە مشتۆیەوە گرت. ئەمە وای لێ کردم کە بەڕاستی ئەم شمشێرە بەهادارترین سامانێکی ئەوە. پێم گوت:

– ئەم شمشێرە حەوجۆشەم پێ ببەخشە، تا بەرەنگاری کاتۆ بم.

بۆ ماوەیەك چەکسازەکە بێدەنگ وەستا، لەپاشا سەیری کردم و گوتی:

– ئا بەڵێ، دەبێ تۆ ئەم شمشێرەم ببەیت، ئەو شمشێرەی کە بەناوی (بڵێسەی ئاگر) ناوزەدم کردووە، چونکە چارە و ناوچەوانت زۆر جوان و چاویشت زۆر گەشن، لە نێو چیاکەی منیشدا، گۆرانی بەسۆزت چڕیوە.

ئینجا شمشێرەکەی دادەستم، وام زانی ئاگری لێ دەپڕژێ و تینی دەگاتە ناخمەوە. لەو ساتەدا هەستم بەهێزێکی بێ بن و سەراسا کرد. کابرا چووە نێو دیواری ئەشکەوتەکە و کەلەبەرێکی گەورەی کردەوە، شنەبایەکی سارد

و بەفراوی هەڵی کرد، گوێم لێ بوو، دەنگی شەپۆلەکان هاشەیان دەکرد.

چەکسازەکە گوتی:

– کاتۆ زۆر شت دەزانێ، بەڵام نازانێ من ئەم چیایەم کون کردووە و کەلەبەرێکم بۆ زیندانەکەی خۆم کردووەتەوە، چەندین ساڵە خەریکم، تا ئەم کەلەبەرەم بۆ زیندانەکەم بکەمەوە.

چوومە لای کەلەبەرەکە و لە کەلێنیا سەیری دەریاچە مردووەکەم کرد کە دەوری لە کۆشکی کاتۆ داوە، کۆشکەکە خەم و ڕەشێکی وای پۆشیبوو، کە من هەرگیز شتی وام بەچاو نەدیوە. ئەو ڕۆشناییەی کە لە پەنجەرەی سەر دەریاچە مردووەکە، دەردەفرتا، هەر لە چاوی دێوی دەکرد.

گۆگۆم هات و لە تەنیشتمەوە وەستا، نقەمان لە خۆمان بڕیبوو، بیرم لە ملململانێی داهاتوو، دەکردەوە، گوێم لێ بوو، چەکسازەکە لە دوامانەوە دەیگوت:

– دێ... دێ... دێ... ئەمە دوا جەنگی کاتۆیە، دوا جەنگ.

***

# چنگڕۆکی ئاسنین

پەڵەهەورێکی ڕەش باڵی بەسەر دەریاچەی مردوودا کێشا، نێو با و باهۆز پڕ بوو لە قیژوواژ و هەراهەرای چۆلەکە فروسمێنراوەکان، شەپۆڵەکان لە نێو تاریکیدا هاژوواژ بووبوون، دەبوایە قایغەکەی ئێمە لە نێو دەریاچە مردووەکەوە تێپەڕێت، لەوانەیشە ئەگەر خۆی لەو تاوێرە بەردەی کە لە ژێر کۆشکی کاتۆی دایە، بدا پەراش پەراش بێ.

چەکسازەکە لە تەنیشتمانەوە ڕاوەستابوو، لە کەلێنی ئەشکەوتەکەیەوە چاودێری دەکردین، قایغەکە لە کەنداوێکی نێو چیاکە لەنگەری گرت، کەنداوەکە کەوتبووە دیواری تاوێرە بەردە بڵندەکە، چەکسازەکە گوتی:

– کاتۆ زۆر شت دەزانێ، بەڵام نازانێ دەریاچە مردووەکە لە نێو چیاکەوە دووبەدەر بووە و هیچیش لەبارەی پەنامەکی ئەم کەنداوە نازانێ، هەروا لەبارەی قایغ و شۆستە نهێنییەکەی خوارەوەی کەلێنەکە.

لێم پرسی:

– ئەگەر نازانی سەوڵ لێ دەی بۆ ئەم قایغەت ڕاگرتووە؟

گوتی:

– دەتوانم لەکەلێنەکەوە دەرچم و تا بۆم دەکرێ کۆتەکانم بەدوای خۆمدا ڕاکێشم، بەمجۆرە دەتوانم بۆ مەودایەك لە نێو ئەم کەنداوە نهێنییەم، سەوڵ لێدەم.

بە لەشە زەبەللاح و پێستە ڕەشەکەی لە نزیك کەلێنەکە ڕاوەستابوو، لەوێ

لە لای شۆستە نهێنییەکە، زۆر تاریك و نووتەك بوو، بەئاستەم دەمتوانی ببینم، گوێم لێ بوو پێ دەکەنێ، پێکەنینێکی زۆر سەیر و ترسێنەر، کە وای نیشان دەدا، نازانێ چۆن پێ بکەنێ، خۆ هەر خۆیشی گوتی: «کاتۆ، زۆر شت دەزانێ، بەڵام شتێکی هەڵبژاردووە، نازانێ ئەمشەو لەم دەریاچە مردووە نێو قایغەکەی مندا چی هەیە.» بۆیە گوتم:

– شتێك هەیە تۆ نازانیت، نازانیت کە ئایا جارێکی تر ئەم قایغەت چاو پێ دەکەوێ یا نا؟ لەوانەیە هەر لەسەر دەریاچە مردووەکە لەنگەر بگرێ، لەوانەیشە وەك جۆلانە لە نێو شەپۆلەکاندا لە هەڵبەزو دابەز دابێ، من و گۆگۆمیش لە نێو ئەو جۆلانەیە خەوتووین، تۆ چی دەڵێی؟

– من تەنیا ئەوە دەڵێم: میر میۆ گیان، بەدڵنیایی بنوو، بەدڵنیایی لە نێو ئەو قایغەدا بنوو، کە شەپۆلەکان ڕای دەپێچن.

کەوتمە سەوڵ لێدان، تا چەکسازەکە لە نێو تاریکیدا نقووم بوو و بانگیشی دەکردین، بەر لەوەی بچینە نێو پۆی کەنداوە تەڵەزگەکەی نێوان دەراوە نهێنییەکەی چەکسازەکە و دەریاچەی مردووەوە، بەدەنگێکی ڕێژندە دەیگوت:

– میر میۆ گیان، کاتێ چنگڕۆکە ئاسنینەکە دەبینی، زۆر وریای خۆت بە، ئەگەر بە شمشێرەکەت کەمەر بەستە و ئاگەدار نەبی، ئەوا کۆتایی بەمیر میۆ دێ.

دەردەنگەکە بەکزی، لە نێوان دیواری تاوێرەکەوە، دەلەرییەوە: «کۆتایی بەمیر میۆ دێ، میر میۆ، کۆتاییی میر میۆ». دەنگەکە زۆر خەمگین بوو، بەڵام من بواری بیرکردنەوەم نەما بوو... لەم ساتەدا شەپۆلەکانی نێو دەریاچە مردووەکە، بەهەڵکشان و داکشانێکەوە، قایغەکەی ئێمەی لە چیای چەکسازەکە زۆر دوور خستەوە، لەسەر ئاوەقووڵ و بڵۆقاوەکە هەر سەوڵمان لێ دەدا. لە هەموو خاکێك دوور کەوتبووینەوە، هەستمان بەبچووکی و

تەنیایی خۆمان کرد.

گۆگۆم گوتی:

– خۆزیا ئەم قایغە ئەمەندە بچووك و ئەم دەریاچەیەش ئەوەندە قووڵ و ئەم شەپۆلانەش ئەمەندە هاروهاج و ئێمەش ئەمەندە بچووك، نەبووینایە!

پەح! شەپۆلەکانی نێو دەریاچە مردووەکە چەند بەتەوژم بوون، هەرگیز شەپۆلی وا بەتەوژمم نەدیون، کە سەرشێتانە لە یەك گیر دەبوون و دادەکشان و بەرەو ئێمە شاڵاویان دەهێنا... سەوڵ لێدان دادی نەدا، ناچار هەردووکمان بەهەموو هێزێکمانەوە خۆمان بەسەوڵەکانەوە گرت، لەپڕ شەپۆلێ بەگوژمە گوژمەوە هات و یەکێ لە سەوڵەکانی ڕاپێچا. شەپۆلێکی تر بەهاڕە و هاژەوە هات و سەوڵەکەی تری تێکشکاند، شەپۆلەکان تا پەراوێزی ئاسمان هەڵدەچوون و شڵپەیان لە قایغەکەمان دەهێنا... گۆگۆم گوتی:

– ئێستا بێ سەوڵین و زۆریشی پێ ناچێ قایغەکەش لەدەست دەدەین، چونکە کە شەپۆلەکان تەنگمان پێ هەڵچنن، بەرەو تاوێرەکەی کاتۆ دەبینەوە و قایغەکەمان هەلا هەلا دەبێ، ئەو کاتە بێ قایغ دەمێنینەوە.

باڵندە فروسمێنراوەکان، لە هەموو لایەکەوە هەڵفڕین و دەورەیان لێ داین و دەستیان بەگازە گاز و شین کرد، لە تەنیشت ئێمەوە هەڵدەفڕین و منیش لە گێژینەی ئەو تاریکییەدا، بەتەواوی چاوە پڕشنگدار و خەمگینەکانم دەبینی، لێم پرسین:

– ئایا لە نێو ئێوەدا، برای نوونوو هەیە؟ ئەی لە نێوتان خوشکی ژیری هەیە؟

کەچی چۆلەکەکان بەچاوی چکۆلانەی پڕشنگدار و بەنائومێدییەوە سەیریان دەکردم و بەنامۆیییەوە شین و ڕۆڕۆیان بوو. ئێمە بێ سەوڵ ماینەوە، لە قایغەکەش هیوا بڕ بووین، بۆیە یەکسەر بەرەو کۆشکی کاتۆ ملمان نا، شەپۆلەکان دەیانویست بمانبەزێنن، زانیم بەرەو تاوێرەکە پاڵمان

پێوە دەنێن و ناچاریشمان دەکەن لە ژێر پێی کاتۆدا بکەوینە گیانەڵا. وردە وردە لە تاوێرە بەترسەکە نزیك، نزیکتر بووینەوە. پتر، پتریش لە کۆشکە چاو ئەهریمەنەکە نزیك کەوتینەوە، قایغەکەش دوور، دوورتر کەوتەوە، شەپۆلەکانیش هار و گێژتر بووبوون.

گۆگۆم گوتی:

– میۆگیان، تەواو ئەمە کۆتاییمانە، کۆتایی.

لەو ساتەدا، کە ئێمە لە لیستی مردوواندا بووین، شتێکی زۆر سەیر ڕووی دا، شەپۆلەکان داکەوتن، قایغەکەیان لە نێو توولە ڕێیە مەترسییەکانەوە، بەرەو تاوێرەکەی ژێر کۆشکی کاتۆ ڕاکێشا و خستیانە سەر ئاو. نەمزانی شەپۆلەکان بۆ لە سەرەتاوە ئەمەندە توند و تووڕە بوون، کەچی لەپڕ داسەکنان؟ لەوانەیە ڕقیان لە کاتۆ بێتەوە و دەشیانەوێ یارمەتی ئەو کەسە بدەن کە لەگەڵ کاتۆ دەجەنگی؟

گاها! جاران ئەم دەریاچە مردووە، دەریاچەیەکی پیرۆزەیی و بەختەوەر بووە و ئەو تاوێرە کپانەی لە ئامێز ناوە، دەریاچۆکەیەك کە ڕۆژانی هاوین لیزگی خۆری ورشەدار دای پۆشیوە و بەمیهرەوە دەسبازی لەگەڵ شەپۆلەکان کردووە، گاها! جاران منداڵان مەلەیان تێدا کردبێ و لە تەنگاڵیدا گەمەیان ساز دابێ و پێکەنینیان ڕژابێتە سەر ڕووی ئاوەکە. نەك وەك ئێستا دەیبینن، کە پڕە لە واتەوات و شین و فیغانی باڵندە فروسمێنراوەکان. لام وایە هەر ئەمانە، وایان کردووە کە شەپۆلەکانی لە دەورەی ئێمەدا لەنگەر بگرن و داسەکنێن و لە ڕۆشنایی پەنجەرەی چاو ئەهرینمەکەش بمانشارنەوە. بەدەریاچەکەم گوت:

– سوپاس بۆ تۆ دەریاچەکە، سوپاس بۆ ئێوەش ئەی شەپۆلە هاروهاجەکان.

شەپۆلەکان دامردن، ئاوەکەش داسەکنی و لە نێو تاریکیدا ورتەی لێ بڕا

و وەڵامی نەدایەوە. ئالەوێ لەو بەرزاییيەی بان سەرمان، کۆشکەکەی کاتۆ لەسەر ترۆپکی تاوێرە زلەکە چەقی بەستبوو، ئێستا ئێمە لەسەر کەنارەکەین، لە جاران زیاتر لێی نزیك بووینەوە. ئەمشەو شەوی جەنگ و بەربەرەکانییە. لە خۆمم دەپرسی: «تۆ بڵێی ئەوان بەم کارەیان زانیبێ، ئەوانەی کە هەزاران ساڵە، چاوە چاوی ئەمشەوەی جەنگن؟ یا بیر لەمن دەکەنەوە؟ ئاخۆ باوکی پادشام بیرم لێ دەکاتەوە؟ خۆزیا، حەز دەکەم بیرم لێ بکاتەوە. دەشزانم ئێستا لە شوێنێکی دوور، تەنیا دانیشتووە و بیر لە من دەکاتەوە بەدڵساردییەکەوە لەگەڵ خۆی دەدوێ و دەڵێ: «کوڕم میۆ!»...

شمشێرەکەم لە کالان ڕاکێشا و هەستم بەگەرماییيەکی وەك پەنگرە ئاگر کرد... های! لەوشەوە سامناکەی چاوەنۆڕمە. دەبێ لەمە زیاتر وچان بگرم. موکوڕ بووم کە بەمەرگیش بەرەنگاری کاتۆ بم، دەبێ ئەو شەڕە بەرپا بێ، لەمەودوایش میۆ چی لێ دێ، بابێ! گۆگۆم گوتی:

– زۆر برسیمە.

نانە برسییەتی شکێنەکەم دەرهێنا و لە نزیك تاوێرە زلەکەی بن کۆشکی کاتۆ خواردمان، کە خواردمان هەستمان بەتێری و هێز و شادمانییەك کرد، بەڵام تەنیا یەك پارچە نانمان مایەوە و نەشماندەزانی کەی دەیخۆین. بەگۆگۆمم گوت:

– دەبێ هەڵگژێینە سەر تاوێرەکە، ئەمەیان تاکە ڕێگەیەکە بۆ کۆشکەکەی کاتۆ. گۆگۆم هەڵی دایە:

– دەبێ وا بکەین.

سەرکەوتین، تاوێرەکەی بان سەرمان زۆر بڵند بوو و زۆریش سامناك و تووش و ئاستەنگ... گۆگۆم گوتی:

– خۆزیا! ئەم تاوێرانە ئەوەندە لێژ و شەویش ئەوەندە تاریك و ئێمەش ئەمەندە بچووك و تەنیا نەدەبووین.

بـەگرانـی و بـەگـاپـیێ، تـا دەهـات سەردەکـەوتـین، بـەچـنگـەکرِێ و پـاگرِێ هەڵدەگژاین، چەند پێگەیەکمان دۆزییەوە خۆمان گیر کرد و هەڵپەرکاین، جار ناجار ترس دای دەگرتم و دەمگوت:

– ناتوانم لەمە زیاتر هەڵگژێم، پێم وایە بەردەبمەوەو لە نێو ئەو هەڵدێرە هەزار بەهەزارەدا، ئەنجك ئەنجك دەبم و دەمرم. کەچی لەپرِ پێگەیەك و دەسگـەیـەکـم دەدۆزیـیـەوە خـۆم لـێ گـیـر دەکـرد... مـن وای بـۆ دەچـووم تاوێرەکەش لە کاتی ترسانمدا پێگەکانی خۆی دەخستە ژێر پێم، دوور نییە ئەم تاوێرەش رِقی لە کاتۆ بێتەوە و بیەوێ یارمەتی ئەو کەسە بدا کە بۆ شەرِی کاتۆ هاتووە، کۆشکەکەی کاتۆ لەسەر ئاو و سەری لە هەور دەدا، هەروا شوورەی کۆشکەکەش، دەبێ هەر بگەینە تەختایی ئەو تاوێرە زلە. بەهێواشی بە گۆگۆمم گوت:

– دەبێ لەوێ زۆر خێرابین و بەشوورەکە هەڵشاخێین و ئینجا لێرە، گوێم لـە دەنـگـە دەنگ بـوو، دەنـگـی ئـەو شۆڤـارانـەبوو، کـە لـە شەودا یـەکتـریـان دەدواند، یەکێ لەو دوو شۆڤارەی کە پاسەوانی شوورەکە بوو، گوتی:

– بگەرِێ، هەموو شوێنێ بپشکنە و بگەرِێ، ئەمە فەرمانی کاتۆی مەزنە و دەبێ دوژمنەکە بگرین، ئەو دوژمنەی کە سواری ئەسپە سپییەکە بووە، دەبێ دەسگیر بکرێ، ئەمە فەرمانی کاتۆی مەزنە، ئەشکەوتەکانی چیا و مێوان درەختەکانی جەنگەڵ بگەرِێ، لە نێو ئاو و بادا بەدوای بگەرِێ، لێرە و لەوێ بگەرِێ، هەموو شوێنێ بپشکنە و بگەرِێ.

ئەوەی تریان گوتی:

– لـە نـزیك خـۆتـەوە لـێی بگـەرِێ، ئێمـە لـەوانـەین هـەر لـە نـزیکـەوە لێی دەگەرِێین، لەوانەیە دوژمنەکە لە نێوانمان بێ، لەوانەیە ئەمشەوە بەتاوێرە بەردی کۆشکەکە هەڵگژێ، بگەرِێ، هەموو شوێنی بپشکنە و بگەرِێ.

خەریك بوو دڵم بوەستێ، کاتێ کە بینیم وا خەریکە چرایەك دادەگیرسێنێ،

خۆ ئەگەر ورشەی ئەو چرایە لە شوورەکە بدا، ئەوا دەمانبینێ و کۆتاییمان پێ دێ و تەنیا ڕمەکەی بۆمان ڕادەوەشێنێ و بەس، ئەو ساتە پێویست ناکا بەدوای ئەو دوژمنە بگەڕێ کە سواری ئەسپە سپییەکە بووە، هەر بەتەنیا هەڵخلیسکانێکمان، لنگ و قووچ بەرەو دەریاچە مردووەکە دەبینەوە و تاهەتایە ون دەبین، یەکێ لە شۆڤارەکان گوتی:

– با هەموو شوێنێك بگەڕێین. چراکەت ئاراستەی تاوێری کۆشکەکە بکە، لەوانەیە ئێستا دوژمنەکە لە هەڵگژان دابێ، با لە هەموو شوێنێ بەدوایدا بگەڕێین، شۆڤارەکەی تر، چراکەی هەڵگرت و بەرەو شوورەکە بووەوە، ورشەکەی ئەو ناوەی ڕۆشن کردەوە، باوەشمان گرتە یەك و وەك دوو مریشك لەبەردەم پشیلەیەکدا کەوتینە لەرزە.

ورشەکە تا دەهات نزیکتر دەبووەوە، گۆگۆم چرپاندی:

– تەواو، کۆتاییمان هات.

کەچی لەم ساتەدا شتێکی سەیر ڕووی دا، تیمە چۆلەکەیەك لەودیوی دەریاچەکەوە پەیدابوون، چۆلەکە فرسمێنراوەکان، ئاسمانی دەریاچەکەیان بەپەرەوازەوە تەنی، چۆلەکەیەکیان بەتیژی هەڵفڕی و خۆی لە چرای دەس شۆڤارەکە دا کەوتە زەوی. لە ژێرەوە ورشە ورشێکمان بینی، چراکە بوو بەرەو دەریاچەکە شۆڕ بووەوە، هەر لەو ساتەشدا تەنێکی ڕۆشنمان بینی، بەرەو خوار دەبووەوە، ئەو تەنە ئەو باڵندەیە بوو کە ڕزگاری کردین، بە شەقەی باڵەکانی لە نێو شەپۆلی دەریاچەکەدا نوقمەسار بوو، یەکجار بۆی پەرۆش بووین.

هەرچەندەیش دەمزانی نامبیستێ، بەڵام چرپاندم:

– سوپاس بۆ تۆ ئەی چۆلەکەکە.

گریانێك بۆ ئەو باڵندەیە قورقوڕاگەی گرتم، بەڵام یەکسەر دوو شۆڤارەکەم بیر کەوتەوە... هێشتا نەگەیشتووینەتە ترۆپکەکە، مەترسیش

دەورەی داوین، دوو شۆڤارەکە لەو چۆڵەکەیە زۆر پەست و سوخت بوون... بەر لە ئێمە لەسەر شوورەکە وەستان، من وانیم شەفقە ڕەش و تۆقێنەرەکان ببینم، گوێشم لە بڕیس بڕیسی گڕوقەبەیان ببێ، کە دەیانگوت:

– بابگەڕێین، هەموو شوێنێ بگەڕێین، لەوانەیە دوژمنەکە لێرەوە دوور بێ، لەوانەیشە ئێستا لەلایەکی دیکەوە هەڵدەگژێتە شوورەی کۆشکەکە... با بگەڕێین، هەموو شوێنێ بگەڕێین.

چوونە لایەکی تر و سەیری ئەو لایەیان کرد. چرپاندمە گوێچکەی گۆگۆم:

– یاڵلا خێراکە.

بەپەلە پەل هەڵپەڕکاین، تا بگەینە ترۆپکی تاوێرەکە، زۆر بەتیژڕەویش لە نێو ئەو تاریکییەدا بەرەو کۆشکی کاتۆ بووینەوە و خۆمان لە پەنای دیوارێکی ڕەشی کۆشکەکە لە مەڵاس نا، هەست و خوستمان لەخۆ بڕی، چونکە لەو دوو شۆڤارە دەترساین، ئێ نەوەك بمانبینن.

گۆگۆم چرپاندی:

جا چۆن بچینە نێو کۆشکەکەی کاتۆ؟ چۆن؟ خۆ ئەوە ڕەشترین کۆشکی سەر ڕووی ئەم دنیایەیە!

لەم ساتەدا دەرگەیەك لە دیوارەکە کرایەوە، دەرگەیەکی ڕەش بەئەسپایی لە تەنیشتمانەوە. هیچ دەنگێك نەما و دنیا زۆر خامۆش و ترسناك بوو. من نیازخواز بووم– کەمتابێژ– گوێم لە جیرەی دەرگەکە بێ، خۆ ئەگەر گوێم لەو جیرەیە، لە نزمترین جیرەش بووایە، کەشەکە بەم چەشنە ترسناك نەدەبوو، خامۆشیی ئەم دەرگەیە لە خامۆشیی هەر دەرگەیەکی دی پترە... دەستی یەکترمان گرت و بەرەو کۆشکی کاتۆ ملمان نا، ترس و بیمێکی مەزن جەستەمانی خڕۆشاندبوو، دەوروبەر زۆر تاریك و نووتەك بوو، دنیاش وەك سەهۆڵبەند، بێدەنگییە دێو جامە ئاساکەی نێو کۆشکی کاتۆ، لە ڕادەبەدەر خامۆش بوو... لە دەرگەوە ڕێگەیەکمان بەدی کرد، کە بەرەو

پەیژەیەکی بچووك و باریکی سەر بەرەوژوور دەچوو... ڕێگەکە ڕەشترین ڕێگەیەك بوو کە من لە ژیانما بینیبێتم، گۆگۆم چرپاندی:

– نیازمەندم ئەم تاریکییە دامان نەخورپێنێ، ئاواتە خوازیشم کاتۆ لەگەڵمان زۆر دڵسەخت نەبێ، ئێمەش لەم تەنیاییەماندا ئەوەندە بچووك نەنوێنین.

دەستم دایە شمشێرەکەم لە پەیژەکە سەرکەوتین، من ئینجا گۆگۆم. هەندێ جار لە خەونما دەمبینی، هام لە نێو چەندین خانووی تاریك و سەیر و ترسێنەر، ڕێ دەکەم، ژوورەکانی تاریکن و منیش لە نێویدا گیرم خواردووەو هەناسەشم سوارە، لەسەر زەمینەکەیشی چەندین درز و قۆرتی قووڵ و ڕەش لە ژێر پام دەکرێنەوە و پەیژەکانیش ڕێنوێنیم دەکەن. هەستم بەشتێکی ئاوا دەکرد، بەڵام لە خەونیشما هەرگیز خانوویەکی تۆقێنەری وەك ئەمەی کاتۆم نەبینیوە.

سەرکەوتینە سەر پەیژە پێچەلپێچەکە، نەشماندەزانی لە سەرەوە چیمان تووش دێ. لە پشتەوە گۆگۆم گوتی:

– من ترسێکی زۆرم لێ نیشتووە.

ئاوڕم دایەوە تا دەستی بگرم، کەچی یەکسەر لە بەرچاوم نەما و دیوارەکە حەشاری دا. لەسەر پەیژەکە تەنیا باڵ مامەوە و هەستم بەتەنیاییەکی کوشندەی، پتر لەو تەنیاییە کرد، کە لە چیای چەکسازەکەدا یەکتریمان بزر کرد، لە هەموو جارێ زیاتر هەستم بەتەنیایی کرد. نەمویست هاوار بکەم، بەڵام دوو دەستی لەرزۆکم لە ڕووی ئەو دیوارەدا بینی کە گۆگۆمی تێدا حەشار دراوە... گریام و چرپاندم:

– گۆگۆم گیان، تۆ لە کوێی؟ تۆ لە کوێی گۆگۆم گیان، بگەڕێوە! دیوارەکە لە ژێر دەستما زۆر سارد و سەخت بوو، هیچ درزێکی تێدا نەبوو، تا گۆگۆمی تێدا حەشار درێ. هەموو شتێ وەك جاران دامرکا، گۆگۆم وەڵامی قسە و

گریانمی نەدایەوە، هەموو شتێ داسەکنابوو. بڕوا ناکەم هیچ مرۆڤێ لە کاتی سەرکەوتنی سەر پەیژەکە بەقەد من هەستی بەتەنیایی کردبێ، هیچ لاقێکیش بەقەد لاقی من قورستر و بەرهەراوتر نەبوو، بەتایبەتی کە دەمویست لەسەر پەیژەکە بەرزی بکەمەوە، لەسەر دوا پەیژەدا، نەشمدەزانی ئەمە دوا پەیژەیە یا ترۆپکەکە! جا چۆن لەم تاریکییەدا ئەوەم بۆ بدرکێنرێ، کە قاچم بەرز کردەوە، هیچ پێگەیەك نەمابوو لەسەری بوەستم، کە کەوتم هاوارم لێ هەڵسا و ویستم شتێ بدۆزمەوە و بیگرم، بەحاڵ خۆم لە پەیژەکە ئاوێزاند و بەدوای پێگەیەك دەگەڕام تا لەسەری بوەستم، هیچم نەدۆزییەوە، بەخەرەندێکی هەزار بەهەزاری ڕەش هەڵواسرابووم، کەس نەبوو ڕزگارم بکا، دوای چەند ساتێ بۆ نێو هەڵدێرەکە لینگە و قووچ دەبمەوە و سەربەرەوژێر دەڕۆم. ئەمە کۆتاییمە. وام بەبیرا دەهات.

لە زریکەم دا:

– ڕزگارم بکەن، با یەکێ ڕزگارم بکا.

بەکزییەوە گوتم:

– گۆگۆم گیان، باوانەکەم گۆگۆم گیان، ڕزگارم بکە.

لەبەر تاریکی نەمتوانی بەدی بکەم، نەمتوانی ڕوخسارە شیرینەکەی ئەو چاوانەی کە لە چاوەکانی «بینکە» دەکا ببینم. دەنگێ وەڵامی دامەوە، وام زانی دەنگی گۆگۆمە و گوتی:

– بەڵێ، من ڕزگارت دەکەم، دەستم بگرە من ڕزگارت دەکەم.

دەستم گرت، بەڵام دەست نەبوو، چنگڕۆکێکی ئاسنین بوو.

***

# شمشێرێکی سامناک

ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر هەموو ئەمانە لەبیر دەکەم، یەکجارەکی کاتۆ و ڕوخسارە ترسناك و ڕمووزن و چاوە داپڵۆسێنەر و چنگڕۆکی ئاسنینە تۆقێنەرەکەی فەرامۆش دەکەم، ئەهـ! کە تا سەرداری ئەم ڕۆژەم کە کاتۆی تێدا فەرامۆش کەم، ئەم ژوورە خەماوییە لە بیر دەکەم.

ژووری کاتۆی نێو کۆشکەکە، ئاو هەواکەی ناساز و قورسە و پڕە لە ئاماژەی شەڕ، شەو و ڕۆژ خۆی لەوێ حەشاردەدا و نەخشەی بۆ پرۆژە شەڕەنگێز و گڵاوەکانی دادەنا، بەدرێژایی شەوان و ڕۆژان لە مەڵاس دابوو، ئاو و هەواکەی پڕ بوو لە بەدەنگێزی و دەیخنکاندم، کە دەشچۆڕا هەموو شتێکی پڕ لە جوانی و ژیانی لە دەرەوە دەلەوتاند و دەکوشت، گەڵا سەوزەکانی دەژاکاند و گوڵەکانی هەڵدەوەراند و گژوگیای هەڵدەپرواند، ئەو ئاو و هەوا ناهەموارە، پەژوو پۆڵ دەبوو، بەری خۆری دەگرت، ئەو شوێنە ڕۆژی تێدا نەبوو، هەر سیا شەو و نیمچە شەو بوو. سەیریش نییە ئەگەر پەنجەرەی ژوورەکە وەك دوو چاوی دزێو و بەدخواز لەسەر ڕووی دەریاچەی مردوودا دەچریسکایەوە.

شەڕەنگێزیی کاتۆ لە پەنجەرەکەوە دەیمڕاند. شەو و ڕۆژ نەخشەی پرۆژە گڵاوەکانی دەکێشا، ئا ئەمە ئەو ژوورەیە کە کاتۆ منی تێدا بەند کرد، کاتێ کە دەستم درێژ کرد و شمشێرەکەم بەکار نەهێنا، شۆڤارە ڕەشەکانی منیان دەسگیر کرد و بەپاڵ منیان بردە بەردەمی. گۆگۆم بەر لە من گیرابوو، نیگەران و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، کە منی دی، بەکزییەکەوە گوتی:

– میۆ، ئەمە کۆتاییمانە.

کــاتــۆ لــێمــان بــەژوور کــەوت، هــەمــوو شەڕخــوازی و ڕوخسارە ترسنــاکــەکــەیمــان بـیـنـی، هـیـچـی نـەگـوت، تـەنـیـا سەیـری کـردیـن، شەرخوازییەکەی وەك رووبارێکی ساردوسڕ بەرەو ڕووم دادەکشا و وەك ئـاگـری گـڕدار بـەرەو دەسـتـوپـێمـان دەخشا و چـاوی دەگـەزیـن و لـەگـەڵ هەناسەکێشان دەرژایە نێو سییەکانمانەوە. شەڕخوازییەکەی هەر هەموو شانەی جەستەمی تەنیبوو، یەکجار شەکەت بووم، نەمدەتوانی شمشێرەکەم هەڵکێشمەوە. شۆڤارەکان شمشێرەکەیان دا بەکاتۆ، سەرنجم دایێ هانابڕ بوو، بەشۆڤارەکانی گوت:

– من لەم کۆشکەمدا، شمشێری وام نەدیوە.

چووە لای پەنجەرەکە و لە شمشێرەکەی دەستی ڕاما و گوتی:

– چی لەم شمشێرە بکەم؟ بێ تاوان و نیازپاکان بەم جۆرە شمشێرە کەلەپاچە ناکرێن! چی لێ بکەم؟

چـاوە زڕە مـاریـنـەکـانـی لـێ زەق دەکـردم. ئـای! کە چەندم حەز دەکرد بیزانیایە، من چەند ئەو شمشێرەم مەبەستە. لە پاشان بۆڵاندی:

– تووڕی دەدەمە نێو دەریاچە مردووەکە، بۆ ناخی ناخی ئەو دەریاچەیە، تا لە کۆشکەکەمدا شمشێرێکی جگە لە ئەمانەی من نەمێنێ.

شمشێرەکەی بڵند کرد و لە پەنجەرەکەوە هەوای دا، دیم لە نێو بۆشاییی ئاسماندا لوول دەخوا... چەکسازەکە هەزاران هەزار ساڵە خەریك بووە، تا ئـەم شمشێرە مـووکـارو بـەردشکـێنـەی دروست کـردووە، هــەزاران هــەزار ساڵیشە، خەڵك بەهیوان و بەتەمان، من کاتۆ لە ناوبەرم! کەچی وا ئێستاکێ شمشێرەکـەی تـووڕدایـە نـێو دەریـاچـەکـە و زۆر ئـەستـەمـە جـارێکـی تـر بیبینمەوە... هاتە لامان و لە بەردەمماندا وەستا، کە لە من نزیك بووەوە، خەریك بوو بخنکێم و نەڕاندی:

– باشە! چ لەم دوژمنە بکەم کە هاتوون بمکوژن؟ ئەمە کارێکە و شایانی

لێکدانەوەیە، بیانکەم بە دوو چۆلەکە، تا هەزار هەزار ساڵ لە تەك چۆلەکەکانی تردا، لەسەر ئەو دەریاچەیە پەرەوازە بکەن؟

کە بیری دەکردەوە سەرنجە شەڕەنگێزەکانی بەرەو ئێمە هەڵدەکشا، لە پاشان بەبڵمە بڵمەوە گوتی:

– باشە، وایان لێدەکەم، یا دڵیان هەڵدەکەنم و دوو دڵی بەردینی لەجێ دادەنێم، بەو دوو دڵە بەردینەش دەبنە دەسکەلا و نۆکەری خۆم.

خەریك بوو بگریم و بپاڕێمەوە:

– تکات لێ دەکەم چاکتر وایە هەر باڵندە بم، چونکە هیچ شتێ بەقەد دڵەبەردینە، بەد نییە.

بەڵام ناچار بووم و فزرەم لێ نەهات، چونکە ئەگەر ئەو داوایەم لێ بکردایە، یەکسەر دڵێکی بەردینی دەدامێ! بەچاوە پەتیارەکانی کە لە چاوی زرەمار دەکەن، هەر لە کەڵەموستی پێ تا تەوقی سەرمان، سەرنجی لێ داین و بڵماندی:

– یا لە قەڵاو کاخەکە بەندیان کەم تا دەمرن؟ چونکە باڵندەم زۆرن و کاسەلێس و نۆکەریشم زۆرە، وا چاکترە ئەم دوو دوژمنەم بخەمە ناو قەڵاو کاخەکە، تا لە برسا ئاوزینگ دەدەن و دەمرن.

لە ژوورەکە کەوتە هاموشۆ و بیرکردنەوە، هەر بیرکردنەوەیەکیشی دەبوو بەشەرای مەرگ و ژوورەکەی قورستر و پڕ لە ئاورینگی بەدنیهادی دەکرد، لەپڕ گوتی:

– نا بەڵکو تەنیا یەك شەو لە کۆشکەکەم بەندتان دەکەم، تا لە برسان بمرن، شەوی من زۆر درێژە و برسییەتی تێدا زۆر بەتینە.

لە بەردەمم وەستا و چنگڕۆکە ئاسنینەکەی لەسەر شانم دانا و بۆڵاندی:

– میۆ، من دەتناسم، دەزانم تۆ بەدوای سەری مندا وێڵی، کاتێ کە ئەسپە

سپییەکەتم بینی، من لەویێ دانیشتبووم و چاوەڕێت بووم، ئەوەبوو هاتی.

چەمایەوە و چرپاندییە گوێچکەم:

– تۆ وات دەزانی ئەمشەوە شەوی هەرای جەنگە، بەڵام بەهەڵەداچووی ئەی میر میۆ، ئەمشەو شەوی برسییەتییە. تا ئەمشەو لەم کۆشکەی مندا تەواو دەبێ، تۆ دەبی بەتۆپەڵە ئێسکوپروسکێك و هیچی تر.

میر میۆ و یاوەرەکەی تەنیا ئەو ئێسکوپروسکە جێ دەهێڵن و بەس. بەچنگڕۆکە ئاسنینەکەی لە خوانە بەردینەکەی نێو ژوورەکەدا و چەند پاژێکی لێ هەڵپڕوا و بەچنگڕۆکەکەی ئاماژەی بۆ کردین و گوتی:

– یاڵڵا ڕایان کێشنە نێو قەڵاوکاخەکە، ڕایان کێشن و بەحەوت کلیل دەرگەیان لەسەر کڵۆم بکەن، با حەفتا و حەوت شۆڤاریش پاسەوانییان لێ بکەن.

لە پاشان لەسەر خوانەکە دانیشت و گوتی:

– دەمەوێ بەئاسوودەیی و دڵنیایی دانیشم و نەخشەی پڕۆژەی تر بکێشم. با کەسیش لەمە زیاتر بەمیر میۆ خەریك و بێزارم نەکا، کە ئەمشەوە ڕۆیی، دەچم و سەرنجێ لەو ئێسکوپروسکە وردانەی نێو قەڵاوکاخەکەم دەدەم. بای بای میر میۆ! بەدڵنیایی لە نێو قەڵاوکاخی برسییەتیدا بنوو.

شۆڤارەکان پەلاماریان داین و لە کۆشکەکەوە سەریان خستین و بۆ نێو قەڵاوکاخەکە پەلکێشیان کردین، تا لەوێ گیان بدەین و بمرین. شۆڤارەکان لە هەموو شوێنێ بوون، ڕاڕەو و پەیژەکانی نێوان ژووری کاتۆ و قەڵاوکاخەکەیان تەنیبوو! ئێ باشە، بۆ کاتۆ، نەئاوا لە من دەسڵەمێتەوە و چ پێویستیی بەم هەموو پاسەوانانە هەیە؟ ئایا لە مرۆڤێ دەترسێ کە نەشمشێری هەیە و لە پشت حەوت کلیلی کڵۆمدراو و حەفتا و حەوت پاسەوانی دەرەوەشدا بەند کراوە؟

پاسەوانەکان دەستیان گرتین و بەرەو زیندانەکە ڕۆیشتین. لە نێو کۆشکە ڕەش و لەندەهۆرەکە، هەنگاومان هەڵدەهێنا و دەڕۆیشتین، لە ڕۆیشتنا یەك تاکە شوێنمان بینی، پەنجەرەیەکی باڵهاویشتووی لێ بوو، لەوێوە دەمانتوانی حەوشەی کۆشکەکە ببینین. لە ناوەڕاستیدا ئەسپێ بەمێخ زنجیر بەسترابوو، ئەسپێکی ڕەش و لە تەنیشتەوەش جوانووەکەی. بینینی ئەم ئەسپە زۆر ئازاری دام و میرامیسی لە دەسچووی بیر خستمەوە، لەبەر خۆمەوە گوتم:

– دەبێ چییان لێ کردبێ؟ لەوانەیە ئێستا نەمابێ.

سیخوڕە شۆڤارەکان دەستیان ڕاکێشام و بەزۆرەملێ تەکانیان پێ دام، لەم ساتەدا هیچ بوارێکم نەما، تا بیر لە میرامیس بکەمەوە. گەیشتینە ئەو زیندانەی کەوا شەومانی تێدا بەسەر دەبەین... دەرگە ئاسنینە ناقۆڵاکەیان کردەوە، تووڕیان داین و خڕ دەرگەیان داخست، حەوت جاران کلیلەکانیان سووڕاند. هەردووکمان لەو زیندانەدا، تاکوتەرا ماینەوە... زیندانێکی خڕ و دیوارەکەی لە تەنکە بەرد هەڵچنرابوو، کونەکەی لە یەك دیوار و بەتەیمانی قورسی ئاسنین داپۆشرابوو، لە نێو ئەم تۆڕە ئاسنینەوە، گوێمان لە هەراوزەنای ئەو باڵندە فروسمێنراوانە بوو، کە لە ئاسمانی دەریاچە مردووەکەدا هەڵدەفڕین. لەسەر زەوییەکە دانیشتین و بەبێ دەسەڵاتی و بەترس و بەو مەرگە کرد کە بەر لە ڕۆیینی شەو، یەخەگیرمان دەبێ.

گۆگۆم گوتی:

– نیازخوازم مەرگمان هەڵەتاو و بەئازار نەبێ، لە ئەنجامی بێ دەسەڵاتی و تەنیایی، نیازخوازم مەرگمان هەڵەتاو نەبێ.

لەسەر زەوی زیندانە بەردینە ساردەکە هەڵتروشکابووین، بەتوندی زۆر بەتوندی دەستی یەکترمان گرت، برسییەتی تەنگەتاوی کردین و خەریك بوو ونجڕونجڕ بین، برسییەتییەك بوو، دڵۆپ دڵۆپ خوێنی دەمژین، تا

وامان لێ هات تەنیا بیر لە ڕاکشانی سەر زەوییەکە بکەین و خەوێکی قووڵ بخەوین و هەڵنەستینەوە. بەڵام لە چاوەڕوانی مەرگدا بەرەنگاری تاسەی نووستن بووینەوە. ژیانی وڵاتە دوورەکەمان دەگێڕایەوە. من بیرم لە باوکی پادشام کردەوە، ئەسرین لەسەر تیمانجی دیدەم قەتیس مابوو، بەڵام برسییەتی بڕستی شکاندم و هۆن هۆن دڵۆپە ئەسری گەرم بەسەر ڕوومەتمدا ڕێچکەی بەست، گۆگۆمیش وەك من بەبێدەنگی دەگریا و بەسەراسیمەییەوە چرپاندی:

– ئەگەر...! خۆزیا وڵاتە دوورەکە لێرەوە دوور نەبوایە، دوورگەی بەهەشتە سەوزەکە دوور نەبوایە، ئێمەش ئەمەندە کەم دەسەڵات و تەنیا نەبووینایە.

هەڵمدایە:

– لە بیرتە کاتێ کە لە زوورگ و تەلان و مێرگوزاری بەهەشتە سەوزەکە دەسووڕاینەوە و نایەمان دەژەنی و گۆرانیمان دەگوت؟ لە بیرتە، گۆگۆم گیان لە بیرتە؟

بەخەفەتێکەوە گوتی:

– ئەوە، سەردەمانێك بوو.

گوتم:

– دەتوانین نایە بژەنین، دەتوانین ئەو ئاوازە دێرینەیە بژەنین، تا برسییەتی دەمانگرێ و دەخەوین.

گوتی:

– با تێ هەڵکەین.

بەشپرزەیی هەریەکە نایەی خۆی گرتە دەست، چونکە داهێزرابووین، ژەنیمان، ئاوازە دێرینەکەمان ژەنی. گۆگۆم لەگەڵ ژەنینەکە دەگریا و دڵۆپە فرمێسك بەسەر گۆنایدا هۆن هۆن دەهاتە خوارێ. لەوانەیە من لە ئەو پتر

گریابم، نازانم. ئاوازەکە یەکجار بەسۆز و گۆداز بوو، بەڵام کزبوو، وەك بڵێی ئەویش وەك ئێمە و هەر بەم زووانە گیان دەدا و دەمرێ، کەچی هەر گۆرانیمان دەگوت و دەگوتەوە... گوێمان لە: باڵندە فروسمێنراوەکان بوو، باڵندەیەك گوێی لە ئاوازە کزەکە بوو، هات و لە دەرەوەی تەیمانە ئاسنینەکە، کەوتە باڵەشنە، لەودیو شیشی پەنجەرەکە دەبریسکایەوە و چاوە چکۆڵەکانی پڕ بوون لە ژان و خەم... لەپڕ لە بەرچاو نەما، هێزمان لێ بڕا و نەمانتوانی لەمە زیاتر، لە ژەنین بەردەوام بین. نایەکەم خستە گیرفانمەوە و گوتم:

– ئێمە وا دواهەمین جار، دوا گۆرانی خۆمان چڕی.

هەستم کرد شتێ لە نێو گیرفانم هەیە، ئا ئەمە ئەو کەوچکە چکۆلانەیەیە کە خوشکی ژیری بەکاری دەهێنا و من دۆزیمەوە و خستمە گیرفان. نیازخوازم باڵندەکان بگەڕێنەوە و کەوچکەکە ببینن، ئێ بەڵکو خوشکی ژیری بیناسێتەوە. بەڵام تازە باڵندە فروسمێنراوەکان ڕۆیشتن و ناگەڕێنەوە، ئەوەندە شەکەت بووم، لاکەم دەهات و کەوچکەکە لە دەستم بەربووەوە. بەگۆگۆمم گوت:

– کەوچکێکمان پێیە.

گوتی:

– جا چ سوودی هەیە، ئەگەر خۆراکمان نەبێ؟

گۆگۆم لەسەر مازگی پشت ڕاکشا و چاوی نووقاند، ئەوەندە شەکەت بوو، نەیدەتوانی بدوێ. منیش هەروا. لەبەر بێ خۆراکی پەژارە دایگرتم. ئێستا هەرچیمان دەسکەوێ دەیخۆین. تامەزرۆی نانی برسییەتی شکێنەکە بووم، بەڵام تازە تا هەلێکی تر، تامی ناکەمەوە، تینووش بووم تا سەرداری ئاوی ئەو کانیاوە سازگارە بووم کە تینوویەتی دەشکێنێ، بەڵام تازە کەڕەتێکی تر ناینۆشمەوە... تامەتامی ئەو شۆربایە بووم کە پوورە ئیدلام، قاوەڵتێی پێ

دەکردم و حەزم لێ نەدەکرد، ئێستا حەزم لێیە، حەز لە هەرشتێ دەکەم کە بخورێ و بخورێتەوە، لە تەکانێکما هەر هەموو هێزم دایە بەرخۆم و کەوچکەکەم بۆ لێوم بەرز کردەوە و هەر بەرواڵەت خستمە نێو دەممەوە. وەك بڵێی شتێ دەخۆم ئەئاوا. ئالێرەدا شتێکی سەیر رووی دا، شتێ بەکەوچکەکەوە لکابوو، شتێ تامی بۆزەنی ئەو نانەی دەدا کە برسییەتی دەشکێنێ، چێژی ئەو ئاوە سازگارەش دەدا کە تینوویەتی لادەبا، نان و ئاوەکە لە کەوچکەکەدا بوو، تامی نانەکە تێر و تەژی کردم. سەیرترین شت لەو کەوچکەدا ئەوەبوو کە، تەواو نەدەبوو، نانەکەی هەر بەردەوام پێوەی لکابوو، تا وام لێ هات لەوە زیاترم پێ نەخورێ. گۆگۆم بەکەنەفتی لەسەر زەوییەکە راکشابوو، هەردوو دیدەکانی نووقاندبوون. کەوچکەکەم خستە دەمییەوە، هەمووی لێستەوە و هۆشی هاتەبەر، ئینجا گوتی:

– خەونێکی خۆشم بەنانە برسییەتی شکێنە بینی.

هەڵم دایە:

– ئەوە خەون نەبوو.

گۆگۆم چاوی کردەوە و دانیشت و زانی هێشتا لە ژیاندایە و نەمردووە و برسیشی نییە، هەردووکمان لە بەردەم ئەم رووداوە تاس بردبووینییەوە، نائومێد بووین بەڵام رەگی شادمانییەك لە ناخمان روا.

گۆگۆم گوتی:

– ئەی باشە، کاتۆ چیمان لێ دەکا، ئەگەر زانی ئێمە لەبرسان نەمردووین؟

گوتم:

– نازانم، ئەگەر دوو دڵی بەردینمان نەداتێ! من زۆر لەو دڵە بەردینە دەترسم، پێم وایە سینەم دەخاتە خارشت و دای دەرووشێنێ.

گۆگۆم گوتی:

– مادامەکی هێشتا هەر شەوە، کاتۆش هێشتا نەهاتووە، با کاتەکە بەباسی ولاتە دوورەکە ببڕین. با پاڵ بدەینە پاڵ یەك، تا سەرمامان نەبێ، ئەم قەلاوکاخە زۆر ساردە و دانە چۆقەی تێخستووین.

پاڵتۆکەم لەسەر شان کەوتە زەوی، هەڵم گرت و لەخۆم لوول دا، ئەو پاڵتۆیەی کە ژنە تەونکەرەکە، لە کەتانی نەرم بۆی چنیبووم. لەم ساتەدا بیستم گۆگۆم دەڵێ:

– میۆ، میۆ تۆ لە کوێی؟

وەلامم دایەوە:

– لێرەم، لای دەرگەکە.

ئەو مۆمەی کە شۆڤارەکان بۆیان جێ هێشتبووین، تا دواچرکەی ژیانمان پێ ڕۆشن بێتەوە، گۆگۆم دەستی بۆ درێژ کرد و هەڵی گرت و لە نێو ژوورەکە سووڕاندی، ژوورێکی گەلێ سامدارمان بینی، ئینجا گوتی:

– من ناتبینم!

من شەوکوێر نەبووبووم، چونکە دەرگە و کلیل و هەموو شتێکی نێو زیندانەکە دەبینم، ئالێرە هۆیەکەم زانی. بە بەرەواژی پاڵتۆکەم لەبەر کردبوو، تەنیا ناواخنەکەی دیاربوو. پاڵتۆکەم وەرگێڕایەوە. گۆگۆم بەگلەییەوە گوتی:

– جارێکی تر مەمترسێنە، ئەوە خۆت لە کوێ شاردەوە؟

لێم پرسی:

– ئێستا دەمبینی؟

گوتی:

– ئەی چۆن، دەزانم خۆت لە کوێ شاردۆتەوە.

گوتم:

– لە نێو پاڵتۆکەم! لەوانەیە ژنە تەونکەرەکە، سیحری لە ناواخنەکەی کردبێ.

چەند جارێ پاڵتۆکەم لەبەر کرد، زانیم بەم جۆرە نابینرێمەوە.

گۆگۆم گوتی:

– با بەهەموو دەنگمانەوە بزریکێنین، بەڵکو شۆڤارەکان بێنە ژوورەوە، لەو ساتەدا دەتوانی پاڵتۆ فروسمێنراوەکە لەبەر بکەیت و بەنێویاندا ڕەت بی و کۆشکی کاتۆ بەربدەیت و بگەڕێیتەوە وڵاتە دوورەکە.

پێم گوت:

– ئەی تۆ گۆگۆم گیان؟

بەلەرینەیەکەوە گوتی:

– ناچارم لێرە بمێنمەوە.

بەردەوامیش بوو:

– چونکە یەك تاکە پاڵتۆی فروسمێنراوت هەیە.

گوتم:

– وایە، بەڵام یەك تاکە هاوڕێشم هەیە، ئەگەر نەتوانین بەسەلامەتی لێرە دەرچین، کە مردین با بەیەکەوە بمرین.

گۆگۆم باوەشی پێدا کردم و گوتی:

– بەڕاستی من دەمەوێ، بەسەلامەتی لێرە دەرچیت و بگەیتە وڵاتە دوورەکە، من زۆر بەختەوەرم چونکە تۆ دەتەوێ بەرم نەدەیت، دەمەوێ ئەو بەختەوەرییەم بشارمەوە، بەڵام پێم ناکرێ.

کاتێ کە ئەو دەدوا، شتێکی سەیر ڕووی دا، بەشەقژنی باڵەوە و بەپەلە،

باڵنده فروسمێنراوەکان هاتنه لامان و لەتیمانی پەنجەرەکه نزیك بوونەوە و شتێکیان بەدەنووکیان هەڵگرتبوو، هەر هەموویان له هەڵگرتنی ئەو شته قورسەدا شانیان دابووه بەر، ئەو شته شمشێرەکەم بوو، ئەو شمشێرەی که بەرد شەقار شەقار دەکا.

گۆگۆم گوتی:

– میۆ گیان، وا باڵنده فروسمێنراوەکان، شمشێرەکەتیان له ناخی دەریاچەکه بۆت هاوردەوە.

بەرەو پەنجەره ڕام کرد، بازندەم له نێو تەیمانەکه درێژ کرد و شمشێرەکەم ڕاکێشا، وەك ئاگر لیزگی تنۆکه ئاویشی لێ دەچۆڕا و دەدرەخشا. گوتم:

– سوپاس بۆ ئێوه ئەی چۆلەکەکان.

بەچاوه چکۆلانەی پڕ ژاروژوور و پڕشنگداریانەوە، سەیریان کردم. له پاشان باڵندەیەك، بەشین و زیقژنەوە، بەرەو پەرۆچکەی ئاسمانی دەریاچەکه له شەقەی باڵی دا و ڕۆیی.

گۆگۆم گوتی:

– من زۆر بەختەوەرم، چونکه ئەگەر نایەمان نەژەندایه، باڵندەکان شوێنی ئێمەیان نەدەدۆزییەوە.

ئەو قسەیەم بیست و ڕابووم و شمشێرەکەم گرته دەست، شمشێره ڕاستەقینەکەم، بلێسەی ئاگر: هێزێکی مەزن هاته بەرم، که من له ژیانما هێزی وام نەهاتووەته بەر. هەندێ دەنگی جیا جیا له نێو مێشکۆڵەما دەیانزیراند، باوکی پادشام کەوتەوە یاد، وەك بیر له من بکاتەوە. گوتم:

– گۆگۆم گیان، ئێستا جەنگی نێوان من و کاتۆ دەس پێ دەکا.

ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و چاوەکانی زۆر سەیر بریسکانەوەو گوتی:

– باشه، ئەی چۆن ئەو حەوت کلیله دەکەیتەوە؟ چۆن بەنێوان حەفتا و

حەوت شۆڤار تێدەپەڕی؟

گوتم:

– هەر حەوت کلیلەکە بەم شمشێرەم دەشکێنم، پاڵتۆکەشم لە چاوی هەر حەفتا و حەوت شۆڤارەکە دەمشارێتەوە.

پاڵتۆکەم خستە سەرشانم، تەونە سەیرەکەی لە نێو تاریکیدا دەبریسکایەوە، وا دیارە بەشی ڕۆشنکردنی هەر هەموو کۆشکی کاتۆ ناکا، گۆگۆم گوتی:

– دەزانم لێرەی، بەڵام من ناتبینم، تا دەگەڕێیتەوە من چاوەنۆڕتم.

گوتم:

– ئەی ئەگەر نەگەمەوە؟

ئەو بێدەنگ بوو، منیش کەوتمە وتەوێرە:

– ئاخۆ لە دوا جەنگی کاتۆدا، کێ زاڵ بێ و سەربکەوێ؟

زیندانەکە خامۆش بوو، بۆیە گۆگۆم گوتی:

– میۆ گیان، ئەگەر نەگەڕایتەوە با یادی یەکتر بکەینەوە، با بەدرێژاییی تەمەن یادی یەکتر بکەینەوە.

هەڵم دایە:

– بەڵێ، گۆگۆم گیان، من یادت دەکەم، تا دوا هەناسەش یادی باوکی پادشام دەکەمەوە.

شمشێرەکەم هەڵگرت و لە دەرگە ئاسنینەکەم دا، وەك بڵێی لە دەرگەیەکی مینا بەندم دابێ، جا بۆ شمشێرێك کە بەرد شەق بکا، لە چاویدا ئاسن مینا بەندە و هیچی تر. هەر بەدوو ڕاوەشاندن ئەڵقەرێزە زلەکەم شکاند. دەرگەکەم کردەوە و جیڕەیەکی لێ هات، هەر حەوت شۆڤارەکەی دەرەوە لە پاسەوانیی دابوون، کە گوێیان لە جیڕەکە بوو، هەموویان بەرەو دەرگەکە

شاڵاویان برد. سەیری دەرگا و منیان کرد. بەپاڵتۆ پڕشنگدارەکەمەوە وەستام. لەوانەیە منیان دیبێ.

یەکێکیان گوتی:

– گوێم لە جیڕەیەك بوو.

یەکێکی تر هەڵی دایە:

– منیش گوێم لە شتێکی وەك جیڕە بوو.

پەرشی هەموو لایەك بوون، بەڵام منیان نەدی. سێیەمیان گوتی:

– من وام زانی ئەو جیڕە لە ئەنجامی شەڕەنگێزی کاتۆوە هات.

من لێیان دوور کەوتمەوە، شمشێر و پاڵتۆکەم گرت و بەهەڵەداوان و ڕاکە ڕاك گەیشتمە ژوورەکەی کاتۆ. شۆڤارەکان لە نێو هۆڵ و لەسەر پەیژە و ڕاڕەوەکان، پاسەوانییان گرتبوو. هەر هەموو کۆشکە ڕەشەکە، بەشۆڤاری ڕەش تەنرابوو، بەڵام منیان نەبینی و نەبیست. ڕام کردە ژوورەکەی کاتۆ، ببرهای ببڕ هەستم بەترس نەکرد. ئێستا من ئەو میوێیە نیم کە زنجی لە گوڵستان بنیات دەنا و لە بەهەشتە سەوزەکەش یاریی دەکرد. ئێستا من شاهنەژادم و بەرەو جەنگین بوومەتەوە. ڕام کردە ژوورەکەی کاتۆ، پاڵتۆ فروسمێنراوەکەم، تاریکی کۆشکەکەی ڕۆشن دەکردەوە، لە ڕاکەڕاکەم بەرەو ژووری کاتۆ بەردەوام بووم، شمشێرەکە لە دەستما وەك ئاگر دەگڕا و دەبریسکایەوە. زۆر بەتوندی مشتۆکەیم گرت و بەرەو ژووری کاتۆ بوومەوە، بیرم لە باوکی پادشام کردەوە، هەستم کرد، ئەویش بیر لە من دەکاتەوە، ها ئێستا، ها دەمێکی تر شەڕ دەقەومێ. کە بیرم لە شەڕەکە کردەوە نەترسام، چونکە من شاهنەژادم و نازانم ترس چییە و شمشێرەکەش لە نێو دەستمایە، کە بەرەو ژووری کاتۆ بوومەوە، چەندین هەرا و دەنگ، وەك تاقگە لە نێو توێژاڵی مێشکما دەیانزیراند. لە دەرەوەی دەرگەی ژوورەکەی کاتۆ وەستام، دەرگەم کردەوە و بینیم کاتۆ لە بەردەم خوانە بەردینەکە دانیشتووە و پشتی

لە منە.

پێم گوت:

– ئاور بدەرەوە جەنابی کاتۆ، ئێستاکێ وەختی دواجەنگەکە هاتووە.

کە کاتۆ ئاوری لێ دامەوە، پالتۆکەمم داکەند و بەشمشێری دەستمەوە لە بەردەمی وەستام، ڕوخسارە شەڕەنگێزەکەی گۆڕا و بۆر هەڵگەڕا و گرژ و مۆن بوو، چاوە نەگریسەکانی پڕ بوون لە ژەهرخەنەی ترس و ڕق و تۆقاندن. بەپەلە دەستی دایە شمشێرێکی تەنیشت خوانەکە و دواجەنگ لەگەڵ کاتۆدا دەستی پێ کرد. بێگومان ئەمیش شمشێرێکی ترسناکی بەدەستەوەیە، بەڵام شمشێرەکەی ئەو وەك ئەمەی من نییە، شمشێری من بڵێزەدارە و دەبریسکێ و لە نێو بادا وەك ئاگر، دەگڕێ و بێ بەزەییانەش دادەپاچێ. ئەو جەنگە چاوەڕوان کراوەی هەزاران ساڵ، تەنیا یەك سەعاتی ماوە، جەنگێکی سامناك و بێ ئامان و خامۆش. شمشێرەکەم وەك بڵێسە دەبریسکایەوە، ڕووبەڕووی شمشێرەکەی کاتۆ بووەوە و ڕفاندی، کاتۆ بێ شمشێر مایەوە، کە زانی جەنگەکە دوایی هات، خێرا کراسە قەیفە ڕەشەکەی کردەوە و سینەی بەدەرخست و نەڕاندی:

– لە دڵم بدە، دڵم، دڵە بەردینەکەم بسمە! سەردەمانێکە ئەم دڵەم جۆش دەخوا... تێرم تێ هەڵدە و بمکوتە.

کە سەیری چاوەکانیم کرد، شتێکی سەیرم بینی، بینیم کاتۆ زۆر حەز دەکا لەو دڵە بەردینەی ڕزگاری بێ، لەوانەیە هیچ مرۆڤێك نەبێ، بەقەد ئەم ڕقی لە خۆی بێتەوە...! نەوەستام، شمشێری بریسکەدارم هەڵگرت و ئاوقەی دڵی کاتۆی شەڕەنگێز و بەردین کرد، لەپڕ هەر لەم ساتەدا، کاتۆ بزر بوو، کەچی کەڵەکە بەردێکم لەسەر زەوییەکە بینی. تەنیا کەڵەکە بەردێك و چنگڕۆکێکی ئاسنین.

لە پەنجەرەکەش بۆرە چۆلەکەیەکی چکۆلانە وەستابوو، دەنووکی لە

شووشەکـەی دەدا، لـە دیـمـەنـی دیـار بـوو دەیـەویٚ دەرچـێت، بـەر لـەوە من نەمدیبوو، ناشزانم لە کویٚ خۆی شاردبووەوە، چوومە لای پەنجەرەکە و کردمەوە تا بێتە دەر و بڕوا، دەرپەڕی و بەرزە فڕ ڕۆیی و بەشادمانییەوە گۆرانیی دەگوت، پێم وابیٚ شۆڤارێك بوو، دەمـانێك بوو زیندانیی کرابوو. لە تەنیشت پەنجەرەکە وەستام و سەیری چۆلەکەکەم دەکرد کە لە ئاسمان هەڵفڕ هەڵفڕی بوو، بۆیشم ڕوون بووەوە کە:

شەو ڕۆیی و کازیوەی زێڕین شەبەقی دا.

***

# کوڕم... میۆ

بەڵێ: شەو ڕۆیی و کازیوەی زێڕین شەبەقی دا، خۆر گرشەدار و سروەی هـاویـنـیش لـە تـەلـەکـانـی قـژی دەدام و مـنـیش لـە بـەردەم پـەنـجـەرە واڵاکـە وەستابووم و لەو بانچیلەیە سەیری سەر چەمی دەریاچەکەم کرد، دەریا چۆکەیەکی بەبژوون و تەڕ و تلێس بوو، تیشکی خۆر گرتبوویە هەمێز و بـاڵـنـدە فـروسمـێـنـراوەکـانیش ڕۆیشتبـوون. ئـای! کـە ڕۆژێکـی جـوانـە، لـەو ڕۆژانەیە ڕوو بکەیتە گەشتوگوزار و ڕابواردن. تەماشای ڕووبەری ئاوەکەم کرد کە بەشنەبای بەیان کەرویشکەی دەکرد، حەزم کرد شتێ فرێدەمە نێو دەریاچەکە، مرۆڤ هەمیشە کە تەماشای ئاو دەکا ئەم جۆرە حەز و گزوفتە دای دەگرێ، هەر ئەوە بێننە بەرچاو ئەگەر یەکێ شتێ لەم بەرزاییەوە فڕێ بداتە نێو ئەو دەریاچەیە، چ جۆرە شڵپەیەکی لێ دێ. هیچم نەدۆزییەوە تەنیا شمشێرەکە نەبێ، توورم هەڵدا و لوولی خوارد و شڵپەی هات و ئاوەکە جما و شەپۆلی زل زلی، لێ لە شڵپە دا. چەند شەپۆلێکی ناسك و جوان کە شمشێرەکەی تێدا ڕۆچوو، تا دەشهات دەموچرکا و دەشنایەوە و هەموو سەر ڕووی دەریاچەی تەنییەوە.

دەرەتانێکی وام نەبوو تا بوەستم و تەماشای پەرشبوون و موچڕکەردنی شەپۆلەکان بکەم. دەبوایە یەکسەر بچمە لای گۆگۆم، دەزانم ئێستا بەدڵە قرچێوە چاوەنۆڕمە.

لە هەمان ڕێگەوە ڕۆیشتم کە بەر لە سەعاتێ لێی تێپەڕیم. هۆڵ فراوان و ڕاڕەوەکـان بـۆش و خـامـۆش بـوون، چ شۆڤـارێکـی ڕەشی تـێدا نـەمـابـوو،

سەرجەمیان ڕۆیشتبوون، تیشکی خۆر هۆڵەکانی پڕ کردبوو، نێوان شیش و پەنجەرە و تەونی هەڵواسراوی جاڵجاڵۆکەکەی بنمیچەکانی ڕۆشن کردبوو.

پەهـ! پەهـ! لەم کۆشکە کۆن و خەم لێ نیشتووە. حەژمەت و خامۆشی لە هەموو کون و کاژێرکێك تەشەنەی کردبوو. لەپڕ ترسام نەوەك گۆگۆم ڕۆیشتبێ، بۆیە هەنگاو دوای هەنگاوم هەڵێنا، بەڵام کە لە قەلاوکاخەکە نزیك بوومەوە، سۆزی نایەی گۆگۆمم بیست و دڵم داکەوت و حەسامەوە.

دەرگەی زیندانەکەم کردەوە و دیم گۆگۆم دانیشتووە، کە منی دی، چاوەکانی ترووسکاو هەڵسا و گوتی:

– دەبوایە بەدرێژایی ئەو وەختە نایە بژەنم، چونکە یەکجار بۆت لە دڵەڕاوکێدا بووم.

– لەمەولا پێویست بەدڵە ڕاوکێ ناکات.

من و گۆگۆم زۆر شادمان بووین، سەیری یەکترمان کرد و بزەخەنینە دایگرتین و گوتم:

– با لێرە تێکشێین، دەرچین و جارێکی تر نەیبینینەوە.

دەستی یەکتریمان گرت و ڕۆیشتین و کۆشکی کاتۆمان جێ هێشت... لە هەیکرا لە نێو گۆڕەپانی کۆشکەکە وەستاین و تەماشامان کرد و دۆش دامایـن، دەبێ ئەو ئەسپە چ بێ کە بەرەو پیرمانەوە دێ، ئەگەر میرامیس خۆی نەبێ؟

ئا، میرامیسی پۆپنە زێڕین بوو، جوانوویەکیش لە تەنیشتیەوە هەڵبەز و دابەزی بوو. یەکسەر بۆ لای من هات و باسکم ئالاندە ملی، بۆ ماوەیەك سەری جوانیم لەسەری خۆی نزیك کردەوە و چرپاندم:

– میرامیس! گیانەکەم، ئەسپەکەم.

بەدوو چاوە وەفادارەکانی چاوی تێ بڕیم، زانیم ئەو لە من پتر بۆم

تـاسەدارە. لـە نـاوەڕاستـی گۆڕەپـانـەکـە مێخ زنـجـیرێکـی داریـنـە هـەبـوو، لـە تـەنـیشتـیـیـەوە زنـجـیـرە کـۆتـێك کـەوتـبـوو. ئـالێرە زانـیم کـە مـیرامـیسیش فرۆسمابوو، ئەوە ئەو ئەسپە ڕەشە زنجیر کراوە بوو، کە دوێنێ شەو لێرە بینیم، ئەو جوانووەش کە لە تەنیشتی بوو، کاتۆ لە جەنگەڵە تاریکەکە دەسگیری کردبوو. هـەر بـۆ ئـەم جـوانـووەش، ئـەو سەد ئـەسپـە گریـان و فرمێسکی خوێنینیان ڕشت، لەمەولا ئەو فرمێسکە خوێنینەی بۆ ناڕێژن، لە نزیکترین دەرفەتیش بۆیانی دەگەڕێنمەوە.

گۆگۆم گوتی:

– ئەی ئەوانەی کە کاتۆ دەسگیری کردبوون، کوان لە کوێن؟ ئەی باڵندە فروسماوەکان بۆ کوێ چوون؟

گوتم:

– با گەشتێ لە دەرەوەی دەریاچەکە بکەین و بەدوایانا بگەڕێین.

سواری پشتی میرامیس بووین و جوانووەکەش خێرا بەدواماندا هات. بەرەو دەروازەی کۆشکەکە چووین و لێی دەرچووین، لێرەدا ژاوەژاوێکی سامناکمان بیست، کە هەرگیز نەمانبیستبوو، ژاوەژاوێکی ترسناك بوو لە پشتمانەوە دەهات، ژاوەژاوێکی وا کە زەوییەکەی خستە لەرزە، ئەوە کۆشکی کاتۆ بوو، دارماو بوو بەکەڵەکە بەردێك. لەمەولا نەقەڵاوکاخ و نە هۆڵی حـەژمـەتدار و نـەپـەیژەی هـەڵواسراو و نـەپـەنجـەرەی شیشدار نـەمـا، تـەنـیـا کەڵەکە بەردێك نەبێ.

گۆگۆم گوتی:

– تا هەتایە، کۆشکەکەی کاتۆ بەدەم باوە چوو.

گوتم:

– وایە، تەنیا چەند کەڵەکە بەردێ نەبێ.

لە تاوێرە بەردەکەی بن کۆشکەکە، ڕاڕەوێکی تەنگەبەر، بەرەو دەریاچەکە هەڵدەکشا، ڕاڕەوێکی تەنگەبەر و پڕ لە مەترسی بوو، بەڵام میرامیس بەوریایی دەڕۆیشت و سمەکانی لە شوێنی شیاو دادەنا، تا بەسەلامەتی گەیشتینە کەنار و جوانووەکەش لە تەکمان بوو، پۆلە منداڵێك لە بناری تاوێرەکە وەستابوون، وا دیاربوو چاوەڕێی ئێمە بوون، چونکە ڕوخساریان زۆر گەش بوو.

گۆگۆم گوتی:

– هەهە! ئەمانە براکانی نوونوون، ئەمەش خوشکە چکۆلانەی ژیرییە، منداڵەکانی تریش ئێستا باڵندەی فروسمێنراو نین.

لەسەر پشتی میرامیس دابەزین و منداڵەکان بەرەو پیرمان هاتن. شەرمیان لە چاو دەباری، بەڵام لە هەمان کات تەباترو دڵگوشادتر بوون. زارۆیەك لە براکانی نوونوو دەستی گرتم و نەیویست کەس ببیستێ، بۆیە چرپاندییە گوێچکەم:

– من زۆر بەختەوەرم کە تۆ پاڵتۆکەی منت لەبەرە، بەختەوەرتریشم چونکە ئێمە ئێستا چەند باڵندەیەکی فروسمێنراو نین.

کچۆڵەیەکیش، کە تاقەخوشکی ژیری بوو هات، سەیری منی نەکرد بەشەرمێکەوە ڕووی لە دەریاچەکە کرد و چرپاندی:

– من زۆر بەختەوەرم، چونکە کەوچکەکەمت بەکار هێناوە، بەختەوەریشم کە ئیتر لەمەولا ئێمە چەند باڵندەیەکی فروسمێنراو نین.

برای دووەمی نوونووش هات و دەستی لەسەر شان دانام و گوتی:

– من بەختەوەرم، چونکە شمشێرەکەمان لە دەریاچەکەوە بۆ هێنای، بەختەوەریشم کە لەمەولا وەك باڵندە نافروسمێنرێین.

گوتم:

– ئێستا، وا شمشێرەکە لەبن دەریاچەکە دایە، ئەمەش کارێکی باشە، چونکە لەمەولا کارم بەشمشێر نابێ.

براکەی نوونوو گوتی:

– ئەمە ڕاستە، چونکە جارێکی تر نابینەوە بەباڵندەی فروسمێنراو.

سەیری زارۆڵەکانم کرد و گوتم:

– ئەی کوا کچی ژنە تەونکەرەکە؟

کەس وەڵامی نەدامەوە، هەمدیس دووبارەم کردەوە:

– کوا کچی ژنە تەونکەرەکە، دەمەوێ پێی بڵێم کە: دایکی ناواخنی پاڵتۆکەمی بەتەلی سیحراوی چنیوە.

براکەی نوونوو گوتی:

– مەبەستت میلیمانی کچە چکۆلانەکەیە، کە ژنە تەونکەرەکەی دایکی گومی کردووە؟

گوتم:

– ئا، لە کوێیە؟

گوتی:

– ئا... لەوێ ڕاکشاوە.

منداڵەکان لاکەوتن، کچۆلەکە لە بنار تاوێر و لە تەنیشت پردەکە ڕاکشابوو، چوومە لای و چۆکم دادا و دانیشتم، جووڵەی لێ بڕابوو، هەردوو چاوەکانیشی نووقابوون و دوا هەناسەشی دابوو.

براکەی نوونوو گوتی:

– ئەم کچۆلەیە، یەك لەو باڵندانە بوو، کە خۆی لە چراکەی دەستی شۆڤارە ڕەشەکە دا و خستی.

هەر یەکجار خەمم خوارد، میلیمانی مرد، تا من رزگار بکات. من یەکجار خەمناکم، لەمەولا لەبەر میلیمان، تامی شادی نازانم، مرد تا من ڕزگار بکات.

براکەی نوونوو هەڵی دایە:

– خەم دات نەگریٚ، میلیمانی خۆی ئەمەی خواست، ویستی بەرەو چراکە بڕوا، ئەوە بوو هەردوو باڵەکانی هەڵقرچا.

گوتم:

– بەڵام ئێستا مردووە، بۆیە من شیوەنی بۆ دەکەم.

براکەی نوونوو، هەردوو دەستی هەڵقرچاوی میلیمانی گرت و گوتی:

– میلیمانی گیان، لێرەت جیٚ دەهێڵین، بەڵام بەر لەوەی بڕۆین، گۆرانیت بۆ دەڵێین.

لە بناری تاوێرەکە دەورەیان لە تەرمی میلیمانی دا و گۆرانییەکیان چڕی، کە خۆیان لە نێو خۆیان شیعرەکەیان هۆنیبووەوە:

میلیمانی، خوشکی چکۆلەمان

ئەو خوشکە چکۆلەیەی کەوتە نێو شەپۆلەکان

کەوتە نێو شەپۆلەکان و باڵەکانی هەڵقرچا

میلیمان! میلیمانی!

کپ خەوتووە و جارێکی تر بێدار نابێتەوە.

میلیمانی گیان، لەمەولا هەڵنافڕی

لەمەولا لەسەر ئاوە ڕەشەکە، شین و فیغان ناکەی

گۆگۆم گوتی:

– خۆزیا بە شتیٚ دامان پۆشتایە، با بەکراسیٚ دای پۆشین، تا لە سەختیی

تاوێرەکە بیپارێزێ.

گوتم:

– میلیمانی بەم پاڵتۆیەی خۆم دای دەپۆشم، ئەو پاڵتۆیەی کە دایکی بۆی چنیوم.

میلیمانیم بەو پاڵتۆیەم داپۆشت کە ناواخنەکەی لە کەتانی فرۆسماو بوو، کە لە گوڵە سێو نەرمتر و لەشنەبای پیرەشەویش کە دەسبازی لەگەڵ گژوگیا دەکا، ناسکتر، لە خوێنی دڵیش گەرمتر، نەخوازەڵڵا دایکی ئەم چنیبووی. بەوپەڕی دڵنەوایی و ڕێزەوە میلیمانی بێگوناهم کە ئێستا بەوپەڕی ئاسوودەیی لەسەر ئەو بەردە ڕاکشاوە بەو پاڵتۆیەم داپۆشت.

لێرەدا شتێکی سەیر ڕووی دا... میلیمانی چاوەکانی کردەوە و سەیری کردم. بە کپی ڕاکشابوو سەیری دەکردم، بەواقوڕماوی وەستام و سەیریم کرد، سەیری مناڵەکانم کرد، ئەمیش بەحەپەساوی سەیری ئەملا و ئەولای کرد و ئینجا گوتی:

– تەحا! ئاوی ئەم دەریاچەیە چەندێ شینە.

ئەمەی گوت و پاڵتۆکەی لادا، نیشانەی هیچ سووتانێکی پێوە دیار نەبوو، شادمانی هەموو لایەکی داگرت، چونکە سەرلەنوێ میلیمانی ژیایەوە.

لە دەریاچەکەوە قایغێك بەرەو ئێمە هەڵدەکشا، یەکێ زۆر بەسرکی و بەپەلەپەل سەوڵی لێ دەدا، کە نزیك کەوتەوە چەکسازەکەم بینی، ئینۆی لەگەڵ بوو، کە لە بناری تاوێرەکەوە گەیشت، هەردووکیان خۆیان بۆ تاوگەکە هەڵدا.

ئینۆ بەتاسەیەکەوە هاتە لام:

– میرمیۆ گیان، دەمەوێ تەنیا شتێکت پێ نیشاندەم.

دەستی درێژ کرد تا شتەکەم پێ نیشان دا، گەڵا سەوزەی درەختێکی

چکۆلانە بوو، بەڕاستی گەڵایەکی جوان و پڕ لە وردە ڕێ ڕێی ناسك بوو، نەرم و تاڵەکەی ملی سەوز بوو.

گوتی:

– ئەمەم لە جەنگەڵە مردووەکە هێناوە، ئێستا دیم لەسەر درەختێکی ئەم جەنگەڵە ڕوابوو.

بەخۆشحاڵییەوە ئاماژەی بۆ کردم، سەرەبۆرە شانەکراوە بچووکەکەیشی بەرزە بوو و دەنیشتەوە، بەرزە بوو و دەنیشتەوە، ئینجا گوتی:

– هەموو بەیانییەك دەچمە جەنگەڵە مردووەکە، تا گەڵای سەوزی تر بێنم.

هەمدیس هەڵیدایە:

– میر میۆگیان، ئەمەیان بۆ تۆیە.

گەڵاکەی خستە نێو دەستمەوە، وەك بڵێی: جوانترین دەستودیاری لەم جیهانەدا، بۆ هێنابم. هەم سەری لەقاندەوە و گوتی:

– میۆ گیان، دانیشتم داوای سەرکەوتنم بۆ خواستی لە نێو زنجەکەم دانیشتبووم، داوای سەرکەوتنم بۆ دەخواستی.

چەکسازەکەش گوتی:

– ئەی پێم نەگوتی؟ نەمگوت ئەمە دواجەنگی کاتۆیە؟

لێم پرسی:

– ئەی قایغەکەت چۆن هێنایەوە؟

گوتی:

– شەپۆلەکان بۆیان هێنامەوە.

لە دەریاچەکەوە تەماشای چیای چەکسازەکە و زنجی ئینۆم کرد.

چەندین قایغ و بەلەمی گەورەم بینی لەسەر ئاو بوون و خەڵكی وایان تێدا بوو، نەمدەناسین، خاكسار و ڕەنگپەڕیو بوون و بەواقورماوی و شادمانییەوە سەیری خۆر و دەریاچە شینەكەیان دەكرد، وا دیارە بەرلەمە خۆری پرشنگداریان نەدیبێ، كە بە گرشەكری هەمێزی لە دەریاچە و تاوێرەكان گرتووە. لە بەردەم خۆمەوە گوتم: «ڕۆژێ دادێ لە نێو ئەم كەڵەكە بەردەدا، كەوڕ و قەوزە پەیا دەبێ، قەوزەی سەوز و ناسك دایدەپۆشێ، كەسیش نازانێ كۆشكی كاتۆی لەژێر ڕاكشابوو. هەندێ گوڵەمێخەكم دی لە نێوان قەوزەدا شكۆفەی كردبوو، دیمەنەكەی وەك چەند وردە زەنگوڵەیەك وابوو، گەڵا ورد و نەرمەكانی ڕوابوون. لەوانەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان دابێ و گوڵەمێخەك لە دەوروبەری قەوزەكانی كۆشكی كاتۆدا، وەك وردە زەنگۆڵە بڕوێ. لام وایە ئەمە ئەوپەڕی جوانییە.

ڕێگە بۆ ماڵەوە هەر زۆر دوور بوو، بەڵام ڕۆیشتن ئاسان بوو. مناڵەكانم جێ هێشت تا سواری میرامیس بن، هەرە بچووكیشیان سواری پشتی جوانووەكە بوون، سەرتاپایان شاد خورەم بوون، هەندێكیان بەپیادەیی، تا گەیشتینە جەنگەڵە تاریكەكە. لەم ساتەدا شەو داهات، جەنگەڵەكە وەك جاران ڕۆشن بووبووەوە، درەختەكان داسەكنا بوون، كە میرامیس بەتوندی و بەرز حیلاندی، یەكسەر سەد ئەسپی نێو جەنگەڵە تاریكەكە بەتوندی و زۆر بەرز حیلاندیان، بەراكە ڕاك و لاق هاویشتنی سركەوە، هاتنە لامان، سمەكانیان وەك هەورەتریشقە دەیگرماند، جوانووەكەش حیلاندی و ویستی بەتوندی و وەك ئەسپە بەرزەكان بحیلێنێ، بەڵام تەنیا ئەو سووكە حیلاندنە بوو كە حیلاندی و هەر لە چرپەیەكی نەبیستراوی دەكرد، وێدەچوو سەد ئەسپەكە گوێیان لێ بوو، شادمانیش بوون كە جوانووەكە بۆیان گەڕاوەتەوە. لە دەوریدا كۆبوونەوە و لێی نزیك كەوتنەوە و لالموزیان لێ خشاند، تا بزانن بەڕاستی جوانووەكەی خۆیانە، یا نا؟ تا لەگەڵ خۆیانی بهێننەوە.

ئێستا سەد ئەسپمان لەگەڵە و پێویست ناكا پیادە ڕێ بین، هەر مناڵێ

سواری یەکێ لە ئەسپەکان بوو، تێیان تەقاند، منیش سواری میرامیس و وەك جاری جاران گۆگۆم لە پشتمەوە، چونکە نەیویست سواری ئەسپێکی تر بێ جگە لە میرامیس. کچۆڵە هەرە بچکۆلانەکەی نێوانیشمان سواری جوانووەکە بوو. بەسواری لە نێو جەنگەڵەکە دەڕۆیشتین و دیمەنی سەد ئەسپەکەش لە ژێر خەرمانەی هەیڤدا زۆر بەجوانی خۆی دەنواند. لەپڕ شتێکی سپیم دی لە نێوان درەختەکان دەبریسکێتەوە، ئەمەیان گوڵە سێوەکەی دەوروبەری زنجی ژنە تەونکەرەکە بوو. چرۆی درەختە سێوی ئەو ناوە، دەورەیان لە زنجەکە دابوو، بووبوو بەچراخانێك بۆ خۆی، لە نێو زنجەکەوە چرکە چرکێکمان بیست، میلیمانی گوتی:

– ئەمە دایکمە و تەون دەکا.

لە لای دەرگەکە، خۆی لەسەر پشتی ئەسپەکە هەڵدا و ئاماژەی بۆ کردین و گوتی:

– من بەگەڕانەوەم زۆر شادمانم، شادمانیشم بەر لە هەڵوەرینی چرۆی سێوەکان گەیشتمەوە ماڵ.

خێرا لە ڕاڕەوە تەسکەکەی نێوان درەختەکان ڕۆیشت و لە نێو زنجەکە لە چاو ون بوو. تەونەکە لە چرکە چرك وەستا بوو، ئێمەش هێشتا زۆرمان مابوو بگەینە دوورگەی بەهەشتە سەوزەکە، زۆر تاسەداری ئەو بەهەشتە ژنگارە و باوکی پادشام بووم... لە ناکاو سەد ئەسپەکە و لە سەروویانەوەش میرامیس بەرز بوونەوەو لە ئاسمانی جەنگەڵە تاریکەکەوە هەڵفڕین و بەرەو ترۆپکی شاخەکان بەرز بوونەوە و ڕێگەی دوورگەی بەهەشتە سەوزەکەیان گرتە بەر. کە گەیشتینە پردی مانگی تریفەدار، تازە بەتازە گزنگی دابوو، لە ژێر لیزگی زێڕینی خۆردا دەبریسکایەوە. کە سەد ئەسپە سپییەکە، بەخۆیان و پۆپنەی شەپۆلداریانەوە بەسەر پردەکە تێپەڕین، کابرای پاسەوان سەری سوڕما و هەر سەیری دەکردن، بەڵام ئەسپێك پارچە دارێکی ڕاکێشا و فڕێی

دایە نێو دوورگەی بەهەشتە سەوزەکە. لە خانوو زنجەکانیشەوە، حەشاماتی خەمگینی خەڵك ورووژان و بەدوای منداڵەکانیان دەگەڕان، ئەوانەی کە بەزۆری زۆردارەکی ڕفێنرابوون... لەسەر پشتی ئەسپە سپییەکانەوە بەرەو ڕوویـان بـوویـنـەوە، هـیـچ مـنـداڵـێك دوانـەکـەوتـبـوو، هـەمـوویـان لـە نـێو شایلۆغانێکا گەڕانەوە ماڵی خۆیان، ئەسپە سپییەکانیش بەردەوام لە نێو کێڵگە لە ڕاکەڕاك دابوون. تا گەیشتینە گوڵستانی باوکی پادشام. هەر هەموو منداڵەکان دابەزین و دایك و باوکیان بەهەڵەداوان بەرەو ڕوویان بوونەوە، هەر وەك چۆن سەد ئەسپە سپییەکان لەگەڵ جوانووەکە کردیان، ئەوانیش ئائەوها. نوونوو لە نێویاندا بوو، سێوێکی گرتبووە دەست، ژیری و برا و خوشکەکانی، دایکی گۆگۆم و باوکی، لەگەڵ حەشاماتێك کە من نەمدیبوون، شەکرە گریان و نەرمە پێکەنین ئاوێتەی یەك بووبوو، یەکتریان لە هەمێز ناو منداڵەکانی خۆیان تێر تێر ڕامووسی.

بەڵام باوکی پادشام لەگەڵ ئەوان نەبوو، تازە پێویستیمان بەو سەد ئەسپە نەمابوو، بەرەڵڵامان کردن تا لە مێرگەکانەوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. بینیم هەر هەموویان بەرەهایی لە نێو ئەو کێڵگانە ڕادەکەن و لەسەرڕوویانەوەیش جوانووە بچکۆلانەکە.

گۆگۆم بەسەرهاتی هەرا و هەنگامەکەی بۆ دایك و باوکی دەگێڕایەوە. کاتێ کە دەرگە چکۆلانەکەی گوڵستانەکەم کردەوە نەمبینی. کە چوومە نێو گوڵستانەکەش کەس نەیبینیم. من زۆر دڵگوشاد بووم، چونکە بەتەنیا دەچمەوە نێو گوڵستانەکە، لە ژێر سپی چنارە زیوینەکە تێپەڕیم، وەك جاری جاران کردی بەشەیپوور... چرۆی گوڵەکان، وەك جارانی خۆیان بوون، هەموو شتێ وەك خۆی مابوو.

ئـا ئـەلـێرەوە کـۆشکـی بـاوکـی پـادشـامـم بـەدی کـرد، هـەر لـەو شوێنـە وەستـابـوو، کـە مـن جـێم هـێشت و بـەسواری بـەرەو جـەنگـەڵـە تـاریکـەکـە و

کیشوەرە دوورەکە کەوتمە ڕێ. وەستابوو، خۆم خستە نێوان هەردوو دەستی و بەهەردوو دەستم لە گەردنی ئالام، تێر گوشیمییە سینەی خۆی و ئینجا گوتی:

– میۆ! جگەرگۆشەکەم

باوکی پادشام منی خۆش دەوێ، منیش ئەوم خۆش دەوێ.

بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە، زۆر بەخۆشی ڕامبوارد، لە گوڵستانەکە من و گۆگۆم و نوونوو و براکانی، ژیری و خوشك و براکانی و هەر هەموو منداڵەکانی تر، تەوەز و گەمەی خۆش خۆشمان سازاندبوو. ئەو زنجەی کە من و گۆگۆم بنیاتمان نابوو، پێمان نیشاندان، زۆر بەدڵیان بوو. سواری میرامیس بووین و چووینە گەشتوگوزار و لەسەر پردە گوڵینە پەڕینەوە و یاریمان بەپاڵتۆکەم کرد، براکەی نوونووش نەیویستەوە و گوتی:

– میۆ گیان، بەهەرحاڵ با ناواخنەکەی بۆ تۆ بێ.

لە پاشان چاوشارکێمان سازدا، لە دەرەوە پاڵتۆکەم لەبەر کرد کەس نەیبینیم، لە نێو گژوگیا و گوڵاندا ڕام دەکرد و دەمزیکاند، کەس نەیدەتوانی بمگرێ، هەر چییەکیان کرد نەیانتوانی بمگرن.

بولێڵی ئێوارە داهات و منداڵەکان گەڕانەوە ماڵی خۆیان، من پێم وایە دایك و باوکیان حەز ناکەن لە یەکەم ئێوارەی گەڕانەوەیان لە دەرەوە بمێنن. تەنیا من و گۆگۆم لە زنجەکەی خۆمان ماینەوە، تا گزیدەی بەیان گوڵستانی گرتە باوەش ئێمە هەر نایەمان دەژەنی.

گۆگۆم گوتی:

– دەبێ زۆر ئاگەمان لە نایەکەمان بێ، هەر یەکێکمان لە ئەوەی تر بزربوو، با ئاوازە دێرینەکە بژەنێ.

لەم ساتەدا باوکی پادشام هات و بەدوام دەگەڕا، بەگۆگۆمم گوت:

– گۆگۆم گیان شەوباش.

ئەمیش بەرەو ماڵ بووەوە، میرامیسیش لە پشت زنجەکە دەلەوەڕی و پێم گوت:

– شەوت باش.

ئینجا لەگەڵ باوکی پادشام، بەنێو گوڵستانەکەوە هاتین، تا گەیشتینە ماڵ، باوکی پادشام گوتی:

– کوڕم میۆ، لام وایە لەم گەشتەت، بالآت دەرکردووە و گەورەتر بووی، بۆیە دەبێ ئەمشەو نیشانەیەکی تر، لەسەر دەرگەی مۆبەق دابنێین.

لە ژێر سپی چنارەکە ڕۆیشتین، گزیدەش زۆر بەتەرچکی ئاوابوو، ئاسمانی سەر گوڵستانەکەی لە نێو دەمامکی شیندا بەجێ هێشت.

باڵندە سپییەکانیش بۆ هێلانەیان گەڕانەوە، کەچی باڵندە خەمگینەکە لەسەر چڵە پۆپی سپی چنارەکە هەڵنیشتبوو، دەیچریکاند، نەشمدەزانی چی تر دەچرێ، نەخاسمە هەموو منداڵەکان ئازاد بوون و گەڕانەوە نێو ماڵی خۆیان، لەوانەیە باڵندە خەمگینەکە بەدوای شتێ بگەڕێ تا بۆی بخوێنێ.

لە دەرەوەش شوانکارەکان ئاگری خۆیانیان داگیرساند. یەکەیەکە دەتبینین زۆر بەجوانییەوە لە ژێر تیشکی ئەو گزیدەیەدا دەدرەوشێتەوە، لە دوورەوە ئاوازە دێرینەکەیانم بیست. لەگەڵ باوکی پادشام دەست لە ناو دەس ڕێمان دەکرد و دەستمان دەشەکاند. باوکی پادشام سەیرێکی کردم و خنایەوە، منیش کە لەوپەڕی بەختیاری دابووم، سەیرێکیم کرد، باوکی پادشام گوتی:

– کوڕم میۆ!

لەمە زیاتری نەگوت، لەو گزیدەیەدا کە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە، باوکم هەڵیدایە:

– کوڕم میۆ!

زەردەپەڕ و ئینجا شەو داهات.

سەردەمانێکە و لەو ڕۆژەی گەڕاومەتەوە، ئاشتی و ئاسایش باڵی بەسەر وڵاتە دوورەکە کێشاوە، زۆر بەدەگمەن بیر لە ژیانی گەڕەکی ئەپڵاند دەکەمەوە، بەڵام تاو ناتاوێ «بینکە»م دێتەوە یاد، چونکە هەر لە گۆگۆم دەکا. هیوادارم بینکەش لە یادم نەکا، کەسیش بەقەد من، نازانی خەڵك لە یادکردن چەندێ گرانە. بەڵام بینکە دایك و باوکی هەیە، لەوانەیشە گەلێ برادەری بەوەفای وەك منی دۆزیبێتەوە. چەل ناچەل بیری پووره ئیدلا و مامە سیکستینم دەکەمەوە. ئێستا لێیان تووڕە نیم، حەزم دەکرد بزانم کە من گوم بووم ئەوان چییان دەگوت. من دەزانم ئەوان بەگومبوونی من دڵپەست نەبوون، ناشزانن من خۆم لە دەستیان ڕام کرد. لەوانەیە پووره ئیدلام وا بزانێ هەر کە هاتە باخچە گشتییەکە لەسەر کورسییەکی ئەو ناوە دەمدۆزێتەوە، یا وا بزانێ لە ژێر گڵۆپی شەقامەکە دانیشتووم و قەپ لە سێو دەگرم و یاریی بەشووشەی ڤالی بیرە دەکەم. یانەکو وا بزانێ من لە پەنجەرە ڕۆشنەکانەوە، سەیری ئەو خانووانە دەکەم کە منداڵەکانی تێدا دانیشتوون و لەگەڵ دایك و باوکیان نانی شێوان دەخۆن، پێشم وایە، چونکە دواکەوتووم و کولیچەشم لەگەڵ خۆم نەهاوردووە، زۆر لێم تووڕە بووە، بێگومان، پووره ئیدلام زۆر هەڵەیە، هەڵە. لەوێ چ بۆسێ هەیە و چ کورسییەکەی نێو باخچە گشتییەکە. چونکە ئێستا لە وڵاتە دوورەکاندا دەژی، وڵاتە دوورەکان. لە شوێنێکە کە سپی چنارە ئاوازەدارەکانی لێیە و ئاگری گڕ و شەوانی سازگار و خۆش. نانە برسییەتی شکێنەکەی لێیە. باوکی پادشامی لێیە، کە خۆشی دەوێ و ئەویش ئەمی خۆش دەوێ.

ئائەمە، بوفیلهێلم ئۆلسنە و ئێستا لەگەڵ باوکی پادشای لە وڵاتە دوورەکاندا دەژی و هەموو شتێکیش لەگەڵ میۆدا تەبا و دینج و ئاسوودەیە.

***

## لەباتی پێشەکی

دوکتۆر فازیل جاف

ئەسترید لیندگرێن (١٩٠٧– ٢٠٠٢) گەورەترین نووسەری منداڵانی سوێدە و یەکێکیشە لە نووسەرە مەزنەکانی ئەدەبی منداڵ لە هەموو جیهاندا، بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر پتر لە (٧٠) زمانی ئەم دنیایە.

لیندگرێن لە ١٤ی نۆڤەمبەری ١٩٠٧ لە کێڵگەیەکی نزیکی شارێکی بچووکی سوێد لە دایك بووە. هەر لە منداڵییەوە شەیدای چیرۆك و حیکایەت و داستان و سەرگوزشتە بوو. لە هەموو هونەرێك زیاتر حەزی لەو چیرۆکانە بوو کە پاڵەوانەکانی کچ بوون.

پاش قۆناغەکانی خوێندن لیندگرێن بۆ ستۆکهوڵم کۆچی کرد و لەوێ ژیانی خێزانی پێك هێنا. پاشان بوو بەدایکی دوو منداڵ، ئەمجا یەکەم چیرۆکی کچانەی خۆی لە ژێر ناوی «بریت ماری دڵی خۆی دەکاتەوە» لە ساڵی ١٩٤٤دا نووسی.

پاشتر لە ساڵی ١٩٤٥دا و لە جەژنی دە ساڵەی کچەکەیدا یەکەمین شاکاری خۆی «پیپی گۆرەوی درێژ» کرد بەدیاری جەژنی لە دایکبوونی. پاشان دوو چیرۆکی دیکەی هەر بەناوی «پیپییەوە» نووسی، کە لە هەرسێکیاندا کەسایەتی «پیپی» پاڵەوانی سەرەکی بوو. ئەم چیرۆکە زوو دەنگی دایەوە، یەکسەر بوو بەمایەی ناوبانگێکی جیهانی بۆ ئەسترید لیندگرێن و چەندین خەڵاتی جیهانی پێ وەرگرت «پیپی گۆرەوی درێژ» لە کولتووری سوێدیدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە و وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان، وەکو فیلم و شانۆگەری و ئۆپێرا بەردەوام پێشکێش دەکرێت.

لە هەشتاکانەوە ئەسترید لیندگرێن لە بواری بەرگریکردن لە منداڵ و لە ئاژەڵ ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت. زۆر چالاکانە لە ڕاگەیاندن، بەتایبەتی لە ڕادیۆدا بەرگری لە مافی منداڵ و ئاژەڵ دەکرد. خەڵکی سوێدی هەرگیز ئەوەیان لە بیر ناچێتەوە کە لیندگرێن چۆن دژ بەپۆلیسی سوێدی وەستایەوە، کاتێك کە پۆلیس دەیویست منداڵێکی یازدە ساڵانی پەناهەندە پاش هەشت ساڵی ژیان لە سوێد دەربکەن.

سەرەڕای چیرۆکی کورت لیندگرێن ناوبانگی بەچیرۆکی درێژی ڕۆماننووسی منداڵان و مێردمنداڵانیش دەرکردووە، ئەمەش لە هونەری چیرۆکی منداڵاندا سەختترین تەرزە. وەکو نموونەیەك «میۆ جگەرگۆشەکەم» لووتکەی چیرۆکی مێردمنداڵانە.

پاڵەوانی چیرۆکەکانی لیندگرێن منداڵ گەلێکن گیانی ئازایەتی بوێری و ڕووبەڕوو و نەوەی مەترسییەکانی ژیانیان تێدایە. چیرۆکەکانی وەکو: «پیپی گۆرەوی درێژ» و «ڕۆنیای کچی ڕێگر» و «برایانی شێردڵ» و «میۆ جگەرگۆشەکەم» گەواهی ئەم بۆچوونەن.

لیندگرێن وەستایەکی گەورەی هونەری گێڕانەوە و تەکنیکی حیکایەت چنین و داستانبێژییە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم بەیەکێك لە گەورە داستانبێژەکانی ئەدەبی منداڵان دەژمێردرێت. هێزی لە بن نەهاتووی هونەری حیکایەتگێڕانەوەی لیندگرێن لەوەدایە کە حیکایەتەکان قەت وەستانیان بۆ نییە و لە هیچ شوێنێکدا چەق نابەستن و لە داینامیکییەت و جۆش ناکەون. بەسەرهاتەکان کردار دوای کردار بەردەوام لە گۆڕاندان و بەرەو پێشەوە دەچن. ئەمە جگە لەوەی کە لیندگرێن لە هونەری گێڕانەوەدا بۆ خۆی خاوەن تەکنیکێکی تایبەتە، تەکنیکێك کە دەنگی حیکایەتخوان تێیدا هەمیشە لەگەڵ دەنگی خوێنەردایە.

حیکایەتخوان لە «میۆ» و لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا بەدەگمەن دەچنە ناو

فـەزای حـیـکـایـەتـەکـەوە، بگرە هـەر وەکو لـە شانـۆدا بـاوە، هـەمـیشە لـەگـەڵ خوێنەردایە و خۆی لە فەزای ئەودا دەبینێت. ئەم تەکنیکە لە چیرۆکی «میۆ جگەرگۆشەکەم»دا گەیشتووەتە ترۆپك. تەنانەت هەندێك جار خوێنەر وا هـەست دەکـات کـە لـیـنـدگـرێن داسـتـانـبـێژێکـە لـە ئێستـا و لـێرەدا دەژیت و بەردەوام بەرامبەری خوێنەر دانیشتووە.

هەر لە دەستپێکەوە، لە یەکەم ڕستەوە لیندگرێن ڕوویی دەممان تێ دەکات و پێمان دەڵێت:

کەس گوێبیستی ئەو هەواڵە بووە، کە... کەس گوێ لە ڕادیۆ بووە...

تـەکـنـیـکـی گـێڕانـەوە لـە فـەزای خـوێنـەرەوە، بـەهـێزتـریـن تـایـبـەتمەندی چیرۆکی «میۆ جگەرگۆشەکەم»ە. هەر بۆیە ئەم چیرۆکە لە ناو چیرۆکەکانی لیندگرێندا پایەیەکی تایبەتی هەیە و بەچەندین شێوەی هونەریی «شانۆ، سینەما، مۆسیقا» پێشکێش کراوە.

شاکارەکانی ئەسترید لیندگرێن ئەوە دەسەلمێنن کە لە بواری داهێنانی پاڵەوانی منداڵدا، چ کچ چ کوڕ داهێنەرێکی بێ هاوتایە.

کچی بوێر و نەترس. ئەوەندە بەجورئەت وەکو پیپی لە «پیپی گۆرەوی درێژ»دا، کە بەو منداڵییەی خۆی دەست لە ژیانی شار هەڵدەگرێت و لە ناو خانوویەك لە لادێیەکدا ژیان دەباتە سەر. یان وەکو ڕۆنیا لە «ڕۆنیای کچە ڕێگر»دا کە بێ باك بەناو پانتاییەکانی مەرگ و مەترسی و خێر و شەڕدا گوزەر دەکات.

(میۆ جگەرگۆشەکەم) لە ڕاستیدا وەکو لیندگرێن دەڵێ، کورتترین چیرۆکە نووسیبێتی. هەروەها دەڵێت: «خۆیشم نازانم چۆن ئەم چیرۆکەم بۆم هات.»

چیرۆکەکە لەوەوە دەست پێ دەکات. کە لیندگرێن ڕۆژێك چاوی بەکوڕێکی مـنـداڵ دەکـەوێت لـەسەر تـەخـتـێك بـەخـەمـبـاری دانیشتووە، وەکو دەڵێت: «یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو، کە دەبێت ئا لەو خانووەدا بژێت. تۆزێك بیرم

لەوە کردەوە: چی دەبێت ئەگەر ئەو ڕوحەی کە لە ناو بوتڵەکدایە دەرباز بێت و ئەم کوڕەی کە لێرە دانیشتووە لەگەڵ خۆیدا بۆ وڵاتی دوور هەڵبگرێ؟. بەڵام نەمدەویست شتێکی لەمە زیاتر بنووسم. چیرۆکەکە لە کاتی خۆیدا هەر بەم قەبارەیە لە ڕۆژنامەدا بڵاو کرایەوە. پاش چەند ساڵێك بیرم لێ کردەوە، دەبێت لە وڵاتی دووردا چی ڕوو بدات؟» وەڵامی ئەم پرسیارە، داستانی ژیانی میۆ لە هەرێمی مەرگدا بەسەرهاتێکی ئەفسانە ئاسایە کە زادەی واقیع و بەری باخچەی خەیاڵ و فەنتازیای کوڕە منداڵێکی بوێرە و ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیشە.

بەڵام لە میۆدا لیندگرێن ئەوە دەسەلمێنێت کە بەهەمان توانا دەتوانێت کوڕێکی منداڵ بکات بەپاڵەوان. لە ڕاستیدا میۆ لە ئەدەبی منداڵانی هاوچەرخدا نموونەیەکی بەرزی پاڵەوانی نێرینەیە. کوڕێکی نەبەز و بەجەرگ کە دەوێرێت دنیای واقیع بەجێ بهێڵێت و دەست لە ملی ئەفسانە بکات، منداڵێکی بێ دایك و باب ئامادەیە بەرەنگاری هەموو مەترسییەك ببێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە باوکی، کە پێی وایە ئێستا لە جیهانی ئەفسانەدا پادشایە و هەتا هەتایە نەمرە.

میۆ زۆر هەست بەتەنیایی و بێکەسی دەکات، لەپڕ پەری ناو شووشەکە دەردەپەڕێت و دەستی یارمەتی بۆ درێژ دەکات. ئەمە هەر هەمان پەری ناو ئەفسانەکانی هەزار و یەك شەوەیە، پەرییەکە هەڵی دەگرێت و گەشتێکی دوورودرێژی هەزاران هەزار ساڵە دەست پێ دەکات، تەنانەت ئەستێرانیش تێ دەپەڕێنن تا دەگەنە ئەو وڵاتە دوورەی کە بابی تێدا پادشایە. باب و کوڕ بەدیداری یەك شاد دەبن، ئەمیش گەلێك پێی سەیرە کە بابی پێی دەڵێت ناوی ڕاستەقینەی میۆیە و نۆ ساڵە چاوەڕێی دەکات.

بۆ یەکەم جار میۆ چێژ لە بابێتی وەربگرێت، نەك هەر ئەوەندە بگرە بابی پاشایە، بابیشی ئەوەندە نازی هەڵدەگرێت و خۆشەویستی دەداتێ و

دەیلاوێنێتەوە، هەرگیز لەگەڵ ڕەفتاری ئەو خێزانە بەراورد ناکرێت کە وەکو هەتیو بەخێویان دەکرد.

بەڵام میۆ تەنانەت لە جیهانی ئەفسانەیشدا ژیانی ئاسوودەیی پێ ڕەوا نابینرێت، هەر زوو شادیی دیداری لەگەڵ بابیدا دەڕەوێتەوە، چونکە ئێستا دەبێت دوای ئەو پێشبینییە بکەوێت کە بابی بۆی دەگێڕێتەوە: هەزاران ساڵە چاوەڕێی ئەم دەکرێت، کە دەبێت خۆی لەگەڵ گوم گومی هاوڕێی گیانی بەگیانی و ئەسپە بەجەرگەکەی میرامیس ساز بکات و ڕێگەی هەرێمی تاریکی بگرێتە بەر، تاکو "کاتۆ"ی دڵ ڕەق، کە دڵی لە بەرد دروست کراوە، لەناوبەرێت و ئەو منداڵانە ڕزگار بکات، کە دیلی کردوون و کردوونیەتی بەباڵندە.

میۆ چیرۆکێکە دەربارەی ئازایەتی و بوێری و تەنیایی. لە هەمان کاتیشدا چیرۆکێکە دەربارەی ئەمەك و وەفاداری بەرامبەر بەدڵڕەقی. چونکە لە بنەڕەتدا میۆ چیرۆکێکە دەربارەی کوڕێکی تەنیای بێ دایك و باب بەکۆمەڵێك خەون و ئەندێشەوە. جیهانی میۆ تەنراوە بە: خەون... مەترسی... تەنیایی... هیوا. بەرجەستەکردنی ئەم بابەتانە بەقووڵی ئەرکێکی ئاسان نییە لە چیرۆکی منداڵدا.

بۆیە لە ناو چیرۆکەکانی ليندگرێندا میۆ لە هەموویان زیاتر خوێندنەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، تەنانەت دەکرێت بڵێین کە منداڵان بەجۆرێك دەیخوێننەوە و، گەوران بەجۆرێکی دی.

بۆ منداڵان میۆ چیرۆکێکی گەلێك گەشە، چونکە بۆ پتر دەربارەی ئازایەتی و بوێری و بەرەنگاربوونەوەی مەرگ و مەترسییە.

لە کاتێکدا بۆ گەوران چیرۆکێکی خەمناکە، شاعیرییە و ناسکی و ڕۆمانسییەتی چیرۆکەکە دەگەیەنی. لەوەش قووڵترە کە تەنیا وەکو چیرۆکێکی منداڵان تەماشا بکرێت، گەورە دەتوانێت بەئاسانی پەی پێ

بەرێ.

لە «پیپی گۆرەوی درێژ»دا لیندگرێن وێنەی کچێکی ئازاو بەجەرگ دەکێشێت کە بەتاقی تەنیا لەگەڵ ئەسپێك و مەیموونێك لە لادێیەکدا دەژێت، پیپی کە جلوبەرگێکی سەیری لەبەردایە و دوو پەلکی سەیری هەیە، خاوەنی هێزێکی بێ ئەندازە و سامانێکی زۆرە دەتوانێت ژیان بەئازادی و سەرفرازی بەسەر بەرێت، بەو شێوەیەی کە هەموو منداڵێك خەونی پێوە دەبینێت.

تۆ بڵێی شێوازی ژیانی پیپی کە دەیەوێت لە لادێیەکی دوور لە شار ژیان بەریتە سەر، تاسەی لیندگرێن نەبێت بۆ ژیانی منداڵیی خۆی کە لە لادێ دەژیا؟

کەسایەتی میۆیش هەر وەکو (پیپی گۆرەوی درێژ) لووتکەیەکی دیکەی داهێنانی لیندگرێن و، ڕەخنەگرانی سوێدی بەشاکاری لە قەڵەم دەدەن، شاکارێك نەك تەنیا لە ناو ئەدەبی منداڵ و گەنجاندا، بگرە شاکارێکی ئەدەبییە بەشێوەیەکی گشتی.

## ئاماژە

* پـار... لـە یـادی هـەشتـا ساڵـەی تـەمـەنـی پـڕ لـە بـەخششیدا، وەك ژنـە نووسەرێکی بلیمەتی ئەدەبیاتی منداڵان گەورەترین نەخۆشخانەیەك لە ستۆکهۆڵمی سوێد بەناوی ئەوەوە ناوزەد کرا.

* ئـەم ئـافـرەتـە بـلـیـمـەتـە، هـەرچـەنـدە لـە تـەمـەنـی (٤٥) ساڵیدا خـامـەی هـەڵگـرتـووە و دەستـی بـەنـووسین کـردووە، بـەڵام ئێستـە لـە سەرلـەبـەری جیهاندا، لە دوای ئۆگست سترنبێرگ، ناودارترین نووسەری سوێدە و بەرهەمەکانیشی تەرجەمەی هەر هەموو زمانە زیندووەکانی مرۆڤایەتی کراوە.

* ئیسترید لیندگرێن، سەرەڕای نووسینی داستانی بچووك و ساکار و جوانی منداڵانەیشی، داستان و ڕۆمانی درێژیشی بۆ منداڵان و مێردمنداڵان نووسیوە، لەوانەیش «میۆ- برایانی شێردڵ- ڕۆنیا».

* سوێدییەکان، زۆر گلەیی لەوە دەکەن کە بۆ خەڵاتی نۆبڵ بەم خامە مێینەیە نادرێ. چونکە ئەو خەڵاتە نادرێ بەو کەسانە کە بۆ منداڵان و دنیای منداڵان دەنووسن... سەیرە... بەڕاستی سەیر.

* بەرهەمەکانی لیندگرێن، ڕۆڵێکی گەورە و لە بەرچاویان لە پێکهاتەی مـێشکـی مـنـداڵانـی سوێد و بـونـیـادی ئـەنـدێشە و خـەون و لایـەنـە ئیستێتیکایی و پەروەردەییدا هەیە، کەچی لە ڕۆمانە ناودارەکانی و ئەو کـارەکتـەرە ڕەند و زیندووانـەی ئـەو خـوڵقـاندوونـی، هـەمـیشە مـنداڵانـی سەرتـاسەری جـیـهـان، تـا ڕادەیـەکـی بـەرز، بـە هـاوخـەون و هـاودەم و هـاوجیهانی خۆیانی دەزانن...

م. ز

١٩٩٥

## سەرنج

تەرجەمەی ئەم دەقە، لە دەقی دەسنووسێکی تەرجەمەکراوی عەرەبی، هونەرمەندی لێهاتوو دکتۆر فازیل جاف، کاری لەسەر کراوە.

هەولێر – ١٩٩٥

* وێنەی بەرگ و ناوەوە، بەپەرەمووچی کچە هونەرمەندی ڕووسAnja Skorkoیە.